مايكلّ فريدێن

# دەروازەيەك
# بۆ
# ئايدۆلۆژيا

# دەروازەیەك
# بۆ
# ئایدۆلۆژیا

**مایکڵ فریدێن**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی**

**کارزان کاوسێن**

MUKIRYANI

٢٠١٢

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **دەروازەیەك بۆ ئایدۆلۆژیا**
- **نووسینی:** مایکل فریدێن
- **وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** کارزان کاوسێن
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ: جێگر عەبدولجەبار**
- **نرخ:** ٣٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٢
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانەی: چاپخانەی هێڤی (هەولێر)**
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦٠١) ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٥٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# ناوەڕۆك

**بەشی یەکەم:** دەبێت ئایدۆلۆژیاکان بەدناو بن؟ .......... ٧
**بەشی دووەم:** زاڵبوون بەسەر وەهمەکاندا: .................... ٢٣
**بەشی سێیەم:** ئایدۆلۆژیا لە دووڕیانی تیۆرەدا .................... ٤٩
**بەشی چوارەم:** ململانێ لەسەر زمانی سیاسی .................... ٦٧
**بەشی پێنجەم:** بیرکردنەوە لە سیاسەت: .................... ٩٧
**بەشی شەشەم:** پێکدادانی زەبەلاحەکان: ئایدۆلۆژیا گەورەکان .................... ١٠٩
**بەشی حەوتەم:** ئایدۆلۆژیا بچوکەکان: بڕگە و یەکەکان.................... ١٢٩
**بەشی هەشتەم:** واقیعە گوتارییەکان و واقیعە شێواوەکان.................... ١٤١
**بەشی نۆیەم:** ئەنگێزە و کاردانەوەکان: بینین و هەستکردن بە ئایدۆلۆژیا.......... ١٥٥
**بەشی دەیەم:** دەرەنجام: بۆچی سیاسەت بەبێ ئایدۆلۆژیا.................... ١٦٥
**سەرچاوەکان:**.................... ١٧٥

# بەشی یەکەم

## دەبێت ئایدۆلۆژیاکان بەدناو بن؟


ئایدۆلۆژیا وشەیەکە دژکردەوەی توندی لێدەکەوێتەوە. پاش ئەوەی لە بۆنەیەکدا، وتارێکم لەبارەی بەربڵاویی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان پێشکەش کرد، پیاوێك لە پشتەوەی ئامادەبووانەوە هەستایە سەر پێ و بە شێوازێکی زبر و شکێنەرانە وتی: "بەڕێز، مەبەستت ئەوەیە من کەسێکی ئایدۆلۆژیم؟" کاتێك خەڵکی وشەی "ئایدۆلۆژیا" دەبیستن، زۆرجار گرێی دەدەنەوە بە "یزم"ەکان، وەکو کۆمەنیزم، فاشیزم یان ئانارشیزم. هەموو ئەو وشانە ئاماژەن بە ئایدۆلۆژیا، بەڵام پێویستە لێرەدا تێبینییەك بۆ وریاکردنەوە بخرێتەڕوو. "یزم" زاراوەیەکی تا رادەیەك ئاشنا و کەمێك زبرە، تەنانەت لە ئەمریکا "لیبراڵیزم"یش بەو بۆیاخە رەنگ دەکرێت. ئەمە پێمان دەڵێت کە رستێك ئایدیای ساختەی بونیادگرتوو هەیە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژیانی رۆژانە لابراون، لەلایەن ئەو هێزانەی دەسەڵات بەدەستن لە ئێستا و داهاتوودا. ئەوان دەیانەوێ جیهانی سیاسەت کۆنترۆڵ بکەن و بمانخەنە ژێر باری رێبازێکی بیرکردنەوە و رەفتاری چەقبەستوو. بەڵام هەموو "یزم"ێك ئایدۆلۆژیا نیە (ئۆپتیمیزم "گەشبینی"، قسەی ژیرانە "ویتیسیزم"). هەموو ئایدۆلۆژیایەکیش بەنابەدڵی لە بەرزاییەکەوە فڕێ نادرێتە ناو کۆمەڵگەیەك، کە بەم هۆیەوە بیروباوەڕە واقعییەکانی تێکبشکێت و وەکو چەکێکیش لەدژی باوەڕنەهێنەرەکان

بەکارناهێنرێت. ئەو وەڵامەی کە لەم کتێبە بچوکەدا دەیخەمەڕوو بۆ پیاوە شلەژاوەکەی پشتەوە، ئەوەیە کە لەلایەن (مۆلێر) لە زاری (ئێم. جۆردان)ەوە دەربڕدراوە: "لە خۆشی خۆیدا پێی وابووە بە درێژایی ژیانی هەر بە پەخشان قسەی کردووە". بەئاگابین یان نا، ئێمە بە درێژایی ژیانمان ئایدۆلۆژیا بەرهەم دەهێنین، بڵاو یدەکەینەوە و وەردەگرین. کەواتە بەڵێ، ئێمە لەوەدا ئایدۆلۆژین، کە تێگەیشتنی خۆمانمان هەیە لەو ژینگە سیاسییەی بەشێکین لێی و دید و بۆچوونمان لەبارەی خاڵە بەهێز و خاڵە لاوازەکانی هەیە.

خۆت وا بێنە بەرچاو، کە بەسەر شۆستەی شارێکدا دەڕۆیت. هەر کە لە سووچەکەوە پێچت کردەوە، خۆت لەبەردەم گروپێکی گەورەی خەڵکدا دەبینیتەوە، کە بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە دەردەکەون، چەند لافیتەیەکیان بەرز کردووەتەوە و هوتاف دەکێشن. ئەم گروپە لەلایەن کەسانێکی یەکپۆشەوە دەورە دراون، کە دەیانەوێ جڵەوی بزووتنەوەکە بگرنەدەست. کەسێك لە مایکرۆفۆنەکەوە دەدوێت و جەماوەر دەیکاتە چەپڵەڕێزان و فیکە لێدان. کاردانەوەی دەستبەجێی تۆ ئەوەیە، کە لە بارودۆخەکە تێ بگەیت. ئاخۆ رابکەیت یان بچیتە پاڵیان، یان هەر بارودۆخەکە فەرامۆش بکەیت؟ کێشەکە لە لێکدانەوەدایە.ئەوەی باشە، هەر یەکێك لە ئێمە ئاگایانە بێت یاخود نا، نەخشەیەکی هەیە بۆ دیاریکردن و چاودێریکردن و لێکدانەوەکەی. ئەگەر تۆ ئەنارشیستێك بیت، لەوانەیە نەخشەکە بڵێت : " ئەمەیە دەربڕینێکی خۆڕسکی ئیرادەی گەل، بۆ نموونە: هەنگاوێکی راستەوخۆ بگرینە بەر بۆ سەندنەوەی کۆنترۆڵی سیاسی لەو نوخبانەی سەرکوتکەر و دیکتاتۆرن. پێویستە دەسەڵات بە دەستی گەلەوە بێت. حکومەتەکان لە بەرژەوەندی خۆیان دەجووڵێنەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئیرادەی خەڵکە". ئەگەر تۆ موحافیزکارێك بیت، لەوانەیە نەخشەکە بڵێت: "ئا ئەم رووداوە مەترسی بەدواوەیە. کۆمەڵە خەڵکێك بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە رێگەی پرۆسەی سیاسیەوە نەیانتووانیووە بەدەستی بهێنن یان ناتوانن، خەریکە توندوتیژی بنێنەوە. پێویستە ئەم رەفتارە ناڕەوا

و نایاسابیه له ڕێگەی هێزی پۆلیسەوە سنووری بۆ دابنرێت. پێویستە بڵاوەیان پێ بکرێت و ئەگەر شەڕانگێزانە بێت، دەستبەسەر بکرێن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت". ئەگەر تۆ لیبراڵێك بیت، ئەوا رەنگە نەخشەکە بڵێت: " ئافەرین! دەبێ شانازی بەخۆمانەوە بکەین. ئەمە شرۆڤەیەکی تەواوی سروشتی فرەیی و کراوەی کۆمەڵگەیە. ئێمە گرنگیی ئۆپۆزسیۆن بەرز دەنرخێنین. له راستیدا ئێمە له ڕێگەی نموونەکانی رای ئازاد و شێوازی سەربەستانەی وەکو ئەو خۆپیشاندانەی که دەیبینین، هانی ئۆپۆزسیۆنبوون ئەدەین".

ئایدۆلۆژیاکان، هەروەکو دواتر بۆمان دەردەکەوێت، نەخشەی جیهانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەکێشن. ئێمە بەبێ ئایدۆلۆژیاکان ناتوانین هەنگاو بنێین، چونکه بەبێ تێگەیشتن لەو جیهانەی که تیایدا نیشتەجێین ناتوانین هیچ بکەین. با ئەوەش بڵێین که که تێگەیشتن هەمیشە بە واتای تێگەیشتنی باش یان دروست نایەت. زۆر جار ئایدۆلۆژیاکان شتی واقعیی زۆریان تێدایە. بە هیچ رادەیەك، حەقیقەتە سیاسییەکان لەبری خۆیان نادوێن. ئێمە له ڕێگەی ئایدۆلۆژیا جیاجیاکانمانەوە، ئەو حەقیقەتانە بەشێوەی هەمەڕەنگ و جۆراو جۆر لێکدەدەینەوە. هەر لێکدانەوەیەك، هەر ئایدۆلۆژیایەك، نموونەیەکە له سەپاندنی ڕێسایەك، فۆرمی بونیادێك یان ڕێکخراوێك، لەبارەی ئەمەی که چۆن حەقیقەتە سیاسییەکان، رووداوەکان، کردارەکان، دەخوێنینەوە (یان بە هەڵە دەخوێنینەوە) و لەبارەی ئەمەی که چۆن وێنەکان دەبینین و دەنگەکان دەبیستین. نەخشە ئایدۆلۆژییەکان نوێنەری واقعێکی بابەتی یان دەرەکی نین. ئەو ڕێسایانەی که ئێمە دەیانسەپێنین، یان لەوانیترەوە دەیانگرینەبەر، پێویست ناکات ئاڵۆز بن، بەڵام بەبێ ڕێسایەك دەستەوستان و بێ ئاگا دەبین و له هەمانکات دەبینە ئامانجی زانیارییە بە رواڵەت هەڕەمەکییەکان.




"پیرۆزە! ئەوەی تۆی گەیاندە ئێرە پابەند نەبوونت بوو بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکەوە"

## ١-     پاداشت یان قسەی ناکۆك؟

کەواتە بۆچی ئەو هەموو گومان و بێ متمانەییە لە بەرانبەر ئایدۆلۆژیادا هەیە؟ بۆچی وەها دادەنرێت کە لانی کەم کاریکاتۆری شەڕهەلایستێنن، ئەگەر ڕێگری فیکری نەیەتەپێش، کە پێویستە پووچەڵ بکرێنەوە و هەڵبوەشێنرێنەوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە بەرانبەر شتنەوەی مێشك و بینینی خەوی درۆیینە؟ لە زمانی سیاسیدا بە دەگمەن وشەیەك هەبووە کە ئەوەندەی ئایدۆلۆژیا چەوت و خراپ لێکدرابێتەوە و لێشاوی ڕەخنەی ڕووبەڕوو بووبێتەوە. پێویستە ئێمە هەندێ خەوش لابەین بۆئەوەی، بەپێچەوانەوە، بزانین کە وشەگەلێکی کەم هەن، کە ئاماژە بەو تایبەتمەندییە گرنگ و جەوهەرییەی ژیانی سیاسی بکەن.

لە باسکردنی ئایدۆلۆژیاکاندا، ئەم کتێبە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان دەکات و بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئایدۆلۆژیاکان ئامرازی سیاسین. کاتێك ئایدۆلۆژیاکان بە واتای تر بەکاردەهێنرێن- وەکو ئایدۆلۆژیای ئیمپرێسیۆنیستەکان یان جەین ئۆستن- ئەوا وشەکە خوازراوە یان گشتێنراوە بۆ پیشاندانی چەمکێکی تەمومژاویتری ئەو بیرۆکە کەلتوورییانەی کە ڕێنوێنیی بوارەکە دەکەن یان جێبەجێکەرەکەی ئاراستە دەکەن. کێشەیەکی "ئایدۆلۆژیا" ئەوەیە کە زۆرێك لە بەکارهێنەرانی پرینگاونەتەوە لەوەی، کە واتایەکی ڕوون و بەکەڵك و وردی پێ ببەخشن.



جۆناه زان.سندوقی کامێرا ئۆبسکیورا، 1685

## ٢- کامێرا ئۆبسکیورا

یەکەم داهێنەری زاراوەی "ئایدۆلۆژیا"، (ئەنتوان دێستەت دو ترەیسی) کە لە بارودۆخی پاش شۆڕشی فەرەنسادا دەینووسی، ئەنتوان مەبەستی بوو، کە لقێکی توێژینەوەی گونجاوی پەیوەندیدار بە ئایدیاکان بهێنێتە کایەوە. دەیویست ئایدیالی فیکر و کردار لەسەر بنەمایەك دابڕێژێت کە لە سۆنگەی ئەزموونییەوە شیاوی پشتڕاستکردنەوە بن، هەر لەم سەرچاوەیەشەوە رەخنەگرتن لە ئایدیاکان و زانستی ئایدیاکان گەشەی کرد. ئەم پرۆژەیە زۆر لە بزووتنەوەی پۆزەتیڤی سەدەی نۆزدەی فەرەنساوە نزیك بوو کە شیمانەی توێژینەوەی کۆمەڵگەی بە ئامرازە تایبەتمەندەکانی زانستی سروشتی لەخۆگرتبوو. سەردەمی پۆست-پۆزەتیڤی ئێمە ڕێگەنادات مەودای بیر و وێنای مرۆیی ئەو وردی و نەگۆڕییەی پێ بدرێ کە رێکخەرانی پێشووی زانیاری پێشبینییان کردبوو، کە هەریەکە لەمانەش پێویستە بە هەند وەربگێردرێ. نیازەکانی دێستەت دو ترەیسی پیشاندەری ئەو پێویستییەیە کە توێژەرانی هەنووکەیی دەیبینن بۆ لاکردنەوەیەکی پرۆفێشنال و خۆتەرخانکردووانە بۆ توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا. کەواتە، بە ڕێزگرتن لە سەرچاوەی وشەکە و دانان بەو ئەرکەی کە لە بەردەمدایە، ئێمە یەکەمجار دەپرژێینە سەر یەکەم داڕێژەرکانی و کاریگەریی ئێستای بەرهەمەکە.ئەوانیش کارل مارکس، فریدریش ئەنگلزن، کە هەریەکەیان ئاراستەیەکی زۆر جیاوازیان گرتبووە بەر.

## زاڵبوونی مارکسیستی

لە (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)دا، مارکس و ئەنگلز کاردانەوەیان لە بەرانبەر ئەو مۆدێلە کەلتووری و فەلسەفییە ئەڵمانییە باڵادەستە پیشاندا، کە ئەزموونیان کردبوو. ئەوان بڕوایان وابوو کە سروشتی رۆحی و رۆمانتیکیی فیکری ئایدیالێستی ئەڵمانی بارگاوییە بە چەمکە هەڵەکان. یەکێك لەو چەمکانە، بوونی سەربەخۆ رایەڵ دەکاتەوە بە ئایدیاکان و فیکر و ئاگایی، هەڵەکە لێرەوەیە کاتێك هەوڵ دەدرێت فیکری وەهمی بە فیکری راست ئاڵوگۆڕ بکرێت. بەڵام بە بۆچوونی مارکس و ئەنگلز،

لەم کردارەدا فەیلەسوفانی ئەڵمانی تەنیا رووبەڕووی دەستەواژەکان بوونەتەوە نەك ئەوەی کە بپرژێنە سەر ئەو زاراوانەی هی جیهانی واقعین. لەم رووەوە، فەلسەفە واقیعی شاردووەتەوە و ئەو فۆرمەی گرتووەتەبەر کە مارکس و ئەنگلز بە ئایدۆلۆژیا ناوی دەبەن. ئەوان جەختیان لەوە کردەوە کە "لە ئایدۆلۆژیادا پیاوان و بارودۆخیان، وەکو لە کامێرا ئۆبسکیورا دا، سەرەو ژێر دەردەکەون". بەم بەراوردکردنە مەبەستیان ئەوە بوو، کە ئایدۆلۆژیا وێنەیەکی هەڵگەڕاوەی جیهانی کەرەستەییە و جیهانی کەرەستەیی خۆی بەهۆی ئەوەی لە سایەی سەرمایەداریدا دەکەوێتەبەر لەمرۆڤداماڵینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر دەشێوێنرێت. رۆڵی ئایدۆلۆژیا هێورکردنەوەی هاودژییەکانە بەوەی کە بە پێویست، ئاسایی و هاوکوف دەربکەون. بەم شێوازە دەشێت یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکرێت و هان بدرێت. ئایدۆلۆژیا ئاراستەکردنەوەیەکی جیهانی کەرەستەیی بوو، لە هەموو رووپۆشەکانیدا وەکو ئەخلاق، ئایین و میتافیزیك. سەرەڕای ئەمەش، ئایدۆلۆژیا لەلایەن ئەوانەوە بڵاوکرایەوە کە پسپۆڕ بوون لە چالاکیی ئاراستەکردنی ئەقڵیدا. لە جیهانی واقیعدا، خستنەڕووی رێگای "رزگاربوون" لەلایەن قەشەکانەوە، نموونەیەکی زووی "ئازادبوون" بوو. دەشێت ئەم بڵاوکردنەوەیە کردارێکی ئەنقەستی رکێفکردن بێت، بەڵام دەشێت بە تایبەت بەلای ئەنگلزەوە پرۆسەیەکی نائاگایانە یان خۆفریودەرانە بێت. ئایدۆلۆژیا جاڕدانی کاریگەرییە پەتائاساکانی دابەشکردنی کار بوو. لەم حاڵەتەدا، دابەشکردنی کار بووەهۆی ئەوەی، کە فیکری مرۆیی لە جیهانی کەرەستەیی دابماڵرێت و لەبری ئەمە فەلسەفە، یان ئێتیك، یان تیۆرەیەکی بێگەرد بەرهەم بێت.

مارکس و ئەنگلز رەهەندێکی تریان خستەسەر ئەم دیدەی ئایدۆلۆژیا، کە کاریگەرییەکی گەورەی لێ پەیدا دەبوو. ئەوان بە جەختکردنەوە لەوەی کە ئایدیاکانی چینی باڵادەست بریتین لە ئایدیا زاڵەکان، ئایدۆلۆژیا و چینەکانیان پەیوەست کردەوە بە یەکتری. وەهمە ئایدۆلۆژییەکان ئامرازێکن لە دەستی فەرمانڕەوایاندا لە رێگەی دەوڵەتەوە و بۆ مومارەسەی کۆنترۆڵ و جڵەوکردن و تەنانەت بۆ "دروستکردنی

مێژوو" لە بەرژەوەندیی خۆیاندا، بەکاردەهێنرێن. سەرەڕای ئەمەش، لە بێژنگدانی بەرژەوەندییەکان لە ڕێگەی سندوقێکەوە، (ئایدۆلۆژیا) ڕێگەی بەو بەرژەوەندییانە و بە بە خودی ئایدۆلۆژیا دا، وەها دەربکەون کە بانگەشەی حەقیقەتن و خاوەنی شەرعیەتی ئەقڵانیی جیهانین. ئەم شێوە دەرکەوتنە یارمەتی هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای دا لە ساغکردنەوەی ئەفسانەی کۆمەڵێکی سیاسیی یەکگرتوو لە ڕێگەی یاسا وەهمییەکان، هەروەها ئاراستەی کەلتووری و "نمایشی زارەکی" واتە: دەسەڵات بەسەر زماندا.

ئەوانەی دەستیان گرت بەسەر ڕەفتار و بیری مرۆڤ، چینی پرۆلیتار و هەژاریان ڕازی کرد، کە ئایدۆلۆژیای زاڵی بورجوازی بەهی خۆیان بزانن. لەڕاستیدا کرێکاری بەکاربراو باوەڕی وابوو کە بیرۆکەیەکی باشە، کە سەر لە بەیانی لە خەو هەڵسێت و ١٤ سەعات لە کارگەی خاوەنکارەکەیدا لە بەرانبەر بڕەپارەیەکی کەمدا کار بکات، چونکە ئەو دیدە ئایدۆلۆژییەی کردبووە بەشێك لە بیروباوەڕی خۆی. تێگەیشتنەکەش بەمجۆرە بوو، کە ئەم کارە نامرۆییە بەشێکی حەتمی سیستەمی پیشەسازییە، کردارێکی ئازادانەیە لەلایەن ئەوەوە، بازاڕەکانیش دەرفەتی یەکسانی بە هەمووان داوە و بەدەستهێنانی پێداویستییەکان لە ڕێگەی بەکرێدانی کار بەوانیتر گرنگە بۆ شکۆمەندییەکەیان. لەم ڕووەوە ئایدۆلۆژیا تەرکیزی خستەسەر ڕواڵەتە دەرەکییەکان نەك تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئەوەی کە جەوهەرییە. لە ڕێگەی تەردەستییەکی ئایدۆلۆژییەوە و لە ڕێگەی سەرگەرمکردن (بەخشینی دۆخێکی پیرۆز و سەرسامکەر) بە کاڵاکان و ئەو بازاڕەی کاڵاکانی تێدا دەفرۆشرا، بۆ نموونە: خەڵکی کەوتە پەرستنی پارە لەبری ڕێزگرتن لەو پرۆسە بەرهەمهێنەرە ڕاستەقینانەی سامانیان دەهێنایەکایەوە. لێرەدا ئارەزوویەکی تایبەت بۆ (سەرمایە) دیارە. مارکس سەرنجی خستەسەر ئەو ڕێوشوێنە کاپیتالیستییەی ئایدۆلۆژیا لێیەوە سەرچاوەی گرتبوو نەك لە ئایدیا شێوێنراوەکانی فەیلەسوفان و ئایدۆلۆژیستەکان.ئەم کارەی مارکس بە شێوەیەکی ئاسایی و ئەرکێکی گەورەوە بە مارکسیزم ناسرا، بۆ پەردەلادان و

ڕۆشنکردنەوەی سروشتی شاراوەی ئایدۆلۆژیا و ئاشکرابوونی هەستیاری ئایدۆلۆژیا، ویستی ساختەی برەوپێدەرانی دەرکەوت. هەروەها لەبری ئەمە رستێك ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتیی پەسەند جێگیر بوو کە دابینکەری بناغەی ئەزموونیی ئاگایی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەیە.

ئێمە دەتوانین زیاتر وێنەیەکی ڕازیکەری ئایدۆلۆژیا لە ڕێبازی مارکسیستییەوە ببینین، هەرچەند ئایدۆلۆژیا بەرهەمی ژمارەیەك هۆکاری بنچینەیی ناتەندروست،بوو. یەکێك لەو هۆکارانە بریتی بوو لە پێویستیی شرۆڤەیەکی جیهانی دەوروبەرمان. دووەمیان حەزی هەندێ لە تاکەکان و گروپەکان بوو بۆ دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی ئەوانیتر. سێیەمیان، ئارەزوویەکی گەشەکردوو بوو بۆ وردبوونەوە لە چالاکیی مرۆیی بۆ چەند بەشێك، دابەشکردنی کار و لە یەکتر دوورخستنەوەی بیر و کردار. ئایدۆلۆژیا هەموو ئەمانەی تۆکمە کرد و کۆمەڵگاکانی لە حاڵەتێکی نەزانی و ئازاردا هێشتەوە. لەوانەیە کەسانێك بەشێوەیەکی ئاسان بگەنە ئەو ئەنجامەی، کە مارکسیزم هێزێکی بەرچاوی بەخشی بە ئایدیاکان و لێرەشەوە ئەو ئایدیایانە لە فۆرمی ئایدۆلۆژیادا دەرکەوتن. بەڵام بەلای مارکسەوە، هێزێکی چڕکراوەی وەها هەڵە بوو، چونکە ئەگەری ئازادبوونی مرۆڤی بەربەست دەکرد. لە نووسینەکانی خودی مارکسدا، هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە شێوازێکی ئاڵۆزتردا بەرجەستە دەبن و بە شێوەیەکی فراوان و یەك لەدوای یەك کاریگەرییە ئایدۆلۆژییەکەیان دووبارە دەبێتەوە.

بەر لەوەی نۆرە بگرین بۆ ستایش یان سەرزەنشتکردنی تیۆرەی ئایدۆلۆژیای مارکسیستی، پێویستە پرسیار لە خۆمان بکەین: ئەو مشتومڕانە چی لەخۆ گرتووە، بۆ بۆئەوەی واتایەکی هەبێت؟ یەکەم، ئەمانە پشت ئەستوورن بە جیاوازیی گرنگی نێوان ئاگایی ڕاستەقینە و باوەڕە شێوێنراوەکان یان هەڵەکان. بۆئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەین کە تێگەیشتنمان لە جیهانی (سیاسی) لەسەر وەهم بونیاد نراوە، پێویستە دڵنیا بین لەوەی کە زانیاریی ناوەهمی شیاوی بەدەستهێنانە. مارکس باوەڕی

وابوو، کە هەر کە شێواندن لابرا، راستی دەردەکەوێت. بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندییە کەرەستەیی و مرۆییە راستەقینەکان، هەم دۆخێکی بنچینەیی بوون کە بەهۆی شێواندنی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی تەمومژاوی کران و هەم بەرهەمی چاوەڕوانکراوی زانستیی کۆمەلاّیەتیبوون . توانینی دۆزینەوەی سەرەنجامی راستی (بە دڵنیاییەوە لە رێگەی مەزەندە و ئاشکرا کردنەوە نەدۆزرایەوە، شتێك کە مارکس باوەڕی پێی نەبوو) گریمانەیەکی دانوستان لەسەر نەکراو بوو. رێك لەبەر ئەم هۆکارە، هەروەکو بۆمان دەردەکەوێت، رەخنەگرانی مارکس، خودی ئەم بانگەشە بنەڕەتییەیان بە باوەڕێکی ئایدۆلۆژی دایە قەڵەم و لێرەوە مارکسیان قەرزار کردەوە. بەڵام لەوانەیە بوونی راستییە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیە روون نەبێ کە دیارە. لەوانەیە زانیارییەکی بەڵگەئامێز، روون و ئاشکرا دیار بێت "من دەڕوانمە گروپێکی خەڵك کە بۆ پرۆتێستۆیەك گردبوونەتەوە"، بەڵام هەروەکو تێبینیمان کردووە، ئەوەی کە سەرەنجام لەبارەی ئەو گروپەوە دەیزانین جیاواز دەبێت بەپێی ئەو نەخشە تەفسیرییەی بەکاری دەهێنین. رستەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت: "با بەپێی خاڵە بەهێزەکانی، حوکم لەسەر حاڵەتەکە بدەین". بەڵام حاڵەتەکان دەوڵەمەند نین بە خاڵە بەهێزەکان، تا بەلامانەوە روون بن. ئێمە هاوشانی ئەو بیروباوەڕ و بەهایانەی هەنووکە دەچینە پاڵیان، خاڵە بەهێزەکان بەسەر حاڵەتەکەدا دەسەپێنین.

دووەم، دەرەنجامیش، ئەو مشتومڕانە پشت ئەستوورن بە سروشتی کورتخایەنی ئایدۆلۆژیاوە. ئەگەر ئایدۆلۆژیا شێواندنێك بێت، ئەوا ئەو کاتەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە راستەقینەکان (هاتنەوە)کایەوە، ئایدۆلۆژیا بزر دەبێت. ئەگەر ئایدۆلۆژیا بەرهەمی دابەشکردنێکی ناسروشتی نێوان کەرەستەیی و رۆحی بێت، ئەو کاتەی رەگ و ریشە کەرەستەییەکانی بوارە رۆحییەکە ناسرایەوە، دیسان بزر دەبێت. ئەگەر زەمینەخۆشکەری پەیوەندیی دەسەڵاتیش بێت لە نێوان چینە فەرمانڕەوا و چینە فەرمانڕەواییکراوەکاندا، ئەوا ئەو کاتەی کە ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵات وەرچەرخان بۆ دۆخێکی دیموکراتیکی یەکسانی و هاوبەشی کۆمەڵایەتی،هەمدیسان

بزر دەبێت. کەواتە ئایدۆلۆژیا شتێکی پێویست نیە، بەرهەمێکی نابەجێی بارودۆخە مێژوویییەکانە و کە ئەو بارودۆخانە باش بوون، دەپوکێتەوە.

سێیەم، چەمکی مارکسیی ئایدۆلۆژیا سوودی گەیاندووە بە تێگەیشتنی یەکگرتووی ئایدۆلۆژیا. ئەگەر لە راستیدا ئایدۆلۆژیا تەمێکی نەگبەت بێت کە واقیع دادەپۆشێت، ئەوا چەندەی خێراتر لێی دەرباز بین باشترە.

بە شێوەیەکی دیاریکراو، پێویستە بزانین جیاوازینەکردنیش لە نێوان جۆرە جیاجیاکانی ئایدۆلۆژیا، کێشە نییە. بەلای زۆرێك لە مارکسیستەکانەوە، هەرچەندە هەموویان نا، هەروەکو دوایی تێبینی دەکەین، ئایدۆلۆژیا بەشێکە لە "سوپەربونیاد"ێك کە بەهایەکی خۆیی نییە. سەرەنجام، بۆچوونیان لەبارەی ئایدۆلۆژیاوە هەموو ئارەزوومەندییەکیان بۆ سروشت و وەرگۆڕانەکانی تەمە داپۆشەرەکە رەواندووەتەوە. باوەڕە پەیامبەرئاساکەی مارکس لەمەڕ ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی نەشێوێنراوی سۆسیالیستی باڵادەست هەبێت، بەو مانایە بوو، کە کەم و کوڕییە هەنووکەییەکان شیاوی ئیدانەکردنن، نەك شیکردنەوە. ئەمەش وەك ئەوەیە، کە خوێندکارێکی پەیمانگا سیاسییەکان بڕیاری دابێت توێژینەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بەفیڕۆدانی کاتە، چونکە گفتوگۆکانی، رێوشوێنێکی سیاسی نزم پیشان دەدات: رەفتارێکی رەق، شەڕانگێزییەکی کێبڕکێکارانە، نالێهاتوویی بەرچاو و ئامادەکارییەکی دانیشتنی پوچ. لەبری هەموو ئەمانەش، توێژەرەکە رایدەگەیەنێت کە، با هەوڵە فیکرییەکانمان تەرخان بکەین بۆ پێشبینیکردنی ئەنجومەنێکی یاسادانانی کارا کە بۆ هەمیشە تۆکمەبێت و بەرگری لێبکرێ.

بۆئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەین کە رێوشوێنە سیاسییەکان یان ئایدیاکان شێوێندراون، دەبێ دڵنیا بین لەوەی کە فۆرمی نەشێواو دەگرنەخۆ. بەڵام ئەگەر دڵنیا بین لە بەربڵاویی ئەو شێواندنانە، دەشێت خوێندکارێکی زانستی سیاسەت بە قەناعەت پێهێنانەوە بڵێت  ئەمانە دیاردەی کۆمەڵایەتیی سەرنجڕاکێشن و پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە، ئەگەر بڕیار وایە لە سروشتی سیاسی ئەو

کۆمەڵگایانەی کە بوونیان هەیە، تێبگەین. هەر کە خۆمان هاویشتە ناو تەمەکە، ناو ماددەی ئایدۆلۆژیاکە، هەم خاڵی هاوبەش و هەم جیاواز بەدی دەکەین: جیهانێکی ئاڵۆز و دەوڵەمەند کە چاوەڕوانی دۆزینەوە و پەی پێبردن دەکات. بە کورتی، ژمارەیەکی زۆری ئایدۆلۆژیا کۆنکریتییەکان لە ناو وتەزای ئەبستراکتی "ئایدۆلۆژیا"ی مارکس-دا هەن و تایبەتمەندیی هاوبەشیان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە جیهانی سیاسی.

چوارەم، سیمایەکی تری کارەکتەری یەکگرتووی ئایدۆلۆژیای مارکس، ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیاکان بەشێکن لە شرۆڤەیەکی تاك و تەنانەت گشتگیری جیهانی سیاسی. ئەمانە کۆڵەکەیەکن کە دیمەنی بێ کەموکوڕیی جیهان راگیر دەکەن و هاودژییە ناوەکییەکان رووپۆش دەکەن. وێنەیە گشتییەکە گونجاوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە باس و خواسەکانی ئایدۆلۆژیادا سوودبەخش بوو، بۆ سروشتە گشتگیرەکەی و بۆ مکوڕیی هەندێ لە ئایدۆلۆژیستەکان، لەمەڕ ئەوەی کە ئەمان بەهەڵەدا ناچن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڕوامان وابێت، کە ئەم دیدە سەراپاگیرانە بۆ جیهان نەك تەنیا بوونیان هەیە، بەڵکوو هێزێکی باوەڕهێنەریشیان هەیە. لە غیابی هێزێکی باوەڕهێنەری وەهادا، ناچارکردنی فیزیکی زۆرجار بۆ هێشتنەوەی ئایدۆلۆژیا لە شوێنی خۆیدا، پێویست دەبێت.

پێنجەم، رۆڵی ئایدۆلۆژیستەکان زیادەڕەوی تێدا کراوە. هەرچەندە لۆژیکی مارکسیستی ئاماژە بە زێدی کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆژیا دەکات،کە زۆرجار دەرکەوتووە و دەکرێ سەرچاوەکەی زۆر بچوکتر بێت لە سەرتاپای چینێك. رایەڵکردنەوەی مارکسیستیی ئایدۆلۆژیا بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و هەروەها رکێفکردنی کۆمەڵان زۆرجار دەبووەهۆی ناسینەوەی گروپێك ئایدۆلۆگی پرۆفێشناڵ و تەنانەت بەدواداچوونی کاریگەریی تاکە کەسەکان. بەلای هەندێك لە توێژەرانەوە، ئایدۆلۆگەکان رووناکبیرانن بە ئەرکی مەترسیدارەوە- بۆ نموونە، گۆڕینی جیهان بەپێی روئیایەکی رەهای دیاریکراو. ئەم روانگەیە زیاتر دیدێکی هیرارکیی لەبارەی

جیهانەوە بەدوادا دێت و بە هەمان شێوە پێشنیاری ئەوە دەکات کە هەم بەرهەمهێنان و هەم بڵاوکردنەوەی کاڵا فیکرییەکان بریتییە لە مۆنۆپۆل. تیۆرەی مارکسیستیی چینەکان یارمەتیدەرە لە پشتگیریکردنی ئەم دیدانەدا، هەرچەندە ئەو ڕووناکبیرانەی کە لەم تیۆرانەدا دەردەکەون، هەندێ جار سەربەخۆ هەنگاو دەنێن، کەمتر لەوەی مارکسیستەکان بۆی دەچن دەستیان گرتووە بە بناغە کەرەستەییەکەیانەوە. پەیوەندیی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ ئەم ڕووناکبیرانەدا بە هەمان شێوە سوودبەخش بووە بۆ ئەو دیدە باوەی کە دەڵێت ئایدۆلۆژیاکان بەڵگەنەویست، ئەبستراکت و نائەزمونین. ئەم دیدە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن سیاسییەکان، چاپەمەنی و بڕێك لە توێژەرانیش باوەڕی پێهێنراوە بە تایبەت لە جیهانی (ئەنگلۆفۆن)دا بە ئەفسانەکەی خۆی لەمەڕ ئەزمونگەرایی و لە جیهانی ئەڵمانی زماندا کە هێشتا لە ژێر کاریگەری ئەو فەرهەنگەدایە کە هاوڵاتییەکەی، واتە مارکس، بەکاری دەهێنا.

کەواتە چ شتێك هێشتا لە جەختکردنەوەی مارکسیستیدا بەهایەکی هەیە؟ لەوانەیە چوار شت. یەکەم، ئێمە گرنگی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بارودۆخەکان لە لەقاڵبدانی ئایدیا سیاسییەکان (و هی تر) لە مارکسەوە فێر بووین. ئێمە ئەوە وەکو بەڵگە نەویست وێنا دەکەین کە خەڵکی بەرهەمی ژینگەکەیانن، هەرچەندە هێشتا مشتومڕێکی زۆر هەیە لەمەڕ قورسایی ڕێژەیی ژینگەکە، جینەکان و توانای تاکەکەسی بۆ هەڵبژاردن، کە قورسایی مارکسیستییان لەسەر لابرێت، ئایدیاکان و ئایدۆلۆژیاکان وەکو بەرهەمی گروپەکان بخرێنە ڕوو. ئەمانە بە هەمان شێوە بەشێکن لەو باکگراوندە کەلتوورییەی کە بەهۆی چالاکییەکانمان دروست دەبن .

دووەم، ئایدیاکان شایەنی لەبەرچاوگرتنن. لەوانەیە مارکس بواری هەنووکەیی ئایدۆلۆژیای بە وەهمێکی زیانبەخش بینیبێت، بەڵام تەنانەت لەو فەزایەشدا، دەلالەتەکە ئەوەیە کە ئایدیاکان تەنیا بەلاغی نین. ئەگەر ئایدیاکان تەنیا وەکو حەقیقەت دەرنەکەون بەڵکو لە ڕووپۆشی بەهێزی وەکو ئایدۆلۆژیاشدا دەربکەون، ئەوا

لە راستیدا دەبێ زۆر بە هەند وەربگیردرێن و ڕۆڵێکی زۆر جەوهەریتریان لەوەی کە مارکس پێی داون، پێ بدرێت.

سێیەم، ئایدۆلۆژیاکان کرداری سیاسی گرنگیان هەیە. فرمان بە جیهانی کۆمەڵایەتی دەکەن، رووەو چالاکیی دیاریکراو ئاراستەی دەکەن و شەرعیەت بە رێوشوێنەکانی دەدەن یان لێی ئەسەننەوە. ئایدۆلۆژیاکان، لانی کەم لە رێگەی سازدانی زەمینەیەك، کە تیایدا دەکرێ بڕیارەکان بدرێن و روون بن، دەسەڵات پیادە دەکەن. ئەم دەسەڵاتە پێویست ناکات بەکاربەر یان نامرۆڤانە بێت، ئەگەرچی ئەو کاتەش تەنیا هەندێ لە ئەنارشیستەکان بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە دەسەڵات، تەنانەت وەکو دیاردەیەکی توانابەخشیش دەکرێ بە تەواوی تورِ هەڵبدرێت.

چوارەم، میتۆدی مارکسیستی شتێکی گرنگی تەنانەت بۆ نامارکسییەکانیش لەخۆگرتووە. ئەویش ئەوەیە، کە ئەوەی دەیبینی هەمیشە ئەوە نییە کە بەدەستی دەهێنیت. ئەگەر ئومێدمان ئەوە بێت کە لە ئایدۆلۆژیاکان تێبگەین، ئەوا دەبێت قبوڵمان بێت کە ئاستێك لە مانا دەگرنەخۆ کە بەلای بەکارهێنەرانیەوە و زۆرجار بەلای بەرهەمهێنەرانیشیەوە شاراوەیە. بۆیە توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا بەشێوەیەکی بەرچاو- هەرچەندە بە تەواوی نا- پرۆژەی دۆزینەوەی مانا، ناسینەوەی بونیادەکان، کۆنتێکستەکان و ئەو ئەنگێزانەی کە بە ئاسانی دەبینرێن، دەگرێتەوە.

# بەشی دووەم

## زاڵبوون بەسەر وەهمەکاندا:

### ئایدۆلۆژیاکان چۆن مانەوە

بەسەرهاتی سەرهەڵدانی چەمکی ئایدۆلۆژیا لەژێر باڵی مارکسیستییەوە زۆر ئاڵۆزە و هێشتا نەگەیشتووەتە ئەنجامەکەی. بەڵام ئێمە دەتوانین سێ کەسی سەدەی بیست بناسینەوە، کارل مانهایم، ئەنتۆنیۆ گرامشی و لویس ئالتۆسێر، کە بەشدارییەکانیان لە رستێك مانادا کە چەمکی ئایدۆلۆژیا هەڵیگرتوون، کاریگەری گەورەی هەبووە. هەروەها ئەوەش راستە کە، لەوەتەی ئەو بیرمەندانە تێگەیشتنی ئێمەیان ئاراستەکردووە، توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا هەنگاوی گەورەتری ناوە. دەرەنجامی هەرە گرنگی بەشدارییەکانیان ئەوەیە، کە لەوانەیە هەریەکەیان بە شێوازی تاکەکەسی خۆی لەسەر بنەمای مارکسی ئیشی کردبێت. ئەوەش بووبێتە هۆکاری تێگەیشتنمان لەو دیاردە دووەمیانە، کە بەبڕوای مارکس و ئەنگلیز بۆ تایبەتمەندی جێگیری سیاسەت دەگەڕێتەوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکار بۆلابردنی هەندێ بەڵگە و هێمای نەگەتیڤ.

## رەگی کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆژیا: کارل مانهایم

دەستکەوتی فیکریی کارل مانهایم، کۆمەڵناس و فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی (١٨٩٣- ١٩٤٧)، بۆ هەڵێنجانی چەمکێکی سەرەکی بوو لە بۆچوونی مارکسیستی: ئایدۆلۆژیا وێنەدانەوەیەکی هەموو ژینگە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانە. کاتێك مارکس هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ژێر باری سەرمایەداری وەکو سەرچاوەیەکی وەهمی ئایدۆلۆژی مەحکوم کرد، مانهایم زانی کە تایبەتمەندیی هەر ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە کە کاریگەری بخاتەسەر پرۆسە فیکرییەکانی مرۆڤە و سەرەڕای ئەمەش درکی بەوە کرد کە زانیاری یان زانین پرۆسەیەکی هاوکارانەی ژیانی گروپە. لەم واتا گەشەکردووەدا، ئایدۆلۆژیا خەیاڵێکی تێپەڕ نییە. وێڕای ئەمەش، یەکەمین نیشانەکانی پلوراڵیزمی شیکاری هاتنە ناو باسەکەوە، کۆمەڵگاکان ژینگەی چین و گروپی کۆمەڵایەتیی جیاوازیان هەیە. بۆیە ئەم فرەلایەنییەی "شێوازەکانی بیرکردنەوە" دەتوانێ زیاتر لە ئایدۆلۆ ژیایەك بەرهەم بهێنێت. ئەم توانا پلورالیستییەی ئایدۆلۆژیاکان لە تیۆرەکانی دواتری ئایدۆلۆژیادا بوو بە شتێکی زۆر گرنگ، لە دانانی زەمینەیەکی ئیشکردن بۆ توێژینەوەی ئەکادیمیی ئایدۆلۆژیا. مانهایم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو ئەجێندایەی دێستەت دو ترەیسی زیندوو کردەوە کە مارکس و ئەنگلز بەشێکی گەورەیان فەرامۆش کردبوو.

بەلای مانهایم-ەوە، ئایدۆلۆژیا هەم مانیفێستی کۆمەڵایەتی و هەم مانیفێستی سایکۆلۆژی هەیە. ئایدۆلۆژیا تەنیا بۆ ئەوە بەکارناهێنرێت کە بە شێوەیەکی ئەنقسەت ئەوانە جڵەو بکات کە لەژێر کۆنترۆڵیدان. ئەو بە هەمان شێوەی مارکس و ئەنگلز جەختی لەو گریمانانەی کە ڕێنوێنی بیرکردنەوەی مرۆڤیان دەکرد و هەروەها بنەما نائەقڵانییەکانی زانین کردەوە. دواجار، گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای سروت، شکۆمەندی، حیکایەت و مێژووی هاوبەش ڕەفتار دەکەن، واتە: تایبەتە بەو تۆخمانەی کە ئایدۆلۆژیا دەیانگرێتەخۆ. بۆ زۆرێك لە ئێمە زۆر قورسە کە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە خۆمان ببینین و ئەو داب و نەریتانە تێبینی بکەین کە ئێمە

بەبێ بیرکردنەوە و بەبێ چاوپێداخشاندنەوە دەیانکەین بە بەشێك لە بیروباوەڕمان. لایەنی نائاگایانە و نائەقڵانی، تەنیا دەکرێ لە قۆناغێکی پێشکەوتووتری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا ئاشکرا بکرێت، ئەو کاتەی کە هەوڵەکان دەخرێنەگەڕ بۆ پاساودانیان بە شێوەیەکی ئەقڵانی. کاریگەریی ئەو ئاشکراکردنە، کە زۆرجار سنوورداربووە. بەلای مانهایم-ەوە بە گرتنەبەری دیدی مارکسیی ئایدۆلۆژیا دەستی پێکرد، کە لێڵبوونی هەلومەرجی راستەقینەی کۆمەڵگەی بە بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست پیشان دەدا. بەڵام ئەو، چەمکی هاوتەریبی یۆتۆپیای بۆ ئەم دیدە جێگیرەی ئایدۆلۆژیا زیاد کرد. یۆتۆپیا روئیایەکی ئایندە یان کۆمەڵگەیەکی کامڵ بوو کە ئەو گروپە چەوساوانە هەیانبوو کە پڕژابوونەسەر گۆڕین و رووخاندنی ئەو کۆمەڵگانەی هەن، تەنیا لایەنە نێگەتیڤەکانیان دەبینی و لە بەرانبەر بارودۆخەکە واقیعییەکەدا کوێر بوون. لەوانەیە ئێمە لە بەرانبەر ئەم جیاوازیکردنەدا سکاڵا بکەین. ئەوەی کە مانهایم بە یۆتۆپیا ناودێری کرد، لەوانەیە ئێستا ئێمە بە ئایدۆلۆژیایەکی پێشکەوتنخوازانە یان وەرچەرخێنەر ناودێری بکەین وەکو شتێکی جیاواز لە ئایدۆلۆژیای نەریتی یان موحافیزکارانە. ئەمەش بەلایەکەوە، مانهایم بڕوای وابوو کە ئەو تیۆرە روونکەرەوانەی لەلایەن راڤەکاری وەکو خۆی بڵاو دەکرێنەوە، زانیاری دەدەن بە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەرە کەمتر بەئاگاکانی ئایدۆلۆژیا کە زۆر زیاد خزاونەتە ناو تۆڕەکەیەوە. تایبەتمەندییە سایکۆلۆژییەکانی ئایدۆلۆژیا بەلای مانهایم-ەوە، وەکو مارکس، شێواندنی ئاگایانە، درۆی خەملێنراو، یان فۆرمی خۆ فریودان بوون. ئەمە تێگەیشتنی دیاریکراوی ئایدۆلۆژیا بوو. مانهایم پەیوەستی کردەوە بە مشتومڕی دیاریکراوەوە، شتێك کە بەشێوەی ئەنقەست بە ناتەواوی لەلایەن تاکەکانەوە گەیەنراوە. بەڵام چەمکی گشتگیری ئایدۆلۆژیا بریتی بوو لە Weltanschauung، دیدێکی سەراپاگیری جیهان کە لەلایەن گروپێکی دیاریکراوەوە پەیڕەوی لێکراوە و هەمیشە وێنەدەرەوەی سیستەمە فیکری و ئایدیا گشتییەکانی سەردەمێکی مێژووییە. لێرەدا تەحەددییەکی دوولایەنە هەیە: یەکەم،

نابینایی مارکس لە بەرانبەر سیستەمە ئایدۆلۆژییە کێبڕکێکارەکان، کە لە شێوە جیاوازەکانی بوونەوە سەریان هەڵدا. دووەم، لە بەرانبەر گەڕانی فەیلەسوفانی سیاسی بەدوای حەقیقەتە گەردوونی و هەمیشەییەکان لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و رەفتاری تاکەکان. لە داننان بە سروشتی یەکپارچەی چەمکی گشتگیری ئایدۆلۆژیادا، مانهایم بە شێوازی خۆی ئیشی لەسەر دەکرد بۆ تێگەیشتنی بە شێوازێکی سیستەماتیکی و رێك و پێك. ئایدۆلۆژیا بونیادێکی هاوپەیوەستی بیرکردنەوە، نموونەیەکی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بوو، کە نەدەکرا بچوك بکرێتەوە بۆ دیدی کەڵەکەبوو و لایەنە سایکۆلۆژییە روونەکانی تاکەکەسە کۆنکریتییەکان.

هەروەها مانهایم پرسێکی وروژاند، کە هێشتا قوتابیانی ئایدۆلۆژیا دابەش دەکات. هەروەکو تێبینیمان کرد، مارکسییەکان دەلالەتە پۆپیولیستییەکانی لۆژیکی خۆیان رەتکردەوە لە رێگەی جیاکردنەوەی گەلاڵەکەرانی نامۆبوو و قالبووی زانیاریی هەڵە، واتە فەیلەسوفان و قەشەکان.  چەمکی گشتگیری ئایدۆلۆژیا بنچینە بەرفراوانەکانی ئایدۆلۆژیای لە دید و تێڕوانینەکانی گروپ و تەنانەت کۆمەڵاندا پیشاندا. مانهایم، بڕوای وابوو کە ئەمە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوە. ئینتێلجێنسیاش گروپێك بوو " کە ئەرکە تایبەتییەکەی بریتییە لە دابینکردنی لێکدانەوە بۆ جیهان" بۆ کۆمەڵگاکەیان. کاتێك کۆمەڵگەکان گەشەیان کردوو و جووڵانی کۆمەڵایەتی زیادی کرد، ئەندامانی ئینتێلجێنسیا دەستیان کرد بە خۆسازدان لە باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی جیاوازترەوە. ئەوان چیتر رایەڵ نەبوون بە جەستەیەکی مکوڕ و داخراوەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئینتێلجێنسیا لە هێڵکاری مانهایمدا بۆ شتەکان هێشتا رۆڵێکی تایبەتی پێدرابوو. ئەوان لێکدانەوەیەکی پەیتا پەیتا زیاتر سەربەخۆ و ناخودییان لەمەڕ جیهان دەخستەروو. بەلای مانهایم-ەوە، رووناکبیر مەرج نەبوو کەسێکی خوێندەوار یان خاوەن بیروڕا بێت، بەڵکو کەسێك بوو کە دەیتووانی خۆی جیا بکاتەوە لە باکگراوندە کۆمەڵایەتییە پرۆگرامکراوەکەیان و لەناو روانگە کۆمەڵایەتی و مێژووییە جیاجیاکاندا سەربەست بێت لە کۆمەڵگەکەیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، لێرەدا مانهایم رەگ و ریشە ماركسییەكانی دەرخست، چونكە بڕوای هێنابوو بە شیمانەی كۆمەڵناسییەكی زانینی یەكخراو، كە لەلایەن ئەو جۆرە ووناكبیرانەوە و بە چوونە سەروو تێڕوانینە رێژەییەكانی ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا بەرهەم دێت . هەڵگەڕانەوەیەكی شیمانەی راستییە كۆمەڵایەتییەكان. كلیلی ئەم پرۆسەیە لە جیاوازییەكەی مانهایم-دایە لە نێوان رێژەییگەرایی و پەیوەندیگەرایی. رێژەییبوون قبوڵكردنی ئەوە بوو كە تێكڕای بیركردنەوە پەیوەستە بە بارودۆخی كۆنكریتی و مێژوویی بیرمەندەكە و پێگەیەكی گەردوونی و بابەتی نییە. ئەمەش كاردانەوەیەكی دژی لێكەوتەوە: ئەگەر ئەمە راست بووایە ئەوا دەشیا تێكڕای بیركردنەوە بە ناوی خودی بوونەوە رەت بكرێتەوە. لەم حاڵەتەدا، لەوانەبوو سەركوتكەران و جەنگ هەڵایسێنەران، جگە لەوە شتێكی باشتر نەزانن: ئەوان تەنیا بەرهەمی ژینگەكەیان بوون. ئاشكرایە كە ئەمە میتۆدێكی پشت پێ نەبەستراوی هەڵسەنگاندنی كردار و ئەنگێزە كۆمەڵایەتییەكان بوو و مانهایم بە پەیوەندیگەرایی جێگۆڕكێی پێ كرد. پەیوەندیگەرایی، وەكو رێژەییگەرایی، دانی نا بە پێگەی كۆنتێكست (سیاق)ی بیر و غیابی راستیی رەها لە پرسە كۆمەڵایەتی و مێژووییەكاندا، تەنانەت خودی دژە ئایدۆلۆژی ماركسیزمی بە ئاشكرا، لەلایەن مانهایمەوە بە ئایدۆلۆژیا لەقەڵەم درا. ئەمڕۆكە هەندێ كەس وەكو "پارادۆكسی مانهایم" ئاماژە بەم كێشەیە دەكەن، چونكە ئێمە ناتوانین دیدێك بە ئایدۆلۆژی لەقەڵەم بدەین ئەگەر خۆمان دیدێكی ئایدۆلۆژیمان نەبێت.

پەیوەندیگەرایی سێ شتی خستەڕوو. یەكەم، جەختی كردەوە لەوەی كە ئایدیاكان تەنیا ئەو كاتە شیاوی تێگەیشتنن كە دەرك بە هاوپەیوەستی دوولایەنەیان بكەین. مەحاڵە لە توخمێكی بیر تێبگەیت بەبێ پەی بردن بە پەیوەندییەكەی، بە ئایدیا كارلێككردووە بەرگەگرەكان. دووەم، زەمینەی یەكپارچە، شیمانەی روانگەیەكی كۆمەڵایەتی خستەڕوو كە بەهۆیەوە بەتێگەیشتنی پەیوەندیگەرایانەی جیاواز هەڵدەسەنگێنرێن، هەروەها بەهۆیەوە دەشێت "راستییەكان" و زانیاریی جیهانی

واقیعی بەدەست بهێنرێن. ئەمە توانای بە راڤەکار دەدا تا تایبەتمەندیی مشتومڕە ئایدۆلۆژییە جیاجیاکان لێك جیا بکاتەوە. سۆراخکردنی ئەو ئایدیا جیاجیایانەی لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبوونەوە شیاو بوو بۆ هەڵسەنگاندنیان لە بەرانبەر یەکتریدا و بۆ بڕیاردان لەسەر ئەمەی کە تایبەتمەندیی کام ئایدیایانە دەکرێ دروست و هاوپەیوەست بێت. مانهایم ئەوەی لا روون نەبوو ئاخۆ ئەم راستییە بەدەستهێنراوە مێژووییانە ژیانێکی هەمیشەییان هەیە. سێیەم، مانهایم تەنیا لەگەڵ گەشەکردنی چەمکی گشتگیری ئایدۆلۆژیادا بوو، کە دەکرا کۆمەڵناسی زانین سەرهەڵبدات. ئەمە رێگەی خۆش دەکرد کە زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە واتاکەیدا، لە ئامرازێکی سادەی دیزاینکراو بۆ مومارەسەکردن یان هێشتنەوەی باڵادەستیی سیاسی، وەربچەرخێت بۆ ئامرازێکی شیکاریی گرنگ کە خودی مشتومڕە ئایدۆلۆژییەکان روون بکاتەوە. پرسیارەکە چیتر تەنیا ئەوە نەبوو کە ئایدۆلۆژیا چی دەکات، بەڵکو ئەوە بوو کە ئایدۆلۆژیا چ جۆرە بیرکردنەوەیەکە. بەشداریی مانهایم تەنیا لە ناسینەوەی گرنگیی پرسیارەکەی دواییدا نییە. ئەو، پرسیارەکەی پێشووی هێنایەوە سەر رێگە بنەرەتییەکە  بۆئەوەی ئاوازە نێگەتیڤەکەی لە چاکەی قاڵبوون بە کردارە پۆزەتیڤەکانی ئایدۆلۆژیا فەرامۆش بکات.



٣- كارل مانهايم

دەرەنجامی بۆچوونی مانهایم "زانستی سیاسەت" بوو و لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی راستییە رێژەییەکانی کۆمەڵگەدا بوو، کە ئینتێلجێنتسیا ئەرکەکەی دۆزییەوە. لە ناسینەوەی سنووری سروشتیی دیدە رێژەییگەراکاندا، مانهایم بیری لەوە کردەوە کە هەنگاوێکی گرنگ بنێت بە ئاراستەی زانیاریی بابەتی، هەرچەندە رقی لەوە بوو، کە هیچ هەنگاوێکی کۆتایی بنێت رووەو زانیاریی رەها و بەڵگەنەویست. ئەو بۆی دەرکەوت، ئایدۆلۆژیاکان هەمیشە لە گۆڕاندان و داینامیکن، بە هەمان شێوە زانیاریش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاراستە پۆزەتیڤیستییەی، کە بە دێستەت دو ترەیسی دەستی پێکرد و بە مارکس و ئەنگڵز درێژەی پێدرا، هەر بەردەوام بوو. دەشێت ئایدیاکان بە شێوەیەکی بابەتی تاووتوێ بکرێن. لە هەمووشی گرنگتر، دەشێت وەکو زانیاریی واقیعی کۆمەڵایەتی، بە شێوەی بابەتی بەرهەم بهێنرێن.. هەرچەندە مانهایم لە رێگەی چەمکی رێژەگەراییەکەیەوە فرەییەکی ناکۆکی ئایدیا سیاسییەکانی سۆراخ کردبوو، پێی وا نەبوو کە فرەیی لە خۆیدا سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر هەر کام لە تێڕوانینە پلوراڵەکان لەلایەن لایەنگیرانییەوە بە شێوەیەکی رەها وەربیگرایە، ئەوا لەوانە بوو ببنە ئەو فاکتەرە ناسەقامگیرکەرانەی کە دەبووایە کۆنترۆڵ بکرێن.

کەموکورتییەکانی بۆچوونی مانهایم ئاشکران. ئەو بڕوای وابوو ئەو گروپەی تاکەکان، کە دەتوانن بۆ سەروو چین و کۆنتێکستە مێژووییەکەیان بەرز ببنەوە، کۆتی ئەو ئایدۆلۆژیایانە دەشکێنن، کە لەو کۆنتێکستەوە سەرهەڵدەدەن. ئەو پێی وابوو ئێنتێلجێنتسیا بە تێکڕا دەگاتە خاڵێکی کۆکبوون، ئەم خاڵەش نائایدۆلۆژییە. ئێمە ئێستا زۆر بەگومانتر دەبین لە شیمانەی کۆدەنگیی ئەکادیمی. ئێمە ئەوەمان قبوڵە، کە لەوانەیە بۆ زۆرێك لە پرسە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان، لەوانەیە لە لێکدانەوەیەك یان روونکردنەوەیەکی باوەڕهێن زیاتر لەئارادا بێت و توێژەران ناتوانن بە تەواوی خۆیان لە بەهاکان و ئارەزوومەندییەکانیان دەرباز بکەن. مانهایم بە روونی

ویستی خۆی لە بارودۆخێك لابدات کە تیایدا هەموو هەڵوێستە ئایدۆلۆژییەکان جەختێکن لە شایستەیی ناوازەیان و لەبری ئەمە پێشبینی "جۆرێکی نوێی بابەتیبوون"ی کرد. بەڵام تورهەڵدانی ئایدۆلۆژیا پێویست نەبوو، چونکە دەستگرتن بە فۆرمێکی رێژەگەرایی نابێتەهۆی بە بەهادار لەقەڵەمدانی هەموو تێڕوانینەکان بە شێوەیەکی یەکسان. دەشێت ئەمە بەم شێوەیە دەربېڕین: ئۆبجێکتیڤیست بانگەشەی ئەوە دەکات کە تەنیا یەك ڕێگا دەچێتەوە بانە. رێژەییگەرای توندڕەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو رێگاکان دەچنەوە بانە (هەرچەندە لەوانەیە بچنەوە سەر شوێنی تریش) و ئێمە ناتوانین بزانین کام رێگایە باشترە لەویتر- ئەمە بە تەواوی پەیوەندی هەیە بە رەئی رێبوارەکەوە. رێژەییگەرا کۆتکراوە پەسەندەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە زۆر رێگە هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەموو ڕێگەکان ناچنەوە بانە. ئەم رێگایانەش لە رووی چۆنایەتی، خێرایی و سەلامەتی جیاوازن. لەوانەیە رێگای جیاجیا شیاوی پێشنیارکردن بن پەیوەست بەوەی کە کام رێگایە زیاتر پەیوەندی هەیە بە بەهاکانی رێبوارەکەوە، بەڵام هەڵسەنگاندنی ئەم تایبەتمەندییانە بەندە بە بەراوردکردنی حوکمی تایبەتی رێبوارەکە لەگەڵ ستانداره قبولکراوەکانی هەڵسەنگاندنی رووی رێگاکان، چڕی هاتوچۆی سەریان، دووری و ئاوەدانییان. بەلایەنی زۆرەوە، لەوانەیە مانهایم قسەی لەسەر فۆرمێکی نێوخودی (inter-subjectivity) کردبێت، کە بریتییە لەو تێگەیشتنانەی دەچنەوە سەر یەك، بەڵام هەر رێژەییگەران.

هەروەها لەوانەیە ئێمە توانای تاکەکان بخەینەژێر پرسیارەوە بۆ خۆدەربازکردنیان لە ئایدۆلۆژیاکانیان. بۆچوونی مانهایم پێشینەیەك بوو بۆ جۆرێك لە مشتومڕەکانی سەدەی بیست لەمەڕ "کۆتایی ئایدۆلۆژیا". ئەم مشتومڕانە جەختیان لەوە دەکردەوە کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە بەرنامە و پرەنسیپە قبولکراوەکاندا، وەکو دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و کۆمەڵگای بەرخۆر، یەك دەگرنەوە. سەرەنجام، جیاوازییە بنچینەییەکانی بیروڕاکان نامێنن.

ئەمە فەرامۆشکردنی ئەو ڕاستییەیە، کە تەنانەت ئەو کاتەش کە هەمووان لەسەر تێڕوانینێك کۆکن، هێشتا ئایدۆلۆژیایەکت دەبێ نەك ئەوەی هیچت نەبێت.

دواجار، پرسی هەستیاری ئایدۆلۆژیا دەمێنێتەوە. بەلای مارکسەوە، چەمکی ئایدۆلۆژیا بۆ مەبەستی یەك ئامانجی یەکلاییەکەرەوەی گۆڕینی ئێمەیە بۆ سروشتە پەتائاساکەی و پێویستیی پەردە لەسەر هەڵماڵینی. پیدەچێ مانهایم پەت پەتێن بکات لەنێوان ئەو بۆچوونە و داننان بەوەی کە ئایدۆلۆژیا بابەتێکە شایستەی توێژینەوەیە. ئەو، هەم ئاواتەخواز بوو کە ڕاستییە ڕێژەییەکان لە ئایدۆلۆژیا ڕکابەرەکان دەربهێنێت و هەم فۆرمە جیاجیاکانیان شی بکاتەوە. ئەو سروشتی کورتخایەن و ئاشکرابوونی دینامیکییانەی بیری مرۆیی و بە هەمان شێوە نەگۆڕیی، ئەو ڕێسایانەشی کە چارەنوسی مرۆڤ دەردەخەن ناسییەوە. ئەمە کۆمەڵناسی بوو بە وەرچەرخانێکی پڕ یاسا و ڕێساوە کە تیایدا توێژەر سەرەنجام هەندێ بەرەوپێشچوونی مێژوویی و هەندێ ئایدۆلۆژیا لەوانیتر زیاتر دەنرخێنێت و ئەم کارەش لە ڕێگەی تێگەیشتن لە گشتێتیی مێژوو ئەنجام دەدات. ئەمە بریتییە لە دیدێکی سەراپاگیر، بەڵام دواییینیان نییە. ئەمە زیاتر "باشترینێکی ڕێژەیی"یە بۆ سەردەم و شوێنی ئێمە. ئەوەی مانهایم دەکاتە پێشەنگە تیۆردانەرانی ئایدۆلۆژیا، ناڕوونی بۆچوونەکەیەتی، بەڵام ئەو هێشتا لە ڕووبەرێکی بێ لایەندایە لە نێوان تێگەیشتنە کۆن و نوێکاندا. بە دڵنیاییەوە بۆ تیۆرەی سیاسی، ئەو پێویستییەکی هەرە گرنگی بۆ نەوەی ئایندە جێ هێشت: پێویست بوو وریا بکرێتەوە لەو گریمانە و وتەزایانەی هەڵیگرتوون. دیدێکی ساویلکانە لەبارەی سیاسەتەوە هەڵگرتبوو، کە وەکو فۆرمێکی بێگەرد دەیبینی لێی دەڕوانی کە ئەمەش شیاو نیە. بۆ تێگەیشتن لە بیری سیاسی، دەبووایە بەشی زۆری وەکو ئایدۆلۆژیا، وەکو بەرهەمێکی بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دەرك بکرێت. مارکس ناوەرۆکی ڕەخنەیی تێگەیشتنی خۆی لە ئایدۆلۆژیا بەسەر لابردنی شێواندنەکانیدا بۆ واقیع پیادە کردبوو. مانهایم ناوەرۆکی ڕەخنەیی تێگەیشتنی خۆی بۆ ئایدۆلۆژیا بەسەر ڕوونکردنەوەی سروشتی گۆڕاو و

ناجێگیری تێکڕای بیری مرۆییدا پیادە کردبوو. ئاخۆ ئەم ناجێگیرییە دەرەنجامی کۆنتێکستێکی مێژوویی تایبەتە یان خۆی تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی ئایدۆلۆژیایە؟ ئەوە پرسیارێك بوو مانهایم بەکراوەی بۆ ئەوانیتری جێ هێشت. بەڵام ئەو پرسێکی زیندووی هێشتەوە کە دواتر مارکسیستەکانی ناشیرین کرد. ئایا دەکرێ و سوودی هەیە کە ئایدۆلۆژیا لە چەمکی مارکسیستیی چین دابماڵێن؟

## بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیا: ئەنتۆنیۆ گرامشی

بەشداریی چالاکوان و تیۆردانەری مارکسیستی ئیتاڵی، ئەنتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١-١٩٣٧) لە شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیادا گرنگە لە هەردوو ڕێگای جیاواز و هاوتەریب لەگەڵ مانهایم-دا. گرامشی، بە ئیشکردن لەناو نەریتی بەرفراوانتری مارکسیستیدا، تێگەیشتنی مارکسیستی بۆ زاراوەکە، دەستکاری کرد. ئەو لە ناو خوێندکارانی ئایدۆلۆژیادا زیاتر بە چەمکی هەژموون، ناسراوە. هەژموونی ئایدۆلۆژیا نەك تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی دەوڵەت، بەڵکو لە ڕێگەی ئامرازی کەلتووریی جیاجیاوە لەلایەن چینێکی باڵادەست، بۆرجوازی، پیادە بکرێت. گرامشی ئایدۆلۆژیای لەو حاڵەتەوە وەرچەرخاند، کە بە تەنیا ئامرازێکی دەوڵەت بێت.

ئایدۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی مەدەنیشدا خرایەگەڕ و بەرهەم هێنرا، واتە فەزای نادەوڵەتیی چالاکیی گروپ و تاکەکەسی. لێرەشدا ڕووناکبیران وەکو وەگەڕخەر و داڕێژەرانی گەورەی ئایدۆلۆژیا و وەکو ئەو ڕێبەرە ناحکومییانەی، کە دەسەڵاتی کەلتوورییان لە دەستدایە، دەرکەوتن. تەشەنەکردنیان بەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی ئاسایی بەند بوو بە دروستکردنی ڕەزامەندی زیاتر لە ناو خەڵکدا، بۆئەوەی کۆمەڵانی خەڵك ڕەزامەندی خۆیان بە شتێکی هەڕەمەکی لە قەڵەم بدەن. ئەم پرۆسەیەی پێکهێنانی ڕەزامەندی- کە گرامشی وەکو شتێکی جیاواز لە ڕکێفکردن، بە ڕێبەرایەتی ناودێری کرد- وەکو شتێکی پێویست، ڕێگەی خۆشکرد بۆ

دەسەڵاتی حکومی. بۆیە گرامشی ئارەزوومەندی ئەوە بوو، کە جیاوازیی نێوان ئایدۆلۆژیا وەکو دروستکراوێکی بەئاگایانەتر بۆ بەرهەمهێنەرانی و نائاگایانەتر بۆ بەکاربەرانی قووڵ بکاتەوە.

هەنگاوێکی زیرەکانەی گرامشی بەرەو پێشەوە لە لێکۆڵینەوەی هەژموونی ئایدۆلۆژیادا، هەستیارییەکەی بوو لە بەرانبەر گرنگییەکەی، هەڵبەت لە روانگەیەکی مارکسییەوە، کە بونیادی هەژموون هەماهەنگیی بەرژەوەندییە جیاوازەکان و دەربڕینە ئایدۆلۆژییەکانیانی دەگرتەوە، بۆ گروپێکی گشتگیر، یاخود تەواوی کۆمەڵگە. هەژموون رێککەوتنی هاوبەشی بەرهەمهێنا- هاوسەنگییەك کە گروپە لاوازەکانی لەبەرچاو دەگرت. بەریەککەوتنی چینایەتیی مارکس رێگەی خۆش کرد بۆ بونیادنانی هاریکاری بە شێوازێك کە دەکرا خزمەت بە ئامانجی کۆمەڵی یەکخراوی مارکس بکات. ئەمە وەها بوو، چونکە ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان دۆخێکی ململانێیان دروست کرد، تا ئەو کاتەی کە یەکێکیان، یان ئاوێتەیەکی هەندێکیان، زاڵ بوو. ئەنجامەکە بریتی بوو لە یەکێتییەکی فیکری، ئەخلاقی، ئابووریی ئامانجەکان لەگەڵ شێوە جیهانگەرااییەکدا. بەڵام تیۆرەی ئایدیۆلۆژیای گرامشی، ئاماژەیەکی لیبراڵیشی هەبوو، کە خۆی جەختی لێنەکردبووەوە. ئەمە پشت ئەستوور بوو بەو خۆبەخشیگەرااییەی کە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەرجەستە ببوو، کە ئێمە لانی کەم لە رواڵەتدا- رایەڵی دەکەینەوە بە ئازادی هەڵبژاردن، رەزامەندی، بازاڕە کەرەستەیی و فیکرییەکان.بەمەش خاڵێکی لاوازی تر لە مارکسیزمدا دۆزرابووەوە.

گرامشی چەمکی هەژموونی وەکو بەرەوپێشچوونێکی مەزن دەبینی بەرەو تێگەیشتنێکی رەخنەیی و یەکگرتووی واقیع، هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی فەلسەفییەوە . لە مەودای پرۆسەی مێژووییدا، لەوانەبوو سیستەمی فیکری و ئەخلاقیی نوێ گەشە بکات، واتە "کەلتوورێکی سەربەخۆ و باڵا" بە "چەکی ئایدۆلۆژیی پێشکەوتوو و چالاکەوە". چەمکی هەژموونی گرامشی هەوڵ دەدات هەندێ لەو پرسیارانە بوروژێنێت، کە مارکس وەڵامی نەدابوونەوە. ئەو فۆرمانە چین

که کۆنترۆڵی ئایدۆلۆژی دەیانگرێتەخۆ؟ پەیوەندی و جیاوازی نێوان باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و سیاسی چییە؟ ئایا دەتوانین فرەیی ئایدۆلۆژیاکان، سەرهەڵدان و کەوتنیان روون بکەینەوە؟ بە چ مانایەك، ئەگەر هەبێت، خەڵکی ئایدۆلۆژیا هەڵدەبژێرن؟ بەم پرسیارانەوە لەسەر ئەجێندا، رستێك وەڵامی شیاو لە پاشماوەی سەدەی بیستدا دابین کراون.

سەرباری تیۆرەی هەژموونەکەی، بە هەمان شێوە رۆڵی گرامشی گرنگە بۆ لایەنێکی تری شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیا. گرامشی دەیویست کرداری ئایدۆلۆژیا وەکو مومارەسەیەك لە جیهاندا شی بکاتەوە، ئەمەش لە بەرانبەر سروشتی ئەبستراکت و ئالۆزی چەمکی ئایدۆلۆژیای مارکسیستیدا، کە وەکو شێوازێکی شاردنەوە و بەربەستکردنی مومارەسە کۆمەڵایەتییە دروستەکان پیشاندرابوو. ئێمە دەتوانین وەکو مومارەسەی بیر ئاماژە بە ئایدۆلۆژیا بکەین. ئەمەش واتا رێسایەکی (سیاسی)ی چەندبارەی بیرکردنەوە، رێسایەك کە لە جیهانی کۆنکریتیدا بەڵگەی هەیە. بەڵگەی بیرکردنەوەمان لە کردار و دەربڕینماندایە. ئەم مومارەسانەی بیر لەگەڵ کردار و مومارەسە کەرەستەیی و تێبینیکراوەکاندا بەیەکدا دەچن و کاریان تێدەکەن. هەندێ جار گونجاوترە، کە لە تیۆرەوە بۆ کردار سۆراخی جووڵەیەك بکەیت. هەروەها دەکرێت لە کاتی دیکەدا تیۆرە لە خودی کردار وەدەست بخرێت. ئێمە هەمیشە لە بەردەم ڕووانینێکی دوو لایەنەداین.



**٤- ئەنتۆنیۆ گرامشی**

بۆ نموونە باوەڕ بە ئیختیارکردنی ئازاد، ڕێسایەکی چەندبارەیە لەناو لیبراڵەکاندا و بەسەر چەندان بارودۆخی وەکو دەنگدان، کڕین، هەڵبژاردنی هاوسەردا پیادە دەکرێت. دەشێت حاڵەتی دەنگدان بە پرەنسیپێکی ئایدۆلۆژیی گشتیی ئاگایانە دابنرێت. دەنگدان پیادەکردنێکی داڕێژراو و ئیختیارێکی ئازادە لە چەقی ئایدۆلۆژیا لیبراڵەکانەوە و پەیوەندی بە چەمکی جەوهەریی ڕەزامەندییەوە هەیە. کڕین بریتییە لە بەشداریکردن لە سەفقە ئابوورییەکانی بازاڕی ئازاد، هەرچەندە کڕیارەکان بە دەگمەن بەئاگان لەوەی کە مومارەسەکەیان پرەنسیپی بازرگانیی ئازاد، بەرجەستە دەکات. هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ پەیوەندیی سۆزی و سێکسییە، تەنیا ئەو کاتە بیر-مومارەسەیەکی ئایدۆلۆژیی ئاگایانەیە، کە لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی ڕێکخراودا بێت. بە پێچەوانەوە، دەبێتە مومارەسەیەکی ئایدۆلۆژیی نائاگایانەیە، کە دەبێ لەلایەن ڕاڤەکارانەوە وەکو بەرجەستەبووی پرەنسیپێکی خۆبەخشانە دەرك بکرێت. ئێمە تەنیا لەبەرئەوەی کە ئاواتەخوازین پابەندبوونمان بە هەڵبژاردنی ئازاد پیشان بدەین، هاوسەر هەڵنابژێرین، بەڵکو ئەمە تەنیا نموونەیەکی زیاتر نادیاری هەڵبژاردنێکی لەو جۆرەیە. دەرەنجامی هەموو ئەمانە، بینینی ئایدۆلۆژیاکانە وەکو شتێك، کە لە چالاکییە کۆنکریتییەکاندایە، نەك وەکو شتێك کە لە بۆشاییەکی سەروو ئەمانەدایە. جودایی لە نێوان کردن و بیرکردنەوەدا پڕ گرفتە، چونکە بیرکردنەوە چالاکییەکە کە یاسا و ڕێساکانی خۆی پیشان دەدات. بیرکردنەوەی سیاسی نەك هەر لە چۆنێتیی ڕێکخستنی ڕەفتاری بەکۆمەڵدا، بەڵکو لەوانەیە لە ڕێگەی وردکردنەوەی کردارە ئەزموونییە بەدیکراوەکانیش ڕوون و ئاشکرا بێت.

مارکس و ئەنگڵز وەکو فۆرمێکی میتافیزیکیی ئایدۆلۆژیا، کە تەنیا لەلایەن ژمارەیەك پرۆفێشناڵەوە مومارەسە دەکرێت، فەلسەفەی ئەڵمانییان ڕەت کردبووەوە. گرامشی دەیویست فەلسەفە بکات بە شتێکی کرداری لە ڕێگەی پیشاندانی ئەمەی

کە زۆربەی خەڵکی فەیلەسوفن، تا ئەو شوێنەی کە دەپرژێنە سەر چالاکیی پراکتیکی، ئەو چالاکییەی کە بەهۆی دید و تێڕوانینەکانی ئەو جیهانەی تیایدا نیشتەجێن، کۆت کراوە. بە هەنگاوێکی خێرا، گرامشی فەلسەفەی ئاسان کرد و لەگەڵ پرۆسە ئاساییەکانی فیکری تاکەکاندا یەکی خست. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەحاڵەتی پاراستنی بونیادی سێ لایەنەی بیری سیاسیدا ئەمەی کرد.

تاك و تەرا بیری فەلسەفی هەبوون، کە لەلایەن فەیلەسوفانەوە بەرهەم هێنران، بەڵام کەلتووری فەلسەفییە فراوانەکان لەلایەن گروپە پێشەنگەکان و بەهۆی "ئایین" و باوەڕی باوەوە ئاراستە دەکران. جۆری دووەمیان بەرجەستەبوویەکی هەژموون بوو و تایبەتمەندییەکانی ئەو هەماهەنگیە و ڕەخنەیەی پیشاندا، کە گروپە هەژموونییەکان دواجار بەسەر بیرکردنەوەی ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا سەپاندیان. جۆری سێیەمیان لەو فۆرمە سەرەتاییەدا لەناو کۆمەڵاندا دروستبوو، کە چەمکە گشتییەکانی جیهان بەلایانەوە لە چەند تیشکێکی کتوپڕ و پچڕپچڕدا دەرکەوت. بەلای گرامشی-یەوە، دەکرا هەرکام لەم سێ ئاستانە لە چەند بەشێکی جیاجیادا لێك بدرێن بۆ بەرهەمهێنانی تێکەڵەیەکی ئایدۆلۆژیی جیاواز. جیاوازیی نێوان بیری فەلسەفی و ئایدۆلۆژی ئەو چرکەساتە سەریهەڵدا، کە بیری سیاسی کەوتە ناو جیهانی واقیعی و ئاراستەی وەرگرت.

ئێمە بە کۆمەکی گرامشی چی لەبارەی ئایدۆلۆژیاوە دەزانین، کە ڕەنگە پێشتر نەمانزانیبێت؟

هەروەکو مانهایم، گرامشی ئایدۆلۆژیای بەرز کردەوە بۆ دۆخی دیاردەیەکی جیاواز، کە شایستە و کراوە بێت بۆ توێژینەوە لە رووبەرێکی سیاسیی فراواندا رۆڵی دەبینی.هەروەها تێگەیشتن و رێسای کەلتووری و ئەخلاقی دەگرتەخۆ و لە رێگەی ماس میدیا و رێکخراوە خۆبەخشەکانەوە بڵاو دەبووەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاستە جیاجیاکانی دەربڕیندا بەدی دەکرا. لە راستیدا، ئایدۆلۆژیا بەرەو یەکێتی هەنگاوی نا، کە گرنگ بوو بۆ ئەو کۆدەنگی و هاریکارییەی خستبوویەگەڕ،

چونکە ڕووناکبیرانی قۆناغێکی دیاریکراو لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشیی ئایدیاکانیان، ڕووناکبیرانی تریان خستە ژێر باڵی خۆیانەوە و کۆمەڵیان ئاراستە کرد. ئەم ڕووناکبیرانە، بە پێچەوانەی مانهایم-ەوە، ئایدۆلۆژیا وێڵ ناکەن، بەڵکو ئەرکیان بریتی بوو لە دەستکاریکردنی هاوشانی پێویستییەکانی سەردەم. بەشێکی دەستکارییەکی لەو جۆرە، وێنەدەرەوەی ژێریی هاوبەشی کۆمەڵان بوو، "کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە هونەر، لە یاسا، لە چالاکی ئابووریی و هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و بەکۆمەڵدا دەردەکەوت ".

سەرەنجام، گرامشی بە شێوەیەکی نادڵنیا لە سروشتی ئایدۆلۆژیا بەجێمان دەهێڵێت، بەڵام بەو ئامرازانە دەوڵەمەندمان دەکات، کە بەرەو قووڵاییمان دەبەن. ئەو بە شێوەیەکی سەرگەردان لە نێوان دیدی مارکسی بۆ ئایدۆلۆژیا وەکو دۆگمایەك و هەوڵێکی بوێرانە بۆ دەربازکردنی ئایدۆلۆژیا لە دەلالەتەکانی، پەت پەتێنی دەکرد. ئەو ئایدۆلۆژیای وەکو بەدەستهێنانی یەکێتی لە ناو "بلۆکێکی کۆمەڵایەتی"گروپێکی کۆمەڵایەتیی یەکپارچە، هێنایە ژماردن و هیوای بۆ ئایدۆلۆژیایەکی سەراپاگیر و یەك ڕەنگ خواست، کە حەقیقەتی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت، لەکاتێکدا کە ئێمەی هان دەدا نموونە هەنووکەییەکانی ئایدۆلۆژیا بە هەند وەربگرین. تەنانەت زیاتر لە حاڵەتی مانهایم، دەربڕینێکی یەکخراوی جیهانی کۆمەڵایەتی لە پلورالیزمی ئایدۆلۆژییەوە سەریهەڵدەدا. بەڵام گرامشی تێگەیشتنێکی باشی هەبوو لەو فۆرمە کۆنکریتی و هەمەڕەنگانەی کە ئایدۆلۆژیا خۆی تیادا دەخستەڕوو، بە تایبەت لە دەنگە چۆنایەتی جیاوازەکانی. ئەگەر مارکس و ئەنگڵز ئومێدەوار بووبن کە ئێمە بیرۆکە تەمومژاوییەکانی ڕووناکبیران فەرامۆش بکەین، ئەگەر مانهایم-یش هیوادار بووبێت، کە ئینتێلجێنتسیا وەکو سەرچاوەیەکی تیۆریزەکردنەوەی بێ لایەن لەبارەی کۆمەڵگە پێکبهێنینەوە، ئەوا گرامشی بە بەرهەمهێنانی جۆرێك لەو هەڵوێستە ئایدۆلۆژییە ئاڵۆزانەی، کە تایبەتمەندیی جیهانی مۆدێرنن، ڕۆڵی بیرکردنەوەی باوی لە دیالۆگ لەگەڵ ئینتێلجێنتسیادا ناسیووەتەوە.

شوێنی ئەکادیمی فەیلەسوف و مارکسیستیی فەرەنسی، لویس ئالتوسێر (١٩١٨-١٩٩٠) لە گەڵاڵەکردنی تیۆرەکانی ئایدۆلۆژیادا تا رادەیەك کەمتر گرنگە لە هی مانهایم یان گرامشی، هەرچەندە ئالتۆسێر بە پێناسەکەرەوەیەکی گرنگی ئایدۆلۆژیا دادەنرێ لە ناو نەریتی مارکسیدا. ئالتوسێر لە بەخشینی رۆڵی زامنکەری ملکەچیی کرێکاران لە بەرانبەر چینی باڵادەستدا بە ئایدۆلۆژیای باڵادەست، شوێن مارکس کەوت. ئەمەش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی ئەخلاق و رێز، کە پێویست بوون بۆ راگرتنی سیستەمی بونیادنراو، بەدیهێنرا. "دەزگا" رەسمییەکانی وەکو دەوڵەت، کڵێسە و سوپا کۆنترۆڵیان بەسەر "چۆنێتیی زانین"دا پیادە دەکرد، کە پێویست بوو بۆ سەرکوتکردن و مسۆگەرکردنی کردارێتیی سیستەمی ئابووری. بەڵام ئالتوسێر لەوەدا لە مارکس جیا بووەوە کە وتی ئایدۆلۆژیا زیاتر "واقیعێکی نوێ"یە نەك تەمومژاویکەری واقیع. ئەو سوپەربونیادی ئایدۆلۆژیی شوبهاند بە قاتی سەرەوەی خانوویەکی سێ قاتی کە خرابووە سەر بناغەی ئابووری و بەرهەمهێن- قاتی یەکەم- و قاتی ناوەند، واتە دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکان. ئەمە بە هەمان شێوە بەشێك بوو لە سوپەربونیادەکە، بەڵام راستەوخۆش رۆیشتبووە ناو بناغەکەوە. هەرچەندە قاتەکانی سەرەوە بەهۆی بناغەکەوە راگیر ببوون، مومارەسەی "ئۆتۆنۆمییەکی رێژەیی"یان دەکرد.



## ٥- لویس ئاڵتۆسێر

له کرداردا، دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت، هێزی سیاسی رکێفکەر بوو. ژیانێکی تایبەت بەخۆی وەکو کۆنترۆڵکەرێکی رەمزی گەلاڵە کرد. دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت، لە ناو بونیادە ئایینی، یاسایی و کەلتوورییەکاندا، لە ماس میدیا و لەناو خێزاندا بوون، بەتایبەت لە سیستەمی پەروەردەدا. تەقەلایەکی ئالتوسێر بۆ گۆڕینی تێگەیشتن لە ئایدۆلۆژیا، ناسینەوەی جۆرەهای فۆرمە دامەزراوەییەکانی بوو- فرەیی دەزگا ئایدۆلۆژییەکان لە بەرانبەر تاکانەیی ئەو وەهمەی کە مارکس و ئەنگڵس مەحکومیان کردبوو. تەقەلای دووەم بۆ داننان بوو بە پەرتکردنی بەربلاوی ئایدۆلۆژیا لەودیو فەزای گشتییەوە بەرەو فەزای تایبەت (ئالتوسێر جیاوازی نەکرد لەنێوان رووبەری تایبەتی خێزان و فەزای مەدەنیی بەرفراوان). دیدە سیاسییەکانی جیهان لە هەموو مەودایەکی ژیاندا ئامادەییان هەبووە. بەڵام هەروەکو بەلای زۆرێك لەمارکسیستەکانیشەوە وەهایە، ئەمە فرەییەکی سنووردارە: ئایدۆلۆژیا تەنیا لە شوێنەکەیدا لە بوارە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا فرەیە. ئەو بەهۆی تەنیا پاراستنی کرداری مارکسیستیی پیادەکردنی دەسەڵاتی هەژموونیی یەکخراو بۆ راگیرکردنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەکاربردن، لە کردارەکانیدا فرە نەبوو. ئالتوسێر ئەوەی رەتکردەوە کە بەرەو گەڵاڵەکردنی تیۆرەی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو دەستەوەستان بێت، هەروەها ئارەزوومەندی ئەوەشی نیشاندا، کە هەندێ لایەنی ئایدلۆژیاش هەیە، کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتی سەرکوتگەرەوە نییە.

تەقەلای سێیەم سووربوون بوو لەسەر ئەوەی کە ئایدۆلۆژیا هەندێ تایبەتمەندیی بنەڕەتی هەن بەچاوپۆشیکردن لەو فۆرمە مێژووییانەی کە هەندێ لە ئایدۆلۆژیاکان دەیگرنەبەر. ئەمەش شتێکە کە توێژەرانی هاوچەرخی ئایدۆلۆژیا هاوخەمن لەگەڵیدا. بە پێچەوانەوەی مارکس و ئەنگڵز-ەوە، ئالتوسێر، رایگەیاند "ئایدۆلۆژیا نەمرە". مەبەستیشی ئەوە بوو کە تاکەکان بە شێوەیەکی حەتمی لە شێوازێکی دیاریکراودا بیر لە هەلومەرجە واقعییەکانی بوونیان دەکەنەوە: ئەوان روونکردنەوەیەکی وێنایی بەرهەم

دەهێنن لەمەڕ ئەوەی کە چۆن پەیوەندییان بە جیهانی واقعییەوە هەیە. ئایدۆلۆژیا نواندنێك، وێنەیەك بوو لەو پەیوەندییانە. بۆ نموونە، لە باسکردنی هەندێ نەتەوە وەکو عاشقی ئازادی، ناراستەوخۆ ئاماژەی بە ڕێوشوێن و مومارەسەی ناو وڵاتەکانیان دەکرد، کە بریتی بوو لەوەی تاکەکان نایانەوێ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی فەرمانڕەوایی بکرێن: هەڵبژاردنەکان، چاپەمەنی ئازاد، دەستەیەکی دادوەری کە بتوانێ دەسەڵاتی راپەڕاندن رێك بخات. بەڵام لە هەمان کاتدا، دەستەواژەی "خۆشەویستی بۆ ئازادی" دەوڵەمەندە بە گرنگیی ئایدۆلۆژی. ئەمە نیشانەیەکی وێناییە بۆ نەتەوەیەك وەکو هەوڵی خەباتگێڕێك بۆ ئازادی. تەنانەت ئەگەرچی ئەو خەباتە جەنگ و دەستێوەردانیش بگرێتەوە لە ئازادییەکانی خەڵکی تردا و خزمەت بێت بە برەوپێدانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەو نەتەوەیە. ئایدۆلۆژیا رێگە بە کۆمەڵگاکان دەدات تا وێنای ئەوە بکەن، هەروەها ئەو کردارانە بە راستی کەیسی ئازادی قووڵ دەکەنەوە. ئەمە دیدێك گەڵاڵە دەکات لەبارەی جیهانی راستەقینەیان، کە روونی دەکاتەوە و لەگەڵیاندا ئاشتی دەکاتەوە. ئایدۆلۆژیا حەتمییە، چونکە وێناکانمان ناتوانن خۆیان لەو شێواندنانە لابدەن.



Diego Rivera - "El Hombre al Cruce" - at Palacio de Bellas Artes, Mexico City

**٦- " مرۆڤ کۆنترۆڵکەری گەردوون"ی دییێگۆ ریڤێرا هەم رەمزی ئارەزووی مرۆڤەکانە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوانیتردا و هەم ئەو کۆسپەیە کە هەر ئایدۆلۆژیایەکی هەژموونی لە بەڕێوەبردنی هەمەڕەنگیی کۆمەڵایەتیدا ئەزموونی دەکات.**

چوارەمین تەقەلای ئالتوسێر بۆئەوە بوو کە بڵێت ئایدۆلۆژیا لە فۆرمێکی کەرەستەییدا بوونی هەیە لە مومارەسە کۆمەڵایەتییەکاندا یان لەو دامەزراوانەدا، کە پێی دەوتن دەزگا کۆمەڵایەتییەکان. لە روانگەیەکی مارکسییەوە، ئەمە دەربڕینێکی سەرنجڕاکێش بوو، چونکە دەلالەتی لەوە کرد کە ئایدۆلۆژیاکان، بە پێچەوانەی مارکسی زوو، لە جیهانی کەرەستەییدا جێگیر بوون- ئەو جیهانەی کە گرنگ بوو! ئەو تێگەیشتنە ئایدۆلۆژییانەی کە لە پشت چالاکییە تاکەکەسییەکانەوە بوون، ئەگەرچی ئەو تێگەیشتنانە نیشانە وێناییەکانیان "شێواند"، لە راستیدا بوونیان هەبوو. ئایدۆلۆژیاکان تەنیا تێکچوونێکی وەهمیی کامێرا ئۆبسکیورا نەبوون کە ئاگایی شێوێنراوی تاکە شوێنکەوتووەکان پەرت بکەنەوە، بەڵکو لایەنێکی واقیع بوون. ئایدیاکان لە کردارەکاندا دروست بوون- شتێك کە گرامشی بە شێوەیەکی تا رادەیەك جیاواز بەدی کرد. دەبووایە ئێمە رێز لە بنچینەی کارتێکراو بە ئایدۆلۆژیی کردارە تاکەکەسییەکان بگرین، تەنانەت ئەگەرچی بشمانزانیایە کە وێنەدەرەوەی پەیوەندییە مرۆییە پەسەندەکان نین. دواجار، ئەمانە رێك ئەو کردارانە بوون کە خەڵکی لە جیهانی واقیعیدا ئەنجامیاندا. زۆرێك لەو کردارانە ئەو سروتانە بوون، کە وێنای مرۆڤ گرنگیی کۆمەڵایەتی پێ بەخشین: یارییەکانی فوتبۆڵ، ئاهەنگەکانی هەڵگرتنەوەی بەروبووم، کۆنفرانسی حزبە سیاسییەکان یان پەرستنی ئایینی. بەلای ئالتوسێرەوە، تا رادەیەك بە شێوەیەکی مشتومڕئامێز، تەنانەت بیرکردنەوەش مومارەسەیەکی کەرەستەیی بوو لەوەدا کە بە راستی رووی دەدا. ئەو ئاماژەی بە گوتارە زارەکییە دەرەکییەکان (وەکو قسە و تێکست) بەڵکو بە گوتاری زارەکیی "ناوەکی"ش (ئاگایی)دا. ئەم ڕامانە دەرفەتی بۆ راڤەکارانی ئایدۆلۆژیا زیاتر کردەوە بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەن کە بیرکردنەوەی سیاسی تایبەتمەندییەکی جەوهەریی رێسا ئەزموونییەکانی ژیانی سیاسییە.

دواجار، پێنجەم تەقەلای ئالتوسێر ئەوە بوو کە وتی تاکە پەیڕەوانێك کە بن بە هەڵگرانی ئایدۆلۆژیا، لێرەوە خزمەت بە حەتمیەتی پەیوەندییەکەی بکەن بە چینەوە بەو شێوەیەی کە لەلایەن مارکسیستەکانی زوو ڕاگەیەنرا. لەبەر ئەم هۆکارە، چەمکی ئایدۆلۆژیا خۆی پشت ئەستوور بوو چەمکی ئایدۆلۆژیی پەیڕەو یان شوێنکەوتە. ئەو تاکانەی کە بەهۆی ئایدۆلۆژیاوە بوون بە هەڵگرانی ئاگایی، ئیرادە و بکەرێتی. بە دەربڕینێکی تر، ئایدۆلۆژیا و پەیڕەو پێناسەی یەکتریان دەکرد. ئەگەر من وەکو ئەو تاکەکەسە ڕەفتارم بکردایە کە بۆ نموونە حەز دەکات هاوسەرگیری بکات و ئیشێکی پڕ داهاتی هەیە، ئەوا ئامانجە تایبەتییەکانی ژیانم لە چەقی جیهانەکەمدا دادەنا و ئەوانیتریش دانیان بە مافی من بۆ ئەم کردارە دادەنا. بەڵام لە هەمان کاتدا من بەرهەمی ئایدۆلۆژیایەك دەبووم کە وایلێدەکردم وەکو بکەرێکی سەربەست بیر لە خۆم بکەمەوە، کە قەناعەتی بە پەیوەندییەکی سۆزداریی درێژخایەنی ڕێکخراو لەگەڵ تاکێکی تردا بەناونیشانی "هاوسەر" و بە چالاکییەکی پڕقازانج، کە ئامرازەکانی کڕینی کار و بەرهەمەکانی ئەوانیتر زامن دەکات هەیە. من بە شێوەیەکی "سروشتی" لە ئایدۆلۆژیایەکی وەهادا ژیام و بڕوام وابوو، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و سەربەخۆ ڕەفتار دەکەم.

ئەو دەستەواژەیەی کە ئالتوسێر بەکاریهێنا بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان شوێنکەوتە و ئایدۆلۆژیا، ناولێنەرە. ئالتوسێر ئەبستراکتبوونی ئایدۆلۆژیا و دۆخەکەی تەنیا و تەنیا وەکو بەرهەمێکی گروپ، ڕەتکردەوە. ئەو، توانای بە خوێندکارانی ئایندەی ئایدۆلۆژیا بەخشی بزانن کە ئایدۆلۆژیا هەم شتێکە لە ئێمەدا ڕوو دەدات و هەم شتێکە کە بەسەرمان دێت. لەو حاڵەتەدا کە لە ئێمەدایە، بە تەواوی بەئاگا نین لە کاریگەرییەکانی. بەڵام ئەگەر بایی پێویست وریا بین، دەتوانین بەوە بزانین، کە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیاوە یەکتری دەناسینەوە، چونکە تاکەکان هەندێ تایبەتمەندیی دیاریکراویان هەیە. ئەوە پرۆسەیەکی یەکتر

ناسینەوەیە کە سیستەم چالاك دەکاتەوە، وەکو "تۆ سەوزەفرۆشیت، من کڕیارم"و بەم پشتڕاستکردنەوەیە، هۆشیارییەك دێنێتەکایەوە، کە هەمیشە روون نییە: "ئێمە هەمیشە شوێنکەوتەی رێساکانی بازاڕین". بە بۆچوونی ئالتوسێر، ئالۆزیی زاراوەی "شوێنکەوتە"، بە جوانی جەوهەری ئایدۆلۆژیا دەدات بە دەستەوە. ئەمە ئاماژە دەکات بە دەستپێخەریی ئازادانەی تاکەکەس، بەڵام لە هەمان کاتدا رکفێکردنی تاکەکەس لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵاترەوە. بۆ نموونە، دەستپێشخەریکردن، ترسنۆکانەبوون، بەخەمبوون، هەموو ئەمانە ئەو تایبەتمەندییە دیاریکراوانەن کە وێنا ئایدۆلۆژییەکانمان بە هۆکارێك لە هۆکارەکان بە گرنگی دادەنێن. ئەمانە هەموو ئەو وتەزایانەن، کە ئێمە پیادەیان دەکەین بۆ تێگەیشتن لە کردارە مرۆییەکان. ئەمانە هەمووی تایبەتمەندییەکانی تاکە شوێنکەوتووەکان دیاری دەکەن و لێرەوە دەیانخەنە ناو تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی جیاکراوەوە. ئەمانە هەمووی پەیوەندیدارن بەو مومارەسانەی کە بەلامانەوە پەسەندن یان ناپەسەندن، بەڵام لە جیهانی واقیعیدا روو دەدەن. سەرەنجام بەشێوەیەکی بەرچاو، هەموو ئەمانە لایەنی جێگیری ژیانی کۆمەڵایەتین.

# بەشی سێیەم

## ئایدۆلۆژیا لە دووڕیانی تیۆرەدا

شیکردنەوەی هۆکارەکانی ئەمەی کە بۆچی ئایدۆلۆژیا وەکو وتەزایەکی شیکردنەوەی سیاسی و فەلسەفی مایەوە، تەنیا بەشێکی بەسەرهاتەکەیە. بەرەوپێشچوونە مێژووییە کۆنکریتییەکان ئارەزوومەندی لە بەرانبەر ئایدۆلۆژیاکاندا زیاتر لە ئایدیاکان، هێشتەوە. هەرچەند ئایدیاکان روونتریش بوون. لەوانەیە هەم گرامشی و هەم مانهایم بەم دۆخەیان زانیبێت. هاتنەکایەی سیاسەتی گشتی لە ئەوروپا، بووە هۆی تۆکمەبوونی نەریتەکانی بیری سیاسی وەکو لیبرالیزم، کۆنسێرڤاتیزم و سۆسیالیزم. ئەم زەمینە و بزاڤانە بۆ مشتومڕی سیاسی، بە مکوڕ بوون لەسەر مانەوەیان، ژیانێکی تایبەت بە خۆیان پەیدا کرد لە رێگەی ئەو رۆڵە پێشەنگەی بینییان لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا. لەم روانگەیەوە، ئایدۆلۆژیاکان ئەو نەریتە سیاسییانە بوون، کە گروپ و تاکەکانی ناچار کرد بۆ کرداری سیاسی و هەندێکیان کاریگەرییەکی گەورەیان دەرخست لەسەر پێکهاتنی سیاسەتە گشتییەکان و تەنانەت لەسەر سامانی ئەو دەوڵەتانەی کە تیایدا زاڵ بوون. ئەم پرۆسەیە بەهۆی پەیوەندیی نزیکی ئەو حزبە سیاسییانەی ئەو نەریتانەی بیرکردنەوەیان هەبوو، بەهێز کرا. ئەو خەڵکەی برەویان بەو نەریتانەدا هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە بە ناوی

"ئایدۆلۆژیا" ناویان بهێنن، بەڵام بۆ ئایدۆلۆژیاکان بە دڵنیاییەوە، ئەگەرچی لە چەند مانایەکی بژاردەی مشتومڕە بەردەوامەکەدا، وەها نەبوون. لە راستیدا، هەرچەندە برەوپێدەرانیان تیۆرەیەکی ئایدۆلۆژیایان نەبوو، ئایدۆلۆژیاکان خۆیان کاریگەرییەکی گەورەیان کۆکردەوە لە رێگەی گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی بە بەرنامە: ناساندنی مانیفێستۆ حزبییەکان لە دوادواکانی سەدەی نۆزدەدا و سەرهەڵدانی بیرمەندانی سیاسیی پراکتیکی، کە نەك تەنیا وەکو شەڕێکی نێوان دەسەڵات بەدەستان و کەسایەتییەکان، تەنانەت نەك وەکو پێکدادانی بەرژەوەندییە خۆپەرست و چاوچنۆکەکانیش، بەڵکو وەکو ململانێیەك بەسەر ئەقڵی پیاوان و ژناندا سیاسەتیان لێکدایەوە.

## بەرەو پێناسەیەك: کردارەکانی ئایدۆلۆژیا

رێگایەکی بەجێ بۆ تێگەیشتن لە سیستەمە باوەڕییە ئایدۆلۆژییەکان کە لە دەوری نەریتە سیاسییەکان رێکخراون، بریتییە لە گرتنەبەری رێگایەکی کردارەکی، واتە ناسینەوەی ئەو رۆڵەی کە لە ژیانی سیاسیدا دەیگێڕن. بەم پێیە، ئەمە پێناسەیەکی کاتییە کە لە خوارەوە دەخرێتە روو:

ئایدۆلۆژیای سیاسی، رستێك ئایدیا، باوەڕ، ڕا و بەهایە کە

(١) رێسایەکی دووبارەبووەوە پیشان دەدات

(٢) گروپی گرنگ هەڵیانگرتووە

(٣) لەسەر دابینکردن و کۆنترۆڵکردنی پلان بۆ سیاسەتی گشتی پێشبڕکێ دەکەن

(٤) بە مەبەستی پاساودان، کێبڕکێ یان گۆڕینی سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەکانی کۆمەڵی سیاسی ئەمە دەکەن.

با ئەم پێناسەیە روون بکەینەوە. پێویستیی رێسایەکی دووبارەبووەوە لە رووی سیاسییەوە گرنگە. ئەمە پیشانی دەدات، کە ئێمە لەبارەی دەسەڵاتی جێگیربوو

دەدوێین نەك ڕێوشوێنە کورتخایەنە نائاساییەکان و دەکرێ ئەو مومارەسە و دامەزراوە سیاسییانە بەرقەرار بکرێن کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکەدا بەیەکدابچن.

بۆ نموونە لیبرالّیزم، لە ئەنجامی سووربوونی چینە کۆمەڵایەتییە دروستبووەکان لەسەر ئازادکردنی خۆیان لە باڵادەستیی زۆردارانەی گروپە باڵادەستەکان و لە ڕێگەی چەکەرە کردنی ئەو دیدە کەلتوورییانەی پەیوەندییان بە ڕۆشنگەرییەوە هەبوو و تاکە ئەفرێنەرەکانیان خستە چەقی جیهانەوە، هاتە کایەوە. حزبە لیبرالّەکان ماوەیەکی زۆر دوای ئەم سەرەتایە پەیدا بوون. بەڵام لە داواکانیاندا بەردەوام بوون بۆ گەیاندنی ئازادی و ئیختیار بە گروپە پەراوێزخراوەکان و شکاندنی ئەو کۆسپانەی کە دەرفەتە مرۆییەکانیان بەربەست دەکرد. ئەمە بوو بە پرۆژەیەکی دوورمەودا کە تەنانەت ئێستاش تەواو نەبووە. کاتێکیش ئایدۆلۆژیایەك و حزبێك هەمان ناویان هەیە، هەرگیز هاوشێوە نین، تەنیا پالّپشتی یەکترن. ڕێساکە خۆی، هەروەکو لە کۆتایی بەشەکەدا تێبینی دەکەین، کشۆك دەبێت زیاتر لەوەی کە وشك بێت.

پێویستیی ئەمەی کە ئایدۆلۆژیایەك لەلایەن گروپە گرنگەکانەوە بەرز بکرێــتەوە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە بنەچەکانی و بە توانای ڕکابەرێتی لە جیهانی سیاسیی پڕ ململانێ و فرە ڕەنگدا. هەروەکو ئالتوسێر بانگەشەی کرد، لەوانەیە تاکەکەسانی بەئاگا ئایدۆلۆژیاکان هەلّبگرن، بەڵام ئەم ئایدۆلۆژیایانە، هەروەکو مانهایم بۆی دەرکەوت، بەرهەمی کۆمەڵایەتین. گرنگیی بەرهەمهێنەرانی ئایدۆلۆژی، جەختلێکردنەوەی ئاسان نییە. ئێمە لە بەشی پێشوودا زانیمان کە زۆرجار ڕووناکبیران وەکو نووسەرانی ئایدۆلۆژیایەك دەناسێنرێن، بەڵام نە گرامشی و نە مانهایم شیمانەی ئەوەیان خستەڕوو کە جۆری جیاوازی گروپە ڕووناکبیرییەکان هەبێت. لە فەرەنسا، بە پێچەوانەی ئەمریکا و بەریتانیاوە، ڕووناکبیران ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە لە جیهانی سیاسیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گروپە گرنگەکانی تر بە شێوەیەکی بەرچاو

هاتوونەتە ناو گۆڕەپانەکەوە. لەوانەیە مەبەست لە گرنگی، توانای کۆنترۆڵکردنی میدیا بێت یان بینینی رۆڵی راوێژکار بێت نەك پەیوەندیی گروپەکە بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە. یان لەوانەیە ئاماژە بێت بە شارەزایەتییەکانی پەیوەندیکردنی نازارەکی کە ئێستا لەگەڵ شارەزایەتییە زارەکییەکاندا دەگونجێن ریکلام، لۆگۆ، بابەتە دۆکیومێنتارییەکان، رەمزەکانی رەنگ و شێوە (قردێلەی زەرد، ئالآی سوور). سەرەڕای ئەمەش، لەوانەیە گروپەکانی فشاریش بچنە خانەیەکی ئایدۆلۆژیایەك، بۆ نموونە مافی خانەنشینان. ئەم خانەیە بەشێکە لە خێزانی ئایدۆلۆژیی بەرفراوان، کە تیایدا مافەکان برەویان پێ دەدرێت و پشتگیریی دابەشکردنەوە دەکرێت بۆ بێبەشبووەکان. لەوانەیە ئەو جۆرە پشتگیرییە بەربلاو و بەرفراوانترەی کە گرامشی باسی لێوە دەکات، لە بۆچوون و سۆزی پۆپیولیستیدا بەرجەستە ببێت. بۆ نموونە، رەتکردنەوەیەك لە سەر بنەمای باوەڕە دینییەکان بۆ پشتیوانیکردنی مامەڵەی یەکسان لەگەڵ ژناندا. لە خوارەوە جارێکی تر دێینەوە سەر ئەم بیرۆکانە.

سەرەنجام، پەیوەندیەکی گرینگ هەیە لە پرسی ئەو دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، کە سپێردراوە بە بەرهەمهێنەرێکی ئایدۆلۆژیی پەیوەندیدار. ئەمەش ئەوەمان بیرمان دەخاتەوە کە بەشی سەرەکیی سیاسەت پەیوەندی هەیە بە رستێك بەهای جیاواز و پەیوەندی هەیە بەو کێبڕکێیەی کە نەك لەنێوان تاکەکان، بەڵکو لە نێوان گروپە مرۆییە گەورەکاندا روو دەدات. ئایدۆلۆژیا رەنگدەرەوەی دەرکەوتن و کەوتنی گروپەکانە شان بەشانی پێوەرەکان و گرینگی چارەنووس.لەدایبکوون لە ناو ئەریستۆکراسیدا، چیتر قورسایی بۆ ئایدیاکانی کەسێك مسۆگەر ناکات وەکو رۆژگاری رابردوو. لەوانەیە ئەمە هانی گەڕان بدات بۆ پشتگیرییەکی نوێ. بۆ نموونە حزبە کۆنسێرڤاتیڤەکان بە راهاتنیان لەگەڵ لەدەستدانی بناغە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانیان لە رێگەی هانابردن بۆ گروپی بەرژەوەند دینیی

یەکگرتوو(دیموکراسیی مەسیحیی ئەوروپی، چەند توێژێکی حزبی کۆماریی ئەمریکا) لەسەر تێڕوانینە باوەکان (دژە کۆچبەرێتی، نیشتمانپەروەری) و لەسەر پاراستنی باڵادەستیی ئابووریی (بزنسی گەورە).

پێویستیی پێشبڕکێ لەسەر سیاسەت و بەرنامەی گشتی بیرمان دەخاتەوە، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا دەکەین. ئایدۆلۆژیاکان رووبەری گشتییان کردووەتە ئامانج و زۆر جار لە ناکۆکیدان لەسەر نەخشەکێشانی پرۆگرامە بەرفراوانەکان (هەروەکو لە مانیفێستۆکانی حزبە سیاسییەکاندا) بۆ بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بۆ بەڕێوەبردنێکی کاریگەر. هەموو پلانی گروپێك ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵام دەشێت وەکو بەشێکی دیزاینە ئایدۆلۆژییە گەورەکان لێکبدرێتەوە. لەوانەیە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە پلان دابڕێژن بۆ وەرگرتنی قوتابیان، بەڵام ئەمە بە واتای "نەریتە مەزنەکان" ئایدۆلۆژیا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت خۆی لەگەڵ دیدی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی یەکبوونی کۆمەڵایەتیدا رێك بخات.

دواجار، ئایدۆلۆژیاکان مومارەسەی بنەڕەتین لە جووڵاندنی بڕیاردەرە سیاسییە سەرەکییەکان و رای گشتی. بکەرانی سیاسی لە رێگەی ئایدۆلۆژیاکانەوە ئامادە دەکرێن بۆ ئەو کێشە گرنگانەی کاریگەریی کردارییان هەیە. لەو وڵاتانەدا کە سیاسەتی کراوەیان هەیە، ئایدۆلۆژیاکان خوازیاری ئەوەن، کە پێشنیاری پشتگیرییەکانیان پاساو بدەن لە رێگەی چالاکییەکانی وەکو قایلکردن و پڕوپاگەندەوە. حزبە سۆسیالیستییەکان، بە درێژایی سەدەی بیستەم ئەو جۆرە پشتگیرییەیان خستووەتەڕوو لە رێگەی ئامادەکردنی نامیلکە بۆ خەڵکی چینی کرێکار، کاتێك لە بازاڕی بێ کۆت و بەند دا خزمەتگوزاریەکان نەبوون یان زۆر گران بوون، (بۆ نموونە زنجیرەی نامیلکەی فابیان تراکتس-ی بەناوبانگ)، لە رێگەی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکانی خۆیان و لە رێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەندامەکانیان، ئەم پشتگیریە ئەنجامدراوە. حزبە

سۆسیالیستەکان بە شێوەیەکی گشتی ئامانجیان تەحەداکردن و گۆڕینی سیاسەتە هەبووەکان بووە، بەڵام ئایدۆلۆژیاکانی تر سەرنجیان خستووەتەسەر پاراستنیان لە بەرانبەر گۆڕانی لەپڕ و ئەوەی کە لەوانەیە پێی بڵێن "ناسروشتی".

## کۆتایی ئایدۆلۆژیا؟

کیشەیەکی راڤەکاری ئایدۆلۆژیا ئەوەیە، کە نە تەنیا کۆنسێرڤاتیڤەکان، بەڵکوو زۆرێك لە هەڵگرانی ئایدۆلۆژیا، نکوولّییان لەوە کردووە کە ئایدۆلۆژی بن. لە بری ئەمە، بە ناونانی ئایدۆلۆژیا لەو ئایدیایانە و ئەو بزاڤە سیاسییانەی کە پلان بۆ گۆڕانی سەراپاگیر و رادیکالّ دادەنێن، خۆیان وەکو پراگماتیك بینیووە. بێگومان ئەمە رەنگدەرەوەی ئەو کێشەیەیە کە رکابەریی کراوە و سەرەنجام پێویستیی پاساودان، بە شێوەیەکی بەرچاو لەو رژێمە تۆتالیتارییانەدا بزر بووە کە لە بەشی شەشەمدا  بە شێوەیەکی گشتی نەك دیاریکراو، باسی ئەڵمانیای نازی و روسیای ستالینی دەکەین. ئەوان  ئایدۆلۆژیا توند و کوشندەکانیان لە رێگەی هێز و تیرۆرەوە سەپێنرا بە هانابردنێکی کەم بۆ  توانا ئەقلانییە رەخنەییەکانی هاوڵاتیان و شوێنکەوتەکانیان. کاریگەریی پەتائاسا و ترسناکی ئەم دوو رژێمە، رۆشناییەکی زۆری خستە سەر ئەو جۆرانەی فاشیزم و کۆمۆنیزم، کە پەرەیان پێدا و نیازی گشتییان هاندا بۆ یەکسانکردنی تایبەتمەندییەکانیان بەوانەی ئایدۆلۆژیاکان بە گشتی. پەیامی ئەکادیمیی وەکو "سەردەمی ئایدۆلۆژیاکان" بە شێوەیەکی گومڕاکەر دەلالەتی ئەوەی هەبوو کە تەنیا ئەو سیستەمە داخراو و بەیەکداچووانەی ئایدیا و کردارەکان تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژییان هەیە، لەکاتێکدا کە کۆنسێرڤاتیڤیزم، لیبراڵیزم وسۆسیالیزم نائایدۆلۆژین.




## ٧- ئەمە ڕێگاکەیە

ترۆپکی  رەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیا بەهۆی هەوڵی ژمارەیەك توێژەری ناسراو بوو بۆ راگەیاندنی کۆتایی ئایدۆلۆژیا لە ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ەکاندا.  ئەم رەتکردنەوە توندەی ئایدۆلۆژیا، هەم بەرهەمی لێکدانەوەی مێژوویی بوو کە لەلایەن ئەو توێژەرانەوە و لاساییکەرەوەکانیان لە میدیای گشتیدا- گیرابووە بەر و هەم بەرهەمی تیۆرەیەکی سنووردارکەرتر(لەوەی لە مارکسیزم سەرچاوەی گرتبوو)ی ئایدۆلۆژیا بوو. ئەوان باوەڕیان وابوو کە شکستپێهێنانی رژێمە تۆتالیتارییەکان زەنگی کۆتایی خەباتی دلڕەقانەی بۆ باڵادەستیی ئایدۆلۆژیی جیهان لێدا. لەبری ئەمە، هەم ئەمریکییەکان و هەم روسییەکان، سۆراخی کۆمەڵگەیەکی بەرخۆرگەرا و ئارەزووی ئاسوودەیی هاوشێوەیان بۆ ئەو بوونەوەرانە کرد. ئەنجامەکە بەیەکگەشتنی نێوان جیهانبینییە شەڕانگێزەکانی پێشوو بوو، کە بەهۆی پێویستییەکانی ژیانێکی باش سەپێنرابوون. ئەم دیدە لەو سەروەختەدا بەجێ بوو. پاش هاتنەجۆشی ئایدۆلۆژیی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ەکان، بە شێوەیەکی دیاریکراو ١٩٥٠کان بێ فەڕ دیار بوو. کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا لە پاش جەنگی کاولکەرەوە دەردەکەوتن، لەکاتێکدا کە بەخشینی سەربەخۆیی بە کۆلۆنییەکانی ئەوروپا تازە دەستی پێ دەکرد. سەقامگیریی ئابووری لە رێگەی ئابوورییەکی تێکەڵەوە ئامانجێکی سیاسیی گەورە بوو. لەلایەنی پۆزەتیڤەوە، هەنگاوی گەورە نرابوو بە ئاقاری بونیادنانی دەوڵەتە خۆشگوزەرانییەکان لە ئەوروپا، بەڵام لە سۆنگەی ئایدۆلۆژییەوە، ئەمە رواڵەتێکی کۆدەنگیی سیاسی و نەمانی ناکۆکی لەسەر پرەنسیپەکانی هێنایە کایەوە.

تیۆردانەرانی کۆتایی ئایدۆلۆژیا کەوتنە داوی زنجیرەیەك وەهمەوە. یەکەمیان هەڵەیەکی لۆژیکی بوو. ئەگەر کۆنسێرڤاتیڤەکان، لیبراڵەکان و سۆسیالیستەکان هەموویان کۆك بوونایە لەسەر پیادەکردنی پرەنسیپەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی واتە: دەوڵەتێك کە پشتیوانی دابەشکردنەوەی کالا کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد و وەکو ئامانجێکی سیاسیی جەوهەری، پشتگیریی گەشەی مرۆڤی دەکرد-ئەمە

ئاماژە نەبوو بە کۆتایی ئایدۆلۆژیا، بەڵکو بەیەکگەیشتنی زۆرێك لە هەڵوێستە ئایدۆلۆژییەکان بوو لە یەك خاڵدا. هێشتا دەشێت (کەم یان زۆر) ئایدۆلۆژیایەکی هاوبەشی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی هەبێت. دووەمیان پێشبینییەکی مێژوویی هەڵە بوو لە ١٩٦٠ەکان نزیکی ئەوە بوو، کە تەقینەوەیەکی جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی نویێ بەخۆیەوە ببینێت، بەتایبەت لە جیهانی سێیەمدا. سۆسیالیزمە ئەفریقییەکان، دیموکراسیی ئەندۆنیزی، پان عەرەبیزم، لەو کاتەدا هەموویان هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە و بە داتاشینی فۆرمە نوێکانی بیری کۆمەڵایەتیی سیاسی، نارەسەنیی ئەقڵی مرۆییان پیشان دەدا.

سێیەمیان، هەڵەیەکی شیکاری بوو، کاتێك ئایدۆلۆژیاکان نەك تەنیا لەسەر پرەنسیپە مەزنەکان، بەڵکو لەسەر رێوشوێنە وردە لاوەکییەکانیش ناکۆکن. تەنانەت ئەگەرچی کۆکبوونێکی تەواویشمان هەبێت لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، دەشێت ناکۆکیی ئایدۆلۆژی بکەوێتەسەر ئەوەی کە وەکو پرسیاری تەکنیکی دیارە: (ئەلف) چۆن پارە کۆ دەکەینەوە بۆ خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی؟ (ب) دەبێ کام گروپانە لە ئەولەویەتدا بن بۆ وەرگرتنی یارمەتیی دەوڵەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە بودجەکان هەموو کاتێك سنووردارن؟ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرسیارانە زیادەیەکی چارەسەرە ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان دەدەن بەدەستەوە. باجدانانی راستەوخۆ و باجدانانی ناڕاستەوخۆ، پرەنسیپی جیاواز دەگرنەخۆ. ئەوەی یەکەمیان دەشێت بە پێی ئاستەکان بێت و دەوڵەمەندەکان تا رادەیەك پارەیەکی زیاتر بدەن. ئەوەی دووەمیان دەتوانێ هەمان بڕی باج بخاتەسەر دەوڵەمەند و هەژار و لێرەوە ببێتە باجی داکشاو، نەك باجی هەڵکشاو. دەبێت کێ یەکەم جار یارمەتی بەدەست بێنێت؟ ئەمە پرسیارێکی رێکراویی سەرەتاییە. ئایا گەنجان لەپێشتر بن لە پیرەکان؟ بێکار لەبەرانبەر نەخۆشەکاندا؟ کەم ئەندام لە بەرانبەر نەخۆشە دەروونییەکاندا؟ دایکانی تەنیا لە بەرانبەر خوازیارانی پەنابەریدا؟ ئەمانە

هەمووی جیاوازیی ئایدۆلۆژیی گەورەن کە تێگەیشتنی جیاواز لەو بەهایانەی لە دارشتنی بەرنامەدا هاتوون، پیشان دەدەن.

لە وەلآمی پرسیاری (ئەلف)دا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکان برەو بە فۆرمێکی یەکسانی دەدەن، یەکسانی وەکو توانایەکی رێژەیی سەرهەڵدەدات بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکی دارایی و پشتگیریی دابەشکردنەوە لە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار، بە لەبەرچاوگرتنی دابەشکردنێکی ناعادیلانەی بنچینەیی. لێرەدا رستێك پرسی بنچینەیی هەیە، کە لە ناوەرۆکدا پەیوەندییان بە هەموو ئایدۆلۆژیاکانەوە هەیە: کام رێسایە بگیرێتە بەر لە دابەشکردنی کالآ کۆمەلآیەتییە کەمەکاندا؟ لە وەلآمی پرسیاری (ب)دا، ئێمە پێشبرکێیەکمان هەیە لەنێوان گروپە هەژارەکاندا، کە هەموویان داوای رەوایان هەیە بۆ یارمەتی لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخەکانی ژیان کە کۆنترۆڵێکی سنوورداریان بەسەریدا هەیە. ئەم زنجیرە پرسیارەش لە ناوەرۆکدا پەیوەندی بە هەموو ئایدۆلۆژیاکانەوە هەیە: چۆن بانگەشە پێشبرکێ ئامێزەکانی گروپە شایستەکان یان هەژارەکان ئەولەویەتبەندی بکەین لە کاتێکدا کە پشتگیرییەکی سیاسی زیندوو بەقەرار دەکەین بەبێ ئەوەی کە ئایدۆلۆژیایەك گرفتی بۆ دروست بکات.

"کۆتایی ئایدۆلۆژیا"ش لە زۆر رووەوە هەڵوێستێکی تیۆریی دواکەوتووانەیە. پەیوەندی هەبووە بە بەخشینی هالەیەکی بیرکردنەوەی کۆتایی دنیا بە ئایدۆلۆژیا، دەرخستنی راستییەکی مێژوویی بە نمایشی زانستییەوە، میتۆدێکی ئەندازەی کۆمەلآیەتی و سۆزێك بۆ ئایینی عەلمانی. ئەمە گەرایەوە بۆ سەر ئەو شێوازەی کە ئایدۆلۆژیا وەکو دروستکراوی رووناکبیران وەکو "قەشە"، بەشێوەیەکی بێ نرخ، وەکو شتێکی نامۆ بە کۆمەڵگە و سۆراخکردنی بیری "بێ خەوش" بینرا. بەلای یەکێك لە رەخنەگرانەوە، دانێل بێڵ، ئایدۆلۆژیا "وشەیەکی کەوتووی هەڵنەستاوە"یە، بەلای یەکێکی ترەوە، ئێدوارد شیلز، ئایدۆلۆژیاکان هەمیشە

نامۆ کراون لە کۆمەڵگاکانیان و هەمیشە داوای ملکەچیی تاکەکەسییان کردووە لێیان. چەمکی مارکسیستی لە ڕواڵەتدا تیۆرە خۆرئاواییەکانی ئایدۆلۆژیای گەیاندووەتە بنبەست. ئەم چەمکە، ئەو ڕامانە ئاڵۆزانەی فەرامۆش کردووە کە مانهایم، گرامشی و ئالتوسێر بە شێوازی جیاجیا هەیانبوو و بووە هۆی بەهێزبوونی چەمکی ئایدۆلۆژیا. لە ڕاستیدا ئەم چەمکە ئەو ئاڵۆزییەی فەرامۆش کردووە، کە مارکس خۆی لە بابەتەکەدا هێنابوویەکایەوە. لە بەرانبەر لایەنگیرانی "کۆتایی ئایدۆلۆژیا"دا، بەسوودبوونی چەمکی ئایدۆلۆژیا، چ جای ئەو سیستەمە واقعییانەی ئایدیاکان، کە بەهۆی ئەو چەمکەوە دەلالەتیان لێ دەکرێت، هێشتا ئاشکرایە. لەکاتێکدا کە وا دیار بوو هەندێ لە ڕێڕەوەکان بەرەو داخران بچن، ئەوانیتر دەکرانەوە.

## بیروباوەڕ و تێڕوانینە گشتییەکان

پەیدابوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمریکا، دیدی مارکسیستی بۆ ئایدۆلۆژیا بێدار کردەوە، کە لەو کێشە تیۆرییانە لابرابوو کە توێژەرانی ئەوروپی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. بایەخدانی ئەزموونیی زانستی سیاسی بە توێژینەوەی مەیدانی  و بە بیر و تێڕوانینەکانی کۆمەڵانی نوێی خەڵك، ڕشتەکەی ڕەونەقدارتر دەکرد. پرۆسەکە بەهۆی ستایشکردنی سیاسەتی دیموکراتی و "مرۆڤی ئاسایی"، بە شێوەیەکی ڕێژەیی وەکو چارەسەرێك بۆ دەنگە دیکتاتۆری و نوخبەگەراکانی ١٩٣٠یەکان، زیاتر جۆشی سەند. لەو ساتەدا، ئایدۆلۆژیاکان یەکسان بوون بە سیستەمە باوەڕییە سیاسییەکان و ئەرکی توێژەر بریتی بوو لە شرۆڤەکردنیان و دانانیان لەو خانانەدا کە بشێت لە ڕووی زانستییەوە "بگشتێنرێن" و زۆرجار پێوانە بکرێن. میتۆدە ئامارییەکان لە شیکردنەوەی بڵاوبوونەوەی باوەڕەکان، کۆکردنەوەیان و جیاوازییان، پێگەیشتن. مرۆڤ دەیتوانی بۆچوونە تاکەکەسییەکان، کە بەسەر

دانیشتووانێکی دیاریکراودا بڵاو بوونەتەوە، بکەنە چەند گروپێك کە ئەزموونی هاوبەشیان هەیە.

لەم باکگراوندەدا، ئایدۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی ئاشکرا وەکو شتێکی زانراو بەلای هەڵگرانیانەوە، لەقەڵەم دران یان بە زمانی سایکۆلۆژی، ئیدراکی. تەکنیکەکە بە ڕەفتارگەرایانە ناسرا، واتە سەرنج خستنەسەر فۆرمە کۆنکریتی و تێبینیکراوەکانی ڕەفتاری مرۆیی نەك هێزە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان یان ئەو جیهانبینییانەی نائاگایانە هەڵگیراون.

سەرەڕای ئەمەش، گریمان ئەوە دەکرا کە ئایدۆلۆژیاکان نەك تەنیا زانیاری بەڵگەئامێز لەبارەی سیستەمێکی سیاسی، بەڵکو باوەڕی ئەخلاقیش بگرنەخۆ لەبارەی مرۆڤەکان و پەیوەندییان بە کۆمەڵگەوە. باوەڕ وابوو کە ئەمانە کلیلی کردار یان ناکرداری مرۆیی بن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مەنهەجە زیاتر قەرزاری کۆمەڵناسیی ئەو ڕۆژگارە بوو نەك فەلسەفە. وێڕای ئەمەش، دان بەوە دانرا، کە ئەم سیستەمە باوەڕییانە، پاساو و هۆکاری مەنتقیی بارگاوی بن بە سۆز، هەروەکو یەکێك لە نووسەرانی ئەم ئاراستەیەی ئایدۆلۆژیا بە ناوی (ڕۆبەرت ئی. لەین) وتبووی. بە کورتی، ئایدۆلۆژیاکان ئامادەییان هەبوو بۆئەوەی لەلایەن زانای کۆمەڵایەتیی ئارەزوومەندەوە بدۆزرێنەوە.

ئەوەی کە بە ئاشکرا لەئارادا نەبوو، واتایەکی ڕێکخستنی سیاسی و ئایدیایی مەزن بوو- دواجار ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی ئەمریکا، بە پێچەوانەی هاوتا ئەوروپییەکانیانەوە، بڵاوکردنەوەی نەریتە ئایدۆلۆژییە گەورەکانی نەگرتەخۆ. لەبری ئەمە، باوەڕ وابوو کە ئایدۆلۆژیاکان بێ بونیادن و قووڵایی شیکارییان نییە. ئێمە هەموومان وەکو پێویستییەکی ئەقڵی و سایکۆلۆژی هەڵمانگرتوون. دەشێت تاووتوێکردنیان، توانا بە توێژەران (و سیاسییەکان) بدات تا فشاری تێڕوانینی کۆمەڵگاکانیان بپێون و بگەنە ئەنجامگیریی خۆشیان. دوانەی چەپ-ڕاست دەشێت بۆ پێوانەکردنی بۆچوون، لەبارەی جەنگ و ئاشتی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان

یان ریفۆرمی سیاسی بەکاربهێنرێت. هیچ کام لەم ئامرازانەی دانانی مۆدێل ناتوانێ ئاڵۆزکاویی بونیادی ئایدۆلۆژی و بەیەکداچوویی ئەم وتەزایانە دەربڕێت. ئەم پیادەکردنەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی سادە کردووە و تێگەیشتنە باوەکانی ئایدۆلۆژیا بەو سادەییە بۆیە کراون. هەگبەی ئایدۆلۆژیا وەکو چەمکێکی ڕێکخەری جەوهەریی بیری سیاسی، نائومێدبەخش دیار بووە.

## ئایدۆلۆژیا وەکو ڕەمزێك

لەو خاڵەدا، یارمەتی لە دەرەوەی ڕشتەی سیاسەتەوە گەیشت. ئاڵوگۆڕ و خواستنی پارادایمە ڕوونکەرەوەکان لە نێوان ڕشتەکاندا، یەکێکە لە ڕێگا هەرە بێ فەڕەکانی گەڵاڵەکردنی بیرکردنەوەی نوێ لە بوارێکی دیاریکراودا و ئەمانە ڕێگەی ئەلتەرناتیڤیان بەرەو پێشەوە خۆش کرد بۆ لێکدانەوەی سروشتی ئایدۆلۆژیا، بە بەخشینی گەشەیەکی زۆر پێویست بە داڕشتنی چەمکەکانی. ئەنترۆپۆلۆژیست، کلیفۆرد جیرتز، وتارێکی گرنگی لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسی کە تیایدا ئایدۆلۆژیاکانی وەکو سیستەمێکی ڕێکخراو کە پێکهاتووە لە ڕەمزە کەلتوورییە ئاڵۆزەکان، هێڵکاری کردبوو. ئەم ڕەمزانە وەکو نیشانەی واقیع دەیاننواند و ئەو نەخشانەیان دابین کرد، کە بەبێ ئەمانە تاکەکان و گروپەکان پەیوەست بە کۆمەڵگەکەیانەوە نەیاندەتوانی خۆیان ئاراستە بکەن. ئەگەر سیستەمێکی سیاسی زوو زوو پەنای بردایەتە بەر مارشی سەربازی و مانۆر، ئەمە ڕەمزی کەلتووریی حەماسی نیشتمانی دەگەیاند. کەواتە بۆنموونە: ئایدۆلۆژیا دەتوانێ دەسەڵات پێش خۆشگوزەرانی بخات. ئەگەر سیستەمێکی سیاسی دیکە لە بەرانبەر کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیدا، سەرزەنشتی بیانییەکان یان گروپێکی ئەتنیی دیاریکراو بکات، ئەمەش ڕەمزی کەلتووریی ئەو توخمە ڕەفتارییە دیاریکراوانەن، کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە ئیرەییان پێ بردووە، ئارەزوویان کردووە یان لە خۆیان جیا کردووەتەوە. کەواتە ئایدۆلۆژیا دەتوانێت ڕەخنەی سیاسیی ناوخۆیی بگۆڕێت بۆ ئەو ڕەمزە "دژە کۆمەڵایەتی"یانە.

هاوبەشیکردنی جیرتز لە تیۆرەی ئایدۆلۆژیادا بۆ جەختکردنەوە بوو لەوەی کە ئایدۆلۆژیاکان ئەو میتافۆرانەن، کە مانای کۆمەڵایەتییان هەڵگرتووە. بە دەربڕینێکی تر، ئەمانە رەمزی فرە ڕوو بوون، کە ئایدیای ئاڵۆزیان پێکەوە کۆ کردبووەوە. ئەو ئایدۆلۆژیایە بە نموونە وەربگرە کە پشتگیری لە سندوقی دەنگدان کردووە. دەشێت ئەو رەمزە کۆنکریتییە وەکو ئامرازێکی بەلاغی بەکاربهێنرێت بە دەستنیشانکردنی دوایین بڕیاردان لە خەڵکدا (هەرچەندە لەوانەیە تیۆرەی دیموکراتی پێچەوانەکەی بڵێت). لەوانەیە بە هەمان شێوە نیشانەی سۆزیی ئەوە بێت، کە بۆچی دەبێت هاوسۆزی بۆ سیستەم رووبدات و لابردنی بەرپرسیارێتیی دامەزراوەیی لەسەر سەرکردایەتیی سیاسی بنوێنێت. دەشێت سندوقی دەنگدان بە هەمان شێوە درزەکان و لێڵییەکان داپۆشێت. ئەمە چەمکی دەسەڵاتی لامەرکەزی و بەرپرسی لەگەڵ ئیختیاری تاکەکەسی لێکداوە، کە تیایدا دەنگدەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە راوێژکردن بە گروپ دابڕاوە و لە بەرانبەر کەسدا بەرپرس نییە.

بەلای جیرتز-ەوە، ئەو سیستەمە رەمزییانەی کە ئێمە بە ئایدۆلۆژیا ناویان دەبەین، بریتین لە نەخشەی واقیعی کۆمەڵایەتی. دواجار نەخشەکان خۆیان رەمزن، ئەو رووبەرە سادە دەکەنەوە کە لێیەوە رێنوێنیمان دەکەن. نەخشەکان بژاردەیین، لەو زانیارییە زێدە، دەمانپارێزن کە لەوانەیە تەواو بێ کەڵک بێت. ئەگەر ئاواتەخواز بم کە لە لەندەنەوە ئۆتۆمبێل بەرەو بێرمینگهام لێبخوڕم، پێویست ناکات هەموو تاسە و تەپۆلکەیەکی سەر رێگاکە بزانم. هەروەها ناتوانم چ لە رووی ئەقڵی و چ لە رووی جەستەییەوە دەست و پەنجە لەگەڵ نەخشەیەکی وەها پڕ وردەکاریدا نەرم بکەم. بە دڵنیاییەوە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا جێگەی نابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نەخشە ئایدۆلۆژییەکان، جۆری تایبەتی نەخشەن. ئەمانە چەمکی کشۆکی نزیکایەتییان هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی ئایدۆلۆژیادا. بۆ نموونە، لەوانەیە بیرۆکەی شەرعیەت رایەڵ

بکەنەوە بە دامەزراوەی مۆنارکیی بۆماوەیی، یان لەگەڵ ڕێنماییەکانی تێکستێکی پیرۆزدا ڕێکی بخەن یان بیلکێنن بە ڕەزامەندی گشتییەوە. لەوانەیە ئێمە سەرەنجام بگەینە ئەوەی، کە ئایدۆلۆژیاکان ئامرازی ڕەمزین کە بۆشایی کۆمەڵایەتی ڕێك دەخەن و پێمان دەڵێن کە ئاگاداری چی بین، هەروەکو لە بەشی یەکەمدا تێبینیمان کرد. لەوانەیە نەخشەی ئایدۆلۆژیی کێبڕکێکار هەبن بۆ هەمان واقیعی کۆمەڵایەتی، ئەو نەخشانەی کە لە ناو پرەنسیپ و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێچکەی جیاواز دەگرنەبەر. لەم ڕووەوە، لەوانەیە هاندانی ئازادی ببێتەهۆی گەشەکردنی تاکەکەس و لەبەر ئەم هۆکارە بنرخێنرێت، بەڵام لەوانەیە لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنەکانی شێوازی ژیان (لایف ستایڵ)ی لێبکەوێتەوە کە دژی ئەخلاقی نەریتییە و لێرەوە مەحکوم بکرێت. لەوانەیە یەکێکیان ڕێگایەکی لیبراڵ بێت، کە متمانە بە تاکەکان دەکات، تا بە شێوەیەکی ئەقڵانی ئازادییەکەیان بەکاربهێنن، ڕەنگە ئەویتریان ڕێگایەکی کۆنسێرڤاتیڤ بێت کە جەخت لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و دژی تاقیکردنەوەی تاکەکەسی بێت.

سەرەڕای ئەمەش، ئایدۆلۆژیاکان بە هەمان شێوە کاتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕێك دەخەن. کاتی مێژوویی دوورە لەوەی کە ریکۆردێکی هەموو ئەو شتانە بێت کە "ڕوویانداوە". ئەمە بەلیستکردنێکی بژاردەیی و ڕێسایی ڕووداوەکانە (کە هەندێکیان لەوانەیە ئەفسانەییش بن، وەکو بونیادنانی ڕۆم لەلایەن (ڕیموس) و (ڕۆمولوس))، کە تێك هەڵبەستراوە بۆ پێکهێنانی حەکایەتێکی ئایدۆلۆژی. مێژووی ئینگلیز بە هەندێ بناغەی گەورە وەکو ئەزموونی سیاسی دروستکەر دەناسرێتەوە، وەکو (ماگنا کارتا)ی ١٢١٥، (شۆڕشی شکۆمەند)ی ١٦٨٨ و ژمارەیەك یاسای مافی دەنگدان لە نێوان ١٨٣٢ و ١٩١٨دا. ئەو بەسەرهاتە، کە ڕەمزی ئینگلتەرە و دواتر بریتانیا بوو وەکو نەتەوەیەك بە کەلەپوری بەهێزی ئازادییەوە، کە چاوەڕوان دەکرێ هاوڵاتیانی

بریتانی شانازی پێوە بکەن، بەڵام ئەمە تەنیا یەکێکە لە زۆرێك لەو بەسەرهاتانەی، کە دەتوانی لەبارەی ئەو نەتەوەیەوە بیدرکێنین، کە هەمووی درێژدادڕی نابێت. مێژووی ڕۆڵی ژنان لە بەریتانیا، بەسەرهاتێکی تر دەوروژێنێت. لەم ڕۆڵەدا، ئایدۆلۆژیاکان کۆبەندییەکی تابلۆ ڕەمزییەکانن، کە لە ڕێگەیەوە شوناسێکی نەتەوەیی بەکۆمەڵ پێکدێت.

## ئەو گەمانەی خێزانەکان دەیکەن

فەیلەسوف لودیگ ویتگنشتاین-ش بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریی تاووتوێی ئایدۆلۆژیای کردووە، هەرچەندە بەشدارییەکەی ناراستەوخۆ و نەویستراو بووە. ویتگنشتاین بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە، کە زمان هاوشێوەیە لەگەڵ گەمەدا و تایبەتمەندیی جەوهەریی هەر گەمەیەکیش ئەوەیە کە ڕێسای هەیە. بەکارهێنانی زمان بە مانای فێربوونی ڕێساکانی بوو. ئەو ڕێسایانەی کە هەم ڕێگە دەدەن و هەم ڕێگە دەگرن، لەوانەیە گشتی یان تەواو دیاریکراو بن. لێرەوە، ئەوانیتر وتیان ئایدۆلۆژیاکانیش فۆرمێکی گەمەی زمانن کە ماناکەی و گرنگییە پەیوەندییەکەی تەنیا دەتوانرێ بە تێبینیکردنی ڕێزمانەکەی (ڕێسا و بونیادە بنەڕەتییەکانی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەکانیدا)، بەکارهێنانە تەقلیدییەکەی لە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدا و ئاستی قبوڵکرانی ئەو ڕێسایانەی گەمەکەی پێ دەکەن، دیاری بکرێت. ئەگەر ڕێساکانی نازیزم واتایەکیان بۆ من هەبوو، ئەوا من تەنیا بیروباوەڕی نازی هەڵدەگرم. ئەم ڕێسایانە واتایەکیان دەبێت ئەگەر وشەی "ئاری" بۆ پێکهاتەکانی گروپێك زاراوەیەکی پەسەند و وشەی "جو" زاراوەیەکی ناپەسەند بوو. سەرەڕای ئەمەش، ڕێساکانی ئەو گەمەی زمانە، ئاری-ی لە بەرانبەر جووەکاندا وەکو هاودژێك خستە ناو ململانێوە. بە زیاتر پۆلێنکردنی جووەکان وەکو "نیوەمرۆڤ"، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ناکرێ لەناوبردنیان بە تاوانێك لە دژی مرۆڤایەتی دابنرێ.

دووەمین بەڵگاندنی ویتگنشتاین ئەوە بوو کە، لەوانەیە رستێك تایبەتمەندیی بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوشێوە بن بەبێ ئەوەی لە هەموو روویەکەوە وەها بن. بۆ روونکردنەوەی ئەمە، دەستەواژەی "هاوشێوە خێزانییەکان"ی بەکارهێنا. ئەمە دەریخست کە تایبەتمەندیی بەیەکداچووی جۆرێکی تایبەت لەناو ئەندامانی هەمان گروپدا هەن. واتە هاوشێوە خێزانییەکان بریتی بوون لە ناوچەوانی پان، لێوی تەنك، چاوی قاوەیی و قژی کاڵ. مەرج نییە ئەندامانی خێزان هەموو ئەم تایبەتمەندییانەیان هەبێت، بەڵام لە خێزانێکی گەورەدا هەر ئەندامێك لە شتێکدا هاوبەشە لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی تردا (ئەگەر قژم کاڵ بێت، ئەویتریش هەروا دەبێت). لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەشێت دوو ئەندام هەبن کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە (یەکێکیان ناوچەوانی پان، لێوی تەنك، چاوی شین و قژی تۆخ و ئەویتر ناوچەوانی بچوك، لێوی ئەستوور، چاوی قاوەیی و قژی کاڵ). ئەمە رێگەی بۆ راڤەکارانی ئایدۆلۆژیا خۆشکرد تا وردەکارییەکی زیاتر لە لێکۆڵینەوەی نەریتی ئایدۆلۆژیدا بهێننەکایەوە. بۆ نموونە، ئەوان دەیانتوانی بڵێن: لیبرالیزم ژمارەیەك جۆری ناوخۆیی تێدایە کە هاوبەشن لە رستێك تایبەتمەندیی بەیەکداچوو و هەروەها جیاوازدا. بەدەر لەوەی کە یەکپارچە بێت، بونیادی ستانداردی ئایدۆلۆژیا مەتەڵێك بوو لەو پێکهاتانەی کە دەوڵەمەندیان کردبوو بە کشۆکی. لیبرالیزمە جیاوازەکان لە ژمارەیەك تایبەتمەندیدا هاوبەش بوون و لە هەمان کاتدا برگەی جیاوازییان دەگرتەخۆ. دەشێت هەموو لیبرالیزمەکان برەو بە تاکگەرێتی بدەن، بەڵام دەشێت هەندێکیان لەسەر باشییە رێژەییەکانی خاوەندارێتیی تایبەت لە بەرانبەر گشتیدا ناکۆك بن. ویتگنشتاین-یش شوبهاندنی داوی بەکارهێنا بۆ شرۆڤەکردنی ئەمەی کە نەریتەکە بەپێی تێپەربوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە جۆرێك، کە بەردەوامییەکەی وەهمێك بووە زیاتر لەوەی واقیع بووبێت. هەروەکو چۆن داوێك شتێکی نەپچڕاو نییە بەڵکو کۆمەڵە فایبەرێکی بەیەکداچووە، لەوانەیە نەریتیش کۆمەڵێك بەردەوامیی کورتخایەنی هەبێت کە ئەوەندە بە خاوی و ناسکی دەگۆڕێن کە- ئەگەر مێژوویان نەپشکنین- ناتوانین تێبینییان بکەین.

پێکەوە، هەردوو ئایدیاکە ڕێگەیان بۆ ڕاڤەکاران خۆش کرد کە ئایدۆلۆژیا دیاریکراوەکان وەکو سیستەمی تا ڕادەیەك نارێك وێنا بکەن کە لە ژێر ناوێکی هاوبەشدا تۆپەڵ بوون. لەم ڕووەوە، زۆربەی گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتە وردەکانی ئایدۆلۆژیادا، زەمینەی ناولێنانەوەکەیان خۆش نەکرد. تەواو بە پێچەوانەوە: ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە ئاسایی بوون و لە هەر خێزانێکی ئایدۆلۆژیدا شیاوی پێشبینی کردن بوون. ئەوەی کە گرنگییەکەی لەوە کەمتر نییە، ئەوەیە کە دۆزینەوەی نارێکیی ناوخۆیی ئایدۆلۆژیاکان ڕێگەی بۆ خۆش کردن، تا لە ڕۆڵی داینەمۆکانی گۆڕان و نوێبوونەوەدا بخرێنەوە ڕوو نەك وەکو ئامرازە ڕەقەکانی زاڵبوون. ئەمە بەهۆی چەند بەرەوپێشچوونێکەوە تۆکمە کرا کە ئێستا باسیان لێوە دەکەین.

# بەشی چوارەم

## ململانێ لەسەر زمانی سیاسی

### زمان و واتا

بەرەوپێشچوونەکان لە زماندا سەرچاوەیەکی دەرەکیی دیکەی ئیلهامی بۆ خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا دابین کرد. جەختکردنەوە لە رێزمان و سیمانتیك (توێژینەوەی مانا) دەرگایەکی نوێی کردەوە، کە خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا لێیەوە بە لێشاو چوونە ژوورەوە. رێزمان وەکو ئەو رێسا بونیادییانە خرایە ڕوو، کە لە زنجیرەیەکی دیاریکراودا وشەکانی پێکەوە گرێدا. هەروەکو دەزانین، وشەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە تەك یەکتریدا ریز نەکراون (هەروەکو لە "سیاسی حکومەت ئازاد هەموو دەبێت زیندانییانی") بەڵام تەنیا ریزبەندیی دیاریکراودا "واتایان" هەیە، ("دەبێت حکومەت زیندانییانی سیاسی ئازاد بکات").

بە هەمان شێوە ئایدۆلۆژیاکان، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە رێگەی زمانەوە دەربڕدراون، وەها پیشان دەدرێن، کە تایبەتمەندیی رێزمانی خۆیانیان هەبێت. وێڕای ئەمەش، وشەکان و لێکدراوەی وشەکان، واتای دیاریکراو هەڵدەگرن: دەنگ و پیتەکانیان (نیشانەکان) شتێکی تریان پیشاندا، کە نوێنرا بوو یان ئاماژەپێکراو بوو. وشەی "دەسەڵات" لەوانەیە ئاماژە بێت بە زنجیرەیەك کرداری رێزدانان بۆ کەسێك یان دامەزراوەیەك. بەڵام مانای وشەکان

به هەمان شێوە وابەستەی یەکتری بوون، ئەمانە لەگەڵ وشەکانی تردا لە تۆڕێکی پەیوەندییەکاندا جێگیر ببوون و تەنیا لەو کۆنتێکستەدا شیاوی تێگەیشتن بوون. وشەی "ئازاد" لە رستەی "دەبێت حکومەت زیندانییانی سیاسی ئازاد بکات" و لە رستەی "سەرێکم لێ بدە ئەگەر کاتی ئازادت هەبوو (لە کوردیدا دەڵێین کاتی بەتاڵ)". نەك تەنیا رێساکانی رێزمان ئەوەی دیاریکرد،کە لە حاڵەتی یەکەمدا "ئازاد" فرمانە و لە حاڵەتی دووەمدا "ئاوەڵناو"ە، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر، پەیوەندیی نێوان وشەکان لە دوو رستەکەدا ئەوەی دیاریکرد کە ئەوەی قسەی لەسەر کرا (ئەلف) کردارێکی ئازادکردنە و (ب) نەبوونی پابەندییەکانی ترە.

خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا، کە تا رادەیەك بە درەنگەوە زانییان، کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکاندا وەکو بەرهەمێکی زمانەوانی و سیمانتیکی شتێکی بەسوودە، زانینە نوێیەکەیان خستەبەر بەکارهێنانێکی باشەوە. ئاڵۆزکاوی ناوخۆیی ئایدۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی روونتر دەرك کران، بە تایبەت ئەو شیمانەیەی کە دەڵێت: ئایدۆلۆژیاکان دەتوانن لە رێگەی دەستکارییەکی بچوکی ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکاری دەهێنن، فرەیی مانا هەڵبگرن. سەرەڕای ئەمەش، بە هەماهەنگی لەگەڵ تیۆرامانە سایکۆلۆژییەکان، کاریگەریی لایەنی نائاگایی، پەیتا پەیتا هەستی پێ دەکرا. دواجار، رێزمان بۆ بەکارهێنەرانی رەسەنی زمانێك، لە ئاستێکی نائاگاییدا دروست بووە. بە هەمان شێوە، دەشێت گریمانە ئایدۆلۆژییەکان، پەیوەست بە واتاکانی ئەو وشە و ئایدیایانەی کە هانایان بۆ دەبەین، بە شێوەیەکی نەزانراو هەڵبگیردرێن. ئەمە دابڕانێکی گەورە بوو لە لێکۆڵینەوەی بیری سیاسیدا. فەیلەسوفانی سیاسی، بەتایبەت ئەنگلۆ-ئەمریکییەکان، جەختیان لە سروشتی ئامانجدار و قووڵی تیۆرەی سیاسی کردووەتەوە. خوێندکارانی ئەزموونیی ئایدۆلۆژیا، هەروەکو لە سەرەوە تێبینی کراوە، وەکو چالاکییەکی ئیدراکی لەقەڵەمیاندا، شتێك کە بەلای هەڵگرانی ئایدۆلۆژیاوە زانراوە. پێنەدەچوو کە پەیامە نائاگاییەکان

گرنگییەکی ئەکادیمییان هەبێت، چونکە پەیوەست نەبوون بە کۆنترۆڵی ئەقڵانیی بەکارهێنەرانی زمانی سیاسییەوە.

## زێدە واتایی

لایەنی نائاگایانە بووە بابەتێکی گرنگی شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیا، کە بەهۆی چەند بەرەوپێشچوونێکەوە لە تیۆریزەکردنی کیشوەریی پاش جەنگدا پاڵپشتی کرا. یەکێك لەو نموونانە بریتی بوو لە (پۆل ریکۆر) کە توێژینەوە چڕوپڕەکانی جەختکردنەوە بوو لە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەگانی ئایدۆلۆژیا. ریکۆر لایەنێکی نائاگایەنەی ئایدۆلۆژیای جیا کردەوە، کە ئەو بە "زێدە واتایی" ناودێری کرد. مەبەستی لەمە، ئەوە بوو کە ئایدۆلۆژیاکان (هەروەکو زۆرێك لە فۆرمەکانی دەربڕینی مرۆڤ) زانیارییەکی زیاتر لەوەی کە نووسەرانی لێی بەئاگان یان مەبەستیانە، دەردەبڕن. بۆ نموونە، کاتێك ماکیاڤیلی سامانی شوبهاند بە ژنێك کە بۆئەوەی ملکەچ بێت، دەبێ لێی بدرێت و ناچار بکرێت، مەبەستی لەمە هۆشدارییەك بوو بۆ میرەکان بۆئەوەی کێشمەکێشی سامان کۆنترۆڵ بکەن ئەگەر دەیانەوێ سەرکەوتوو بن. لەمەدا، ئەو میتافۆرێکی بەکارهێنا، کە بەلای خوێنەرانیەوە نامۆ نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە ئێستا ئەو رستەیە وەکو دیدێکی دزێو لەمەڕ ژنان لێك دەدەینەوە، هەرچەندە ئەم واتایە زیادەیەکە لەو خاڵانەی ماکیاڤیلی ئومێدەوار بووە بیانگەیەنێت.

وانەیەك کە دەکرێ لەمەوە فێری بین، ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیاکان تەنیا بەرهەم ناهێنرێن، بەڵکو وەریشدەگیرێن و وەرگرتنیان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێت. ئایدۆلۆژیاکان لەلایەن ئەو خەڵکانەوە دەرك دەکرێن و لێك دەدرێنەوە کە لە زۆر رێگای جیاجیاوە ئاراستەیان دەکرێت.

ئێمە دەزانین کە خوێندنەوەکانی (دەستووری ئەمریکا) پەیوەست بە پاراستنی یەکسانی یاساکان، کە بە گشتی، بناغەیەکی چەمکی لیبراڵی حوکمی

یاسایە و بە پێی تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە. خوێندنەوەیەك ڕەوایەتی داوە بە پرەنسیپی "جیاواز بەڵام یەکسان" کە پاساوی جیاکردنەوەی ڕەشپێست و سپی پێستەکانی داوە. خوێندنەوەیەکی دواتر داوای یەکخستنی ئەو خەڵکانەی کردووە. دەشێت ئەم خوێندنەوە بێ سنوورانە لە یەك کاتدا ڕوو بدەن: ئایدۆلۆژیای خۆشگوزەرانگەرایی لەلایەن کۆنسێرڤاتیڤەکانەوە وەها دەرك کرا، کە پشتگیریکردن و کارایی بەرهەمهێنان و ئاشتیی پیشەسازی دەگرێتەوە و لای سۆسیالیستەکان هەبوونی بەڵێنێکی هاریکاریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنەوەی عادیلانەتری کاڵا کەمەکان بوو. توێژینەوەی ئەم خوێندنەوە جیاجیایانە بە تیۆری وەرگرتن ناسراوە.

لە هەمان کاتدا، بەرهەمهێنەرانی ئایدۆلۆژیا لە نائاگا بوون لەو زێدە واتاییەی بەرهەمی دەهێنن تەنیا نین. بەشێوەیەکی بەرچاو، لەوانەیە وەرگرانی، ئەو زەمینانەی تێگەیشتن هەڵمژن، کە پەیام و کاریگەرییەکانی شیاوی سۆراخکردن نییە بۆیان. یەکێك لەو پرۆسانە، بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵە. کاتێك ئاگایی منداڵێك ڕۆشن دەبێتەوە، جیهان بە کیانێکی دەسەڵاتخوازانە، نایەکسان و هیرارکی دادەنێت. ئەمە لەبەرئەوە نییە کە گەورەکان بە شێوەیەکی نادروست مامەڵە لەگەڵ کۆرپە و ساواکاندا دەکەن، بەڵکو لە ئەنجامی قەبارەی جەستەیی گەورەکان و سەپاندنی پێویستی سیستەم و بڕیاردانە بەسەر ئەوانەی کە هێشتا ناتوانن ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن. ئەو دیدە سیاسییانەی کە ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی گرێی دەدەینەوە بە تۆتالیتاریانیزم و زۆر جۆری کۆنسێرڤاتیزم- سروشتیبوونی قبوڵکردنی بەندوبار و ڕێنمایی سەرچاوەیەکی دەرەکی، حەتمیەتی سەرکردایەتی، گرنگ نەبوونی ڕێژەیی تاکەکەس لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا، بۆچوونە سیاسییە سەرەتاییەکان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دروست دەکەن. بە ڕەتکردنەوەی پەروەردەکرنەوەیان بە دۆخێکی ئەلتەرناتیڤی ڕەفتار، زۆربەی کۆمەڵگاکان وایان پێباشە، کە ئەندامەکانیان لەو حاڵەتەی

منداڵکاریی سیاسیدا بەجێ بهێڵن. دیدێکی ئایدۆلۆژیی دیاریکراوی جیهان رەگ لە قووڵاییدا دادەکوتێت و لێرەوە نادیار دەبێت. مافە ئاسمانییەکانی پاشاکان، باڵادەستیی تێکستە ئایینییە پیرۆزەکان، ژیریی بەخشندەی فەرمانڕەواکان، بێ ئاکامیی چارەنووسی پڕ تەحەدی، ئەو باوەڕانەی کە لەوانەیە خۆیان بە شێوەیەکی ئاگایانە هەڵگیرابن، ئەم زێدە واتاییە دەگرنەخۆ. چەند کۆمەڵگەیەك هەوڵ دەدەن لە قۆناغێکی دواتردا منداڵەکانیان بەکۆمەڵایەتی بکەنەوە و هانیان دەدەن- لە ناو سنووره وریایانە کۆت کراوەکاندا، تەحەدای دەسەڵات بکەن، برەو بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی بدەن، لە هەندێ هێرارکی بەئاگا بن، بە کورتی بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بیر لە خۆیان بکەنەوە. بەڵام تەنانەت لەم کۆمەڵگایانەشدا، دەرەنجامەکە تەنیا بونیادنانی چەند رووبەرێکی خەڵکە، کە ئامادەی پەی بردنن بەو پرەنسیپە لیبراڵانە. بەلای زۆربەی خەڵکیەوە، ئارەزوومەندیی لیبراڵی بۆ بەردەوام چاوخشاندنەوەی مرۆڤ بە پلانەکانی ژیان، بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیە. تەنانەت بەلای لیبراڵەکانەوە، زۆرێك لە نەریتە لەمێژینەکان، وەکو مافی هەڵبژاردنی پیشەکەت، زۆر بە ئاسایی لەقەڵەم دەدرێت نەك ئەمەی کە وەکو دیارییەکی نائاسایی ئۆتۆنۆمی بژمێردرێت.

## تێگەیشتن لە تێکستە ئایدۆلۆژییەکان

قوتابخانەی هێرمنیوتیکی- توێژینەوەی لێکدانەوە- سوودی خۆی بەخشیووە بە توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا. رێنماییەکی هێرمنیوتیکس ئەوەیە، کە دەشێت واتای تێکستەکان تەنیا ئەو کاتە بدۆزرێتەوە، کە بتوانین ئەو کۆنتێکستەی کە تێکستەکەی تیادا نووسراوە و تیایدا واتا پەیدا دەکات، بەکاربهێنین. ئایدۆلۆژیاش تێکستێکە- بەڵگاندنێك، بەیانێك، حیکایەتێك، پێشنیارێك، چ نووسراو بێت یان وتراو (هەرچەندە، هەروەکو دواتر تێبینی دەکەین، ئایدۆلۆژیاکانیش رەهەندی ناتێکستی

دەگرنەخۆ). لەم رووەوە، لیبرالّیزم، بەو شێوەیەی کە لە ١٩٤٠کان و ١٩٥٠کاندا لەلایەن ئیزایا بێرلین، کارل پۆپەر یان جاکۆب تالمۆن-ەوە دەربڕدراوە، جەختی لە ئازادیی نێگەتیڤ کردووەتەوە. ئازادییەك کە نەبوونی دەستێوەردانی ئەنقەستی لە کردارەکانی مرۆڤدا بەباش زانی، لە بەرانبەر چەمکێکی ئازادی کە رێگەی بە دەولّەت دەدا، تا دەست لە رەفتاری تاکەکان وەربدات و رێکی بخات بۆ ئازادکردنی تواناکانیان. بۆئەوەی ئەم خوێندنەوە ئایدۆلۆژییەی ئازادی بە شێوەیەکی رێك و پێك دەرك بکرێت، دەبێ لەگەڵ باکگراوندی سەرکوتگەرانەی رژێمە تۆتالیتارییەکان، کە بیرمەندان کاردانەوەیان بەرانبەر پیشاندا، بەراورد بکرێت. ئەم لایەنەی هێرمنیوتیکس لەگەڵ جەختکردنەوەکەی مانهایم لەسەر پرۆگرامبوونی کۆمەلآیەتییانەی ئایدۆلۆژیا، بەیەکدا دەچێت.

رێنماییەکی تری هێرمنیوتیکس ئاماژە بە تێکستەکان خۆیان دەکات. تێکستەکان چەندەها دەرفەت بۆ لێ تێگەیشتنیان دەکەنەوە- رێگە بە خوێندنەوەیەکی دەسەلآتخوازانە نادەن. هۆکاری سەرەکیی ئەمە، ئەوەیە کە واتای وشەکان، رستەکان و قوولّتر، ئایدۆلۆژیاکان، ناکرێ بە شێوەیەکی ئالّۆز دەرك بکرێت. ئەو فرە مانایەی هەلّیدەگرن، دەیانکات بە شتێکی دیارینەکراو. وێنەیەکی رادیکالّی ئەم روانگەیە لەم دەستەواژەیەدا بەدی دەکرێت: "تێکستی بێ نووسەر". هەروەها ئەم بەلّگاندنە دەلّێت، ئەو کاتەی تێکستێك بەرهەم هێنرا، ژیانی تایبەت بە خۆی دەست پێ دەکات و دەکەوێتە بەر نەشتەری تێگەیشتنەکانی خوێنەرە جیاجیاکانی ئایندەی، نەك ژێر کۆنترۆلّی نووسەرەکەی. ئەم ئایدیایە قورساییەکی گەورە دەدات بە راڤەکارانی ئایدۆلۆژیا. گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ئایدۆلۆژیاکان، وەکو تێکست- جۆرەها فۆرم دەگرنەخۆ، جەختکردنەوە بوو لەو بەلّگاندنەی کە زاراوەی "ئایدۆلۆژیا" بە شێوەی تاك، چیتر ناکرێ بەکاربهێنرێت بۆ جێگۆڕکێپێکردنی ئەو فرە ئایدۆلۆژیایەی شاردوویەتییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ فرە مانایی زۆر قوولّتر ببێتەوە. بێ

سنوورییە تیۆرییەکەی هیچ نەبووە جگە لە تایبەتمەندییەکی لۆژیکیی ئەبستراکتی تێکستەکان. ئەمە پیشانیدا کە ئێمە ناتوانین جەخت لە هەموو ئەو مانایانە بکەینەوە کە ئایدۆلۆژیایەك دەشێت هەڵیبگرێت، کە لەوانەیە راست بێت، بەڵام هیچ پێوەرێکی نەخستە روو بۆ ئەوەی کە جۆرە گرنگترەکە لە جۆرە ناگرنگترەکە جیا بکەینەوە. ئەمە زەمینەی خۆشکرد بۆ تێگەیشتن لە جیهانی واقیعیی ئایدۆلۆژیاکان. ئەگەر ژمارەیەکی زۆری لێکدانەوە لەئارادایە، کە هەموویان بەهۆی ئەوەی لە ژێر هەندێ هەلومەرجدا شیاوی لێ تێگەیشتنن راستن، چۆن هەرگیز دەتوانین لە ئایدۆلۆژیایەك تێبگەین، چ جای ئەوەی ستایشی بکەین؟

کاردانەوە لە بەرانبەر ئەو کێشەیەدا لەلایەن هەندێ لەو تیۆردانەرانەی ئایدۆلۆژیاوە هات، کە بڕوایان وابوو کە کۆت و بەندە کەلتووری و مێژووییەکان ئەو نادیاریکراوییە بەرتەسك دەکەنەوە. هەرچەندە لەوانەیە ئێمە هەمیشە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئایدۆلۆژیا بخەینەڕوو، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە داڕێژەرانی ئایدۆلۆژیا هێڵی جیا جیایان لەسەر رووبەرەکان کێشاوە و لەسەر هەر رووبەرێك نیشانەی دیاریکراویان داناوە. هەروەکو بینیمان، مێژووی کەڵەکەبووی ئایدۆلۆژیا زیندووەکان بە دەسەڵاتی زیندوویانەوە- کۆنسێرڤاتیزم، لیبراڵیزم یان سیۆسیالیزم- هانی بزووتنەوە ئایدۆلۆژییە گەورەکانیاندا، تا تەرکیز بخەنەسەر رستێکی دیاریکراوی فۆرمی واتاکان و بەڵگاندنەکان، کە لە نەریتێکدا گرد بوونەتەوە، نەك ئەوەی لە فۆرمە نادیار و نابەردەوامەکاندا دەربکەون. پرسیاری وەکو ئازادیی تاکەکەسی، سنووردارکردنی چالاکیی دەوڵەت، یان ئەمەی چی لەگەڵ هەژاردا بکرێت، لە زۆرێك لە ئایدۆلۆژیاکاندا دەرکەوتنەوە و ناچاری کردن لە دەوری ئەم پرسانە کۆ بنەوە، نەك پرسیاری دیکە. لە روانگەی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە، ئەم بەرتەسکبوونەوەیە تەنانەت زیاتر و زیاتر بوو، چونکە بەڵگاندنەکانی هەر ئایدۆلۆژیایەك لە زماندا دەخرێنەڕوو، کە هەوڵ دەدات ئەوەندەی دەکرێت دیاریکراو بێت.

ئێستاکە ڕێگا کراوە بوو بۆ دانانی ئایدۆلۆژیاکان بەو ئامرازانەی، کە بە شێوەیەکی دیاریکراو دەتوانن خۆیان لەگەڵ نادیاریکراویی ئەو پەیامە سیاسییانەدا بگونجێنن کە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بوونەوە. ئەوان لە ڕێگەی هەڵبژاردن، ئیمتیازدان و ئەولەویەتدان بە هەندێ واتای کۆمەڵایەتی لەناو هەموو ئەوەی کە هەیە، بەکارهێنانی ئامرازی جیاجیای قایلکردن، پیاهەڵدان و هێزی زارەکی، دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەو نادیاریکراوییەدا نەرم کرد. بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە گۆڕان لەخۆگری واتاگەلێك بوو، کۆنسێرڤاتیڤەکان جێناوی وەکو "پەیتا پەیتا"، "سەلامەت" یان "سروشتی"یان بۆ ئەو چەمکەی گۆڕان بەکارهێنا کە دەیانویست ڕەوایەتی پێبدەن، لەکاتێکدا کە جێناوی وەکو "ڕادیکاڵ"، "شۆڕشگێڕانە" و تەنانەت ناوبەناو "پلان بۆدانراو"یان بەربەست دەکرد. لەم ڕووەوە، لە شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکاندا سێ هەنگاو هەبوون. لۆژیکی وتەزای "ئایدۆلۆژیا" بۆ داننان بوو بە فۆرمە بێ سنوورەکانیدا، تێڕامان بوو لە مەحاڵبوونی تێگەیشتن لە ماناکەی. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنتێکستە مێژوویی و کەلتوورییەکان ڕیزبەندیی واتاکانیان بۆ لێ هەڵبژاردن، بەرتەسك کردەوە. سەرەنجام تێبینیکردنێکی قووڵتر هات: لەناو ئەو ڕیزبەندییە بەرتەسککراوەدا، هەر ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو هەوڵیدا وەها ڕەفتار بکات وەك بڵێی کە دەشێت واتا بکرێتە شتێکی دیاریکراو. ئێستا پرسیارەکە ببوو بە، ئایدۆلۆژیاکان چۆن بە ڕاستی بگەنە ئەوەی کە دەیانکرد، هەرچییەك بێت؟

## مۆرفۆلۆژیی ئایدۆلۆژی: لە ناکۆکی داماڵینی ناکۆکئامێز

بەم پێیە ئایدۆلۆژیاکان لە ڕوانگەیەکەوە خرانەڕوو، کە وەکو شتێکی تازە ڕۆشناییان خرایەسەر . هەروەکو چۆن ڕستەکان لە ڕێسایەکی دیاریکراوی وابەستەبوون بە یەکتری وشە دەگرنەخۆیان، ڕێسایەك کە توانامان پێ دەدات لە وشەکان تێبگەین، بۆ ئایدۆلۆژیاش هەروایە. ئایدۆلۆژیاکان وشەی تایبەتی وەکو ئازادی، دەسەڵات،

یەکسانی، مافەکان و دیموکراسی دەگرنەخۆیان. ئەم وشانە، دەلالەت لە چەمکە سیاسییەکان دەکەن. لە راستیدا، چەمکی سیاسیی لەم بابەتە یەکەی بنچینەیی بیری سیاسی بە شێوەیەکی گشتی، فەلسەفەی سیاسی و ئایدۆلۆژیان. ئایدۆلۆژیاکانیش ئەو چەمکە سیاسییانە لە رێسای دیاریکراودا رێك دەخەنەوە. بۆ نموونە لیبرالیزم هەمیشە چەمکی بنەڕەتیی وەکو ئازادی، تاکگەرێتی، ئەقڵانیەت و پێشکەوتنی خستووەتە چەقی خۆیەوە. چەمکە سیاسییەکانی تری وەکو رەوایەتی و دەسەڵات بۆ ئەوە ئامادەکران کە پەیوەست بن بە رێکخستنی ئەو چەمکانەی لە چەقەکەدان. کەواتە تاکە حکومەتی رەوا، ئەوەیانە کە رێزی لە ئازادیی تاکەکەسی ناوە. سۆسیالیزم سیستەمی چەمکیی لە دەوری چەمکە ناوەرۆکییەکانی وەکو هاریکاریی گروپ، یەکسانی و کار هەبوو. ئەم چەمکە بنەڕەتییانە هاتنی چەمکەکانی تریان بۆ ناو خێزانی ئایدۆلۆژیی سۆسیالیستی کۆنترۆڵ کردبوو. دەبووایە دەسەڵات ئامانجەکانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی قووڵ بکاتەوە، تاکەکەس وەکو ئەندامێکی هاوکاری گروپ پێناسە کرابوو.

ئەم روانگەیەی ئایدۆلۆژیا، بۆچوونێکی مۆرفۆلۆژییە. ئەمە مۆرفۆلۆژییە، چونکە بونیادی ناوخۆیی ئایدۆلۆژیاکان وەکو لایەنێکی زیندووی شیکردنەوەکەیان دەبینێت. بەم تێڕوانینەوە، دەتوانین لە بەشی سێیەمدا رەهەندێکی تر بخەینەسەر پێناسەکردنەکانی پێشووی ئایدۆلۆژیا:

ئایدۆلۆژیاکان تۆپەڵ و ئاوێتەی ئاڵۆزی چەمکە سیاسییەکانن لە رێسای خۆگردا.

بۆیە ئەو واتایانەی ئایدۆلۆژیایەك دەیانگەیەنێت، وێنەدەرەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو چەمکانەن کە دەیانگرێتە خۆ. دادپەروەری واتایەکی زۆر جیاواز دەگرێتەخۆی ئەگەر ئایدۆلۆژیا لە نزیك یەکسانییەوە دایبنێت، نەك موڵکایەتی. لە حاڵەتی یەکەمدا دادپەروەری هەمیشە فۆرمێکی یەکسانی دەهێنێتە پێشەوە، یەکسانی لەبەردەم یاسادا، یەکسانیی ئابووری، یەکسانیی جێندەر و هیتری لەم بابەتە. لەکاتێکدا کە دەبێت لە حاڵەتی دووەمدا روو بکاتە موڵکایەتی- بە پارێزگاریکردنی

له ڕێگەی یاساکانی میراتەوە یان لە ڕێگەی قەدەغەکردنی باجدانانی بەربڵاو. لەوانەیە ئەمە تێگەیشتنەکانی ئایدۆلۆژیا بەلای ئێمەوە باشتر بکات. ئەو واتایانەی، کە ئایدۆلۆژیا دەیگەیەنێت نەك تەنیا نەریتەکانی گوتاری سیاسی، نەك تەنیا پلورالیزمی کەلتووریی کۆنتێکستە جیاوازەکان کە ئایدۆلۆژیا تیایاندا پێکهاتووە، بەڵکو دەشێت لە ڕێگەی ئەو ڕێسا دیاریکراوانەی کە تیایاندا چەمکە سیاسییە پەراوێزییەکان ڕێکخراون، بەدەست بهێنرێن. ئێستا پێویستە ئێمە پێناسەمان بۆ ئایدۆلۆژیا بەم شێوەیەی خوارەوە فراوان بکەین:

ئایدۆلۆژیا ڕێکخستنێکی بونیادیی بەرفراوانە، کە واتا دەداتە پاڵ ڕستێك چەمکی سیاسیی هاوتا.

ئایدۆلۆژیا وەکو ڕستێك بڕگەی پارچەیەکی مۆبیلیات، کە بە زۆر ڕێگا دەکرێ بە یەکەوە ببەسترێن (هەرچەندە هەندێ ڕێگای ڕێکخستنیان زۆر لەوە پوچترە کە بیری لێ بکرێتەوە). لە ڕێگەی ڕێکخستنی جیاجیای ئەو پارچەیە، دەتوانین ژووری جیاجیا دروست بکەین، تەنانەت بە بەکارهێنانی هەمان بڕگە. هەربۆیە چەمکە سیاسییە هاوشێوەکان دەتوانن ببنە بلۆکی بونیادنانی زنجیرەی تەواوی ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان، چونکە لەوانەیە هەمان بڕگە (چەمك) لە دوو ژوور (یان ئایدۆلۆژیا)ی جیاوازدا ڕۆڵ (یان واتا)یێکی جیاوازی هەبێت. لە ژوورێکدا مێز بۆ نان خواردن بەکاردێت، لە ژوورێکی تر بۆ نووسین. لەوانەیە لە ئایدۆلۆژیایەکدا مافەکان بۆ پاراستنی شکۆمەندیی مرۆڤ لە دەستدرێژی بەکاربهێنرێن، لە یەکێکی تردا بۆ پاراستنی موڵکایەتی تایبەت و سامان لە بەرانبەر سوودگەیاندن بە چاکەی گشتی.

ڕێگایەکی تری تێگەیشتن لەم بۆچوونە، گرێدانەوەی ئایدۆلۆژیاکانە بە کێشەیەکی ناسراو لە توێژینەوەی بیری سیاسیدا، ئەوەش "ناکۆکیی جەوهەری"ی چەمکەکانە. ئەمە لە دوو وتە پێکدێت. یەکەمیان دەڵێت ئێمە قەت ناتوانین کۆك بین لەسەر هەڵسەنگاندنێکی تەواو ڕاستی چەمکێکی سیاسی. وەکو ئەوەی کە بڵێین "سوور باشترە لە شین" هیچ واتایەکی نییە کە

بەشێوەیەکی شێلگیرانە بلێین "ئازادی باشترە لە یەکسانی". لەوانەیە ئەوەی دووەمیان حوکمێکی ئەخلاقی و ئەوەی یەکەمیان جوانناسی بێت، بەلاّم لە هیچ کام لە حالّەتەکاندا هیرارکییەکی جیهانییانە قبولّکراوی بەهاکان لەئارادا نییە، کە رێگە بە هەلّسەنگاندنێکی دواییینی باشەکان بدات نە هیرارکییەکی لەو شێوەیەش لەئارادا دەبێت، چونکە هیچ ئامرازێکی بابەتییانە بە راست دانانی ئەم باشییانە بوونی نییە.

وتەی دووەمیان دەلێت چەمکێکی سیاسی هەمیشە پێکهاتەی ئەگەریی زیاتر لەوە دەگرێتەخۆ، کە بکرێ پێناسەیەکی واقیعیی یان پیادەکردنی ئەو چەمکە بیگرێتەخۆی. سەرەنجام چەمکێکی سیاسی گەلێك چەمك دەگرێتەخۆی. چەمکی یەکسانی بە نموونە وەربگرە. ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی بیری لیّ بکەینەوە، بە گشتی، لەوانەیە ئاماژە بکات بە شوناسێکی ماتماتیکی، بە هاوشێوەبوون، بە هاوتایی ئەخلاقیی ئەندامانی گروپێکی دیاریکراو. لەوانەیە وەکو یەکسانی دەرفەتەکان بەرجەستە ببێت، یان یەکسانیی لێهاتوویی یان یەکسانیی پێویستی. بەلاّم ناکریّ هیچ بەکارهێنانێکی زاراوەی "یەکسانی" لە یەك کاتدا هەموو ئەو مانایانە بگەیەنێت، چونکە هەندێکیان ناکۆکن. ناکریّ کەسێك لەگەلّ یەکێکی تردا هاوشێوە بێت و لەهەمان کاتدا لێشی جیاواز بێت . ناشکرێت چەمکی یەکسانی فرمان بە یەکێك بدات کە کالاّیەکی کەم - بۆ نموونە خۆراك- بە پێی پێویستی دابەش بکات (خستنەکاری پێوەری برسێتی، بارودۆخ خراپی، یان پێداویستییە تەندروستییەکان، پێویستە هەموو پێداویستییەکانی بە یەکسانی مامەلّەیان لەگەلّدا بکرێت) لە هەمان کاتیشدا بەپێی لێهاتوویی دابەش بکرێن (خستنەکاری پێوەری شایستەیی: "من ئەم خواردنەم لە رێگەی کاری سەختەوە بەدەستهێنا، بەلاّم تۆ نا(پێویستە هەموو هەولّەکان هەمان بانگەشەیان هەبێت). ناکۆکیی جەوهەری لێرەدا لەو راستییەدایە، کە ئێمە قەت ناتوانین کۆك بین لەسەر ئەوەی کە کام تێگەیشتنانەی یەکسانی بخرێتە ناو چەمکەکەوە یان لێی

لاببرێت. ئەمە ناکۆکییەکی جەوهەرییە نەك ئەگەری، چونکە فرەمانایی زمان هەرگیز رێگە نادات بەوەی کە بچوك بکرێتەوە بۆ تاکە واتایەك کە کۆکبوونی لەسەرە. هیچ تاقیگەیەکی توێژەرانی فەلسەفی لەئارادا نییە، کە تاوەکو ۲۰۲۰ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات!

سەرەنجام ئایدۆلۆژیاکان ئەو سیستەمانەی بیرن، کە لە رێگەیانەوە واتای دیاریکراو دەدرێتە هەموو چەمکێکی سیاسی لە بوارەکەی خۆیاندا. ئەمە بە رەوایەتیدان بە واتای هەر چەمکێك و لێسەندنەوەی رەوایەتی لەوانەیتر، بەدەست دێت. چەمکە سیاسییەکان خۆیان بەتیا زۆر ئالۆزتر و زۆر بەتالّترن لەوەی کە واتایەکی روون هەلّبگرن. ئەگەر من هەستمە سەر پێ و هاوار بکەم "ئازادیم دەوێ!" هاواری من بە تەمومژاوی دەمێنێتەوە. دەبێ ئێمە دەست بەجێ ئەو وردەکارییەی بۆ زیاد بکەین، کە تەنیا بە وەلاّمدانەوەی پرسیاری زیاتر دابین دەکرێت. ئازادی لە چی یان لە کێ؟ چۆن دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کە من ئازادم؟ من لە مومارەسەکردنی ئازادییەکەمدا چی دەلّێم یان دەکەم؟ ئایا دەبێ مومارەسەری شتێك بکەم کاتێك ئازادم؟ سەرەنجام دەبێت چەمکە پەراوێزییەکان زانیاریی زیاتر بۆ چەمکی ئازادی زیاد بکەن. لەوانەیە وا پێویست بکات کە من دیاری بکەم، کە ئەو کاتە ئازاد دەبم کە هیچ کەسێك بە شێوەیەکی فیزیکی دەستدرێژی نەکاتە سەرم، یان ئەو کاتەی کە ئارەزوو و پلانە ئەقلاّنییەکانی ژیانم بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سنووردار نەکرابن، بەلّکو لەرێگەی هاوکاریی ئەوانیترەوە پالّپشتی کرابن. لە حالّەتی یەکەمدا، ئازادی نزیکە لەو چەمکەی تاکەکەس، کە بۆشاییەکی تایبەتی ئیمتیازپێدراوی گرتووە و لەو چەمکەی دەولّەت کە لە دەستێوەردانی  ژیانی کەسیدا سنووردارە. لە حالّەتی دووەمدا، لەو چەمکەی تاکەکەسەوە وەکو کیانێکی روولەگەشە و بەئامانج نزیکە و لە دەولّەتەوە وەکو دامەزراوەیەك کە وێنەدەرەوەی پشت بەیەکتربەستنی تاکەکانە لە کۆمەلّگەدا. ئایدۆلۆژیا، بە رێکخستنیان لە رێسایەکدا کە پێکەوە

بە چەمکە دیاریکراوەکانی ترەوە گرێیان دەداتەوە، واتاکانی ئەو چەمکە سیاسییانەی دەیانگرێتەخۆ دیاری دەکات. ئەم ڕێکخستنە، تێگەیشتنە دیاریکراوەکانی هەر یەك لەو چەمکانە سادە دەکاتەوە. کتومتیی مانا، لەکاتێکدا کە هەرگیز سەلمێنەرانە نییە، لە ڕێگەی کارلێکی بەرتەسك و دیاریکراو لە نێوان ئەو چەمکانەی بەکاری دەهێنێت، بەدەست دێت. ئایدۆلۆژیا هەوڵ دەدات کۆتایی بە ململانێی حەتمی لەسەر چەمکەکان بهێنێت لە ڕێگەی ناکۆکی داماڵینیان، بە لابردنی ماناکانیان لە ناکۆکیدا. ئایدۆلۆژیایەك رایدەگەیەنێت "ئەمەیە واتای دادپەروەری" و"دیموکراسی ئەمەی بەدوادا دێت". بە هەوڵدانیان بۆ رازیکردنمان لەبارەی ئەوەی کە راستن و راستی دەڵێن، ئایدۆلۆژیاکان دەبنە ئامرازگەلێك بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ نادیاریکراویی واتادا. ئەمەیە رۆڵی سیمانتیکییان. لێرەوە دەستکارییەکی بچوك بۆ پێناسەکەی پێشوو تێبینی بکە:

ئایدۆلۆژیا ڕێکخستنێکی بونیادیی بەرفراوانە، کە واتا لە ناکۆکی داماڵراوەکان دەخاتەپاڵ رستێك چەمکی سیاسیی هاوتا.

پێویستە ئایدۆلۆژیاکان بە هەمان شێوە، ئەو چەمکانە لە ناکۆکی دابماڵن کە بەکاریدەهێنن، چونکە ئامرازن بۆ پێکهێنانی بڕیارە بەکۆمەڵەکان. ئەمە رۆڵی سیاسییانە.هەروەها بەبێ خستنەبەر گفتوگۆی مەسەلەی دیاریکراویی، ناکرێ ئەم بڕیارانە بدرێن. بڕیار، دەربڕینێکی کۆتاییهاتنە (راستەقینە بێت یان دەستکرد)، زەنگی داخستنی مشتومڕە و ئایدۆلۆژیاکان کۆشش دەکەن بۆ دابینکردنی دڵنیاییەك، کە پاڵپشتیی ئەو کۆتاییهاتنە دەکات. بەم ڕێگایە، بەرهەمهێنەرانی ئایدۆلۆژیا بانگەشەی پشتگیریی واتا "راستەکان"ی ئەو چەمکە سیاسییانە دەکەن، کە ئاماژەی پێدەدەن. بۆیە پێویستە پەرەگرافێکی تر بۆ پێناسەکەمان بۆ ئایدۆلۆژیا زیاد بکەین.

ئایدۆلۆژیاکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی زمانی سیاسی و هەروەها لەسەر پلانەکانی سیاسەتی گشتیش پێشبڕکێ دەکەن. لە راستیدا پێشبڕکێیەکەیان لەسەر پلاندانان بۆ

سیاسەتی گشتی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی پێشبڕکێیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی زمانی سیاسی بەڕێوە دەچێت.

وانەیەك کە دەشێت ئێمە لە توێژینەوەی سیمانتیکس دایبتاشین، ئەوەیە کە هەر کەسێك موماسەرەی ئەم کۆنترۆڵە بکات، ئەوا لە پێگەیەکی بەهێزدایە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێوشوێنە سیاسییانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك لەبەرچاوی دەگرن یان لانی کەم دەتوانن وێنای بکەن. جارێکی تر، ململانێ لەسەر کۆنترۆڵ، ئایدۆلۆژیاکان دەخاتە چەقی پرۆسەی سیاسییەوە.

## کۆت و بەندە لۆژیکی و کەلتوورییەکان

شتێکی زیاتر هەیە بوترێت لەبارەی ئەو شێوازەی کە بەهۆیەوە ئایدۆلۆژیاکان واتاکانی ئەو چەمکە سیاسییانەی کە هەیانە، لە ناکۆکی دائەماڵن. دوو جۆری کۆت و بەند، لۆژیکی و کەلتووری، سنوور لەبەردەم ئەو واتا ئاگایانە یان نائاگایانە دادەنێن، کە ئایدۆلۆژیاکان دەیانگەیەنن. کۆت و بەندە لۆژیکییەکان ئیش لەسەر هەموو ئایدۆلۆژیاکان دەکەن. لە رووی لۆژیکییەوە بۆ ئایدۆلۆژیا ناکۆك دەبێت، کە بەرگری لە ئیختیاری تاکەکەسی بکات و نکوڵی دەنگدان لە خەڵك بکات یان پشتگیری لە یەکسانی کۆمەلایەتیی فراوانتر بکات و تەنیا باج لەسەر گروپە کەم داهاتەکان دابنێت. تەنانەت ئەو ئایدۆلۆژیایانەی لە رووی تەقلیدییەوە تا ئاستێکی بەرفراوان بە نائەقلانی لەقەڵەم دراون، وەکو فاشیزم، جێگیرییەکی ناوخۆیی نائومێدبەخشیان هەیە کاتێك مرۆڤ لە پەنجەرەی جیهانە ناپەسەندەکەیانەوە دەڕوانێت و دەپرژێتە سەر کارکردن بە گریمانە بنەڕەتییەکانیان. ئەگەر جولەکە نەژادی ئاری ژەهراوی بکەن و ئەگەر ئەم "ژەهراویکردنە" زیانبەخش بێت بۆ نەژادی مرۆڤ (دوو ئەگەر کە پشکنینێکی ئەقلانیی شێلگیرانە پیشان نادەن)، ئەوا جیاکردنەوەی جولەکە لە ئارییەکان بەجێیە. لە راستیدا هەموو ئایدۆلۆژیاکان لەو گریمانە

دانوستان لەسەر نەکراوانەوە دەست پێدەکەن، کە دەکرێ ئەنجامگیریی لۆژیکییان لێوە بەدەست بهێنرێت. بەڵام زۆربەی ئەم گریمانانە، بە پێچەوانەی فاشیستییەکان، شیاوی تەحەمول کردنن و دەکرێ پاساوێکی ئەقڵانی یان ئەخلاقییان پێ بدرێت. لەم رووەوە، لیبرالّیزم ئامادە نییە دانوستان یان رێککەوتنی هاوبەش لەسەر ئەو مافە مرۆییانەی کە بۆ تاکەکان تەرخان کراون یان لەسەر ئارەزوومەندێتیی ئازادیی تاکەکەسی بکات. ئەمانە دەکرێ لە رێگەی ئەو سیستەمە ئەخلاقییانەوە پاساو بدرێن کە بە هەمان شێوە وەها وێنا کراون چۆنایەتی ئەزموونیی ژیانی خەڵك باش بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناجێگیرییە لۆژیکییەکان دەخزێنە ناو ئایدۆلۆژیاکانەوە. ئیتر ئەو کاتەیە کە هەوڵەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی زمانی سیاسی پێدەگات. لەوانەیە ئایدۆلۆژیایەك جەخت لەوە بکاتەوە کە برەو بەو ریفۆرمە ژینگەییە گەورانە دەدات کە مەترسیی گەرمداهاتنی جیهان کەم دەکەنەوە، کەچی لە هەمان کاتدا پشتگیریی سیاسەتی وەبەرهێنان بکات لە پیشەسازییە پیسبووەکاندا. ئایدۆلۆژیاکان زیرەکن لە ئاشتکردنەوەی ئەم ناکۆکبوونانەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی، چونکە شێوازی فرەمانایی کە بەهۆیەوە هەر یەك لەم سیاسەتانە دارێژراون، بایی پێویست رێگە بە سەربەستیی لێکدانەوە دەدات بۆ دۆزینەوەی رووبەرێکی جێگیریی لۆژیکی لەناویاندا. لەوانەیە ئایدۆلۆژیایەك بە مشتومڕکردن لەسەر ئەوەی کە نەبوونی پیسبوون هەمیشە مەحاڵە، سیاسەتێکی باجدانان لەسەر پیسکەرانی ژینگە دابنێت و ئەم داهاتە بەکاربهێنێت بۆ توێژینەوەی ژینگەیی. یان بە جەختکردنەوە لەوەی کە پرەنسیپە ئایدۆلۆژییەکانی تریش- گۆڕانی پەیتا پەیتا، رێزگرتن لە مافە موڵکایەتییە هەنووکەییەکان- پەیدا دەبن و پێویستیان بە پارێزگاری دەبێت، خشتەیەکی زەمەنی پەسەند بکات. یان لەوانەیە بەڵگەیەکی ئەزموونی ئامادە بکات بۆ ئاماژەکردن بەوەی کە ئەو پیسبوونەی بەهۆی وڵاتە پیشەسازییەکانەوە دروستبووە تەواو کاریگەری

هەیە لەسەر گەرمداهاتنی جیهان. دەرفەتەکان زۆر زۆرن، هەموشیان قۆرخکردنێکی گوماناوی ئەو زانیارییانە نین کە رەوانەی خەڵك دەکرێن.

لە کرداردا، زۆرجار تەمومژاوی بوون لەبواری سیاسیدا پێویستە. سیاسەت نەك تەنیا لە بڕیارداندا کە پێویستی بە لە ناکۆکی دامالێن هەیە، بەڵکو لە سازدانی پشتیوانیش پێکدێت. ئەوەی دواییان پێویستی بە بونیادنانی کۆدەنگی هەیە، یان لانی کەم کۆکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە لە پێگە هاوتاکاندا بۆ سازدانی پشتگیری بۆ هەڵوێستێکی سیاسی. لەم بارودۆخانەدا پێویستە وەرگرانی زمانی سیاسی، ئەو رستانەیان بخرێتەڕوو کە بایی پێویست بۆ گروپ و تاکەکەسە جیاوازەکان کراوەن لە واتاکانیاندا، بۆ ئەوەی باشییەکانی خۆیانیان تیادا بدۆزنەوە و لە ناکۆکبوونەکان خۆیان لابدەن. کاتێك سیاسییەك رایدەگەیەنێت کە خوازیارە هانی بەهاکانی کۆمەڵ بدات، جوولانی ئەو چەمکە بەرەو سەنتەری ژووری ئایدۆلۆژی زۆرێك لە وەرگرانی ئایدۆلۆژیا دڵخۆش دەکات. دڵی سۆسیالیستەکان خۆش دەکات، کە چەمکی کۆمەڵ بەلایانەوە پەیوەندی هەیە بە هاریکاریی کۆمەلایەتی و گرنگیی چالاکی گروپەوە. دڵی کۆنسێرڤاتیڤەکانیش خۆش دەکات، کە چەمکی کۆمەڵ بەلایانەوە پەیوەندی هەیە بە ژیریی بەکۆمەڵی نەوە یەك لەدوای یەکەکان و رێگا نەگۆڕەکانی هێنانەکایەی کۆمەڵە بچوکە کۆنکریتییەکان. ئەمە تەنانەت دڵی ژینگەخوازەکانیش خۆش دەکات، کە بەلایانەوە پێویستە پاراستنی سروشت لە یەکانگیریی ژیانی کۆمەلایەتیدا رەنگ بداتەوە.

لێرەوە، تەمومژاویبوون و دڵنیایی، دوو تایبەتمەندیی پێویستی هەر ئایدۆلۆژیایەکن. ئەمانە کێرڤی ژیانی بەرز دەکەنەوە و گرنگن بۆ ئەو هارمۆنی(ی وێناکراو) و سەقامگیرییەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە رێگەی پرۆسەی سیاسییەوە سۆراخ دەکرێت. لەوانەیە ئەمە ناوێکی خراپ بە سیاسەت ببەخشێت، بەلام تەمومژاویبوون هەموو کاتێك دووڕوویی، فێڵبازی و بیرکردنەوەی بێ باکانە نییە- هەرچەندە لەوانەیە هیچ کام لەمانە نەبێت-

بەڵکو جڵەوکردنی زمانی سیاسییە بۆ دابینکردنی یەکێك لە هەرە بەنرخترین سەرچاوەکانی سیاسەت: پشتیوانیی سیاسیی خەڵك. لە هەر حاڵەتێکدا، وردیی زمان هەرگیز مسۆگەر نییە و تەنانەت لە ناکۆکی داماڵینێکی بەهێزیش کراوە دەبێت بۆ هەر لێکدانەوەیەك. هەڵبەت لەوانەیە هەندێ لێکدانەوەی چاوەڕواننەکراو (و چاوەڕوانکراو) پشتگیری کەم بکەنەوە نەك زیادی بکەن. بڕیاری حزبی کۆنسێرڤاتیڤی بریتانی بۆ برەودان بە "بەها خێزانییەکان" کاریگەری پێچەوانەی هەبوو، کاتێك لە ناکۆکی داماڵرا، بۆ نموونە، وەفاداریی هاوسەری (کە هەموو سیاسییە کۆنسێرڤاتیڤەکان نەیانخستووەتەڕوو) نەك بەخەمبوون بۆ ئەوانیتر.

هەرچی پەیوەندی بە کۆت و بەندە کەلتوورییەکانەوە هەیە، دەشێت ئێمە ئاماژە بەوە بکەین، کە کەلتوورەکان ئەو کاڵا کەرەستەیی و رەمزییانەن کە کۆمەڵگاکان بەرهەمی دەهێنن. لەوانەش بەرهەمی هونەریی دەستکرد، زانست و تەکنۆلۆژیا، هونەر، مومارەسە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە ئەفراندنی وێنایی و ئەو سیستەمانەی ئایدیاکان و بیر دەگرێتەوە، کە جیهانمان رێك دەخەن و رەفتار و چالاکیمان ئاراستە دەکەن. کۆت و بەندە کەلتوورییەکان لەسەر ئایدۆلۆژیاکان ئەمانە دەخەنە ناو کۆتێکستەکانی کات و بۆشاییەوە و دەستکاری ئەو لێکدانەوانە دەکەن، کە سیستەمە چەمکییەکانیان دەشێ هەڵیبگرن. پرسیاری ئەوە لەبەرچاو بگرە کە چۆن هەژاری لە وڵاتێکدا بنەبڕ بکرێت. لە رووی لۆژیکییەوە چەندەها دەرفەتمان لەبەردەمدایە. چارەسەرێك بریتییە لە لەناوبردنی هەژاران. چارەسەرێکی تر ئەوەیە، کە هەژاران بگوازرێنەوە بۆ سەرزەمینێکی خەیاڵی - دەتوانین ئەمە بە پاکتاوی ئابووری ناو ببەین! چارەسەری سێیەمیان بریتییە لە پێناسەکردنەوەی چەمکی هەژاری، بۆ لابردنی تەواوی دانیشتووان، واتە لە رێگەی بانگەشەکردنی ئەمەی، کە تەنیا لە خاڵی مەرگدا هەژارین. چارەسەرێکی تر ئەوەیە، کە هەر لە سەرەتاوە بەر بگرین لە

دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوەکان لە ڕێگەی دیزاینکردنی کۆمەڵگەیەك، کە تیایدا ئەندامەکانی بە پێی تواناکانیان هاوبەشی لە بواری گشتیدا دەکەن و بە پێی پێویستییان دەستکەوتی لێ بەدەست دەهێنن (بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەی پێویست هەر لە سەرەتاوە). پێنجەم چارەسەر دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانە لەوانەی بارودۆخیان باشترینە بۆ ئەوانەی حاڵیان زۆر خراپە.




**٨- توانجپۆشیی "هیچمان نییە لەدەستی بدەین جگە لە کۆت و زنجیرەکەمان" رێچکەی زۆر و بێ پایان دێنێتە پێشەوە کە لە ناکۆکی داماڵینی ئایدۆلۆژیی دەتوانێ بیانگرێتە بەر.**

یەکەم دوو چارەسەر بۆ کۆمەڵگا شارستانییەکان شیاوی گرتنەبەر نین: ئەخلاق و ڕێز و هەروەها ڕەچاوکردنە پراکتیکییەکان، وا دەخوازن کە لە رووی کەلتوورییەوە گونجاو نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا لۆژیك بە تەواوی کوێرە لە بەرانبەر پرسیارەکانی چاکە و خراپەدا. سێیەمیان هەولێکە بۆ بە چەمککردنەوەی هەژاری، بەلام لەگەڵ ژیریی گشتیی بەکارهێنانی زاراوەکەدا ناکۆك دەبێت- کۆتێکی کەلتووریی تر کە ئایدۆلۆژیاکان بە بەرپرسیارێتیی خۆیان فەرامۆشی دەکەن. ئەو راستییەش لانابات کە زۆرێك لە خەڵکی ناتوانن پارەی بژێوی بەدەست بهێنن: ئێمە پێویستمان بە داهێنانی زاراوەیەکی نوێیە بۆ ئەوەی، کە بە هەژاری ناوبراوە. چوارەم رێگا وێنەی شۆڕشێکی ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی دەکێشێت. لەوانەیە رووبدات، بەلام پێویستی بە گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێنجەم رێگا ئیشکردنە لە چوارچێوەی پێوەرە کەلتوورییە سنووردارکەرە هەنووکەییەکاندا. ئەمەیان هاوکوفە لەگەڵ تێگەیشتنە باوەکان لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا، هەرچەندە بەو مانایە نییە کە بڵێین بەم پێیە کۆنسێرڤاتیڤە، چەندین شێوازی ئەلتەرناتیڤی دابەشکردنەوە هەن. بیر لەو تێگەیشتنە زۆرانە بکەوە کە بۆ چەمکی یەکسانی هەن.

لێرەدا ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مانا لە سۆنگەی کەلتوورییەوە ئیمتیازی هەیە و کاتێك ئایدۆلۆژیاکان بەڵگاندنەکانیان بونیاد دەنێن، بەشێوەیەکی ناوازە رستێکی بەرفراوانی شێوازەکان و سیمبۆلەکانی وەکو سیستەمە بەهاییەکان، باوەڕە ئایینییەکان، مومارەسە باوەکان و ستایڵە زانستی و هونەرییەکان بەکار دەهێنن. لەم واتا گرنگەدا، ئایدۆلۆژیاکان هەمیشە کەوتوونەتە ناو کۆنتێکستێکی دیاریکراوەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە زمانی جیهانگەرایی (یونیڤێرساڵیزم) و گشتی بەکاردەهێنن، ئاماژە بەو تێگەیشتنانە دەکات کە لە کاتێکی دیاریکراوی مێژوودا لە چەند کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدەن. چەمکی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ، چەمکێکی کەلتووریی

خۆرئاواییە، چوارسەد ساڵێك لەمەوبەر یان ئەو دەوروبەرە پەیدابووە، کە هەوڵ دەدات بانگەشەی گشتیی پەیوەست بە پێداویستییەکان و سروشتی مرۆڤ لە بەرژەوەندی خۆیدا بشکێنێتەوە. ئەمە لەلایەن ئەو کەلتوورانەوە بەرەنگاری دەکرێت کە بەلایانەوە جیاوازەکانی نێوان مرۆڤەکان لە هاوبەشییەکانیان گرنگترە، یان دەشێ بەلایانەوە ئێش و ئازاری لە رووی کەلتوورییەوە پاساودراو، لەو ئاستانەی کە بۆ زۆربەی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان قبوڵ نییە، بەسەر تاکەکان بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتێکدا کە لەوانەیە کۆت وبەندە کەلتوورییەکان، کۆتە لۆژیکییەکان بەلاوە نێن، لە رێگەی بەربەستکردنی هەندێ دەرفەتی لۆژیکیی ناپەسەندەوە، لەوانەیە بە هەمان شێوە- لە دەستی ئایدۆلۆژیاکاندا- رێساکانی رۆشنیی لۆژیکی تەمومژاوی بکات.

دواجار، تازەیی چەمکی کۆت و بەندە کەلتوورییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی کەمێك زیاتری بیرۆکەی کۆنتێکستە لەو ئاستەی کە راڤەکارانی پێشووی ئایدۆلۆژیا پێیان گەیاندبوو. پێشتر، کۆنتێکستیان وەکو زەمینەیەك بۆ تێگەیشتن لە بنەچەی بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی و چۆنێتی وێنەدانەوەی بۆ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵگرانی، دەبینی. ئێستا کۆنتێکست وەکو کۆتێکی کەلتووری، دەبێتە لایەنێکی زیندووی بەردەوامی پێکهاتنی ئایدۆلۆژیاکان، بووەتە بەشێك لە بونیادەکەیان و لێرەوە پەیامی دیکە دەگەیەنن.

## چوار وشەکە

بە سەرنجدان لە بونیادی چەمکیی ئاڵۆزی ئایدۆلۆژیاکان، هەموو ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە زیادکردنی پاکێتێکی کۆتایی ماددەکان بۆ گیراوەی مۆرفۆلۆجی. ئەمە ئاماژەیە بە چوار وشەکەی دارشتەی ئایدۆلۆژیا: نزیکی، ئەولەویەت، بڵاوبوونەوە و رێژەییبوون. تایبەتمەندیی نزیکی هەروەکو پێشتر تێبینیمان کرد، پیشانی دەدات کە چەمکە سیاسییەکان بە تەنیا هیچ واتایەکیان نییە. تەنیا


ئەو کاتە شیاوی لێ تێگەیشتنن، کە لەناو بیرۆکە-ژینگەیەکی چەمکەکانی دەوروبەریان تاووتوێ بکرێن. ئەگەر تاکگەرێتی نزیك بێت لە تێگەیشتنی گەردیلەیی سروشتی مرۆڤ، تێگەیشتنێك کە تاکەکەس زیاتر وەکو خۆبەرپەوەبەرێك دەبینێت، ئەوا لە ئایدۆلۆژیاکەدا رۆڵێکی جیاواز دەبینێت وەکو لەو رۆڵەی، کە هەیەتی ئەگەر تاکگەرێتی لە تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیی سروشتی مرۆڤەوە نزیك بووایە. لە حاڵەتی یەکەمدا ئەو سیستەمە سیاسییانەی بەدوادا دێت، کە باشترین فەزای تایبەت بۆ تاکەکان مسۆگەر دەکەن. لەکاتێکدا کە لەوەی دووەمیاندا گرنگیی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەردەخات بۆ گەشەپێدانی تاکگەرێتیی کەسێك. ئایدۆلۆژیاکان ئەو بۆشاییە پێویستە دەهێننەکایەوە کە تیایدا چەمکە سیاسییەکان شێوەیەکی کۆنکریتی وەردەگرن.

تایبەتمەندیی نزیکی پیشانی دەدات، کە واتای هەر چەمکێکی سیاسی لە ئایدۆلۆژیادا و بەلگاندنە گشتییەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە بەندە بەوەی کە کام چەمکانە (و کام تێگەیشتنەی هەر یەك لەو چەمکانە) گرنگیی جەوهەری پێدراوە و کامانەیان خراونەتە پەراوێزی ئایدۆلۆژیاوە. ئایدۆلۆژیاکان وەرچەرخانی بەردەوامی بڕگەکانی پارچەی مۆبیلیاتەکە لە "ژوورەکان"یاندا ئەزموون دەکەن. دەشێت بڕگەیەك هەرە گرنگەکە بێت و دوایی بخرێتە لایەکی ژوورەکەوە یان تەنانەت داپۆشرێت. لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا، موڵکایەتی تایبەت، لەناو ئایدۆلۆژیای لیبرالّدا لە شوێنی ناوەڕاستی ژووری لیبرالّدا خرایە شوێنێکی پەراوێزییەوە. یەکێك لە کردارە پرەنسیپییەکانی ئایدۆلۆژیاکان بریتییە لە پلەبەندی کردنی چەمکە سیاسییە گەورەکان. ئەم چەمکانە پێکەوە وەکو پۆلێك ئایدیا لای کۆمەڵگەن، بەلاّم هەر ئایدۆلۆژیایەك ئەوانە هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێ جەختیان لێ بکاتەوە و پاشان هەڵبژاردنەکە بە پێی گرنگی رێکدەخات. ئەنجامەکە بریتییە لە قائیمەیەك بۆ بەکارهێنانی گشتی کە بکرێ بڕیارە سیاسییەکانی لێوە بدرێن.

پلەبەندی بونیادێکی جۆرەکانی لێ دەکەوێتەوە. کاتێك ئێمە دەڵێین، هەموو ئایدۆلۆژیاکان بۆ دەستپێکردن لێیانەوە ناوەڕۆکیان هەیە، ئەمانە ئەو تایبەتمەندییە سروشتییانە نین کە بشێت ئایدۆلۆژیا تەنیا بەشێوەیەکی ئایدیاڵ و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەزموون هەیبێت. لەبری ئەمە، گەلێك چەمکی سەرەکیی لانەبراو هەن، کە وا دادەنرێ بەکارهێنانی سیاسیی واقیعییان هەبێت. لیبراڵیزم، ئازادی و پێشکەوتن وەکو چەمکی ناوەرۆك دەگرێتەخۆی، نەك لەبەرئەوەی کە ئەمە لە ئاستێکی میتافیزیکییەوە فرمانی پێکراوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەمە ئەنجامگیرییەکە کە لە رێگەی گوێگرتنی سیستەماتیکی لە لیبراڵەکان و رەخنەگرەکانیان و لە رێگەی خوێندنەوەی ئەو تێکستانەی نووسیوویانە، پێی دەگەین. بە بەراوردکردن، مەتبەخەکان، بەرهەمی هەمیشەیی لۆژیکێکی مەزن نین. ئەمانە بۆشایی بەکەڵکن، کە بە پێی تێپەڕبوونی کات پەیدابوون بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بنچینەییەکان و ئامادەکردنی خواردن. بە شێوەیەکی ئاسایی، خۆی کە درێژکراوەیەکی کەلتووریی پێداویستییە بنچینەییەکانە، نەك بەهۆی یاسای سروشتییەوە مەتبەخەکان چێشتلێنەر و مەغسەلەیان هەیە. ئەوانە بڕگەکانی ناوەرۆکن، کەمترین پێویستین، بەبێ ئەمانە مەتبەخ، چیتر مەتبەخ نییە. بە هەمان شێوە، ئەوەی کە ئێمە بە لیبراڵیزم ناوی دەبەین چیتر لیبراڵیزم نابێت، ئەگەر ئازادی و پێشکەوتنی نەخستە چەقی نیگەرانییەکانیەوە- واتە ئاستێکی کەمترین ئەگەر نەڵێین پێویست، بۆ بەردەوامبوونی ئەوەی کە وەکو لیبراڵیزم ناسراوە. ئەگەر ئەم بەڵگاندنە پاساوی هەبێت، تەنیا لۆژیکی گەمەی زمانەوانی دووبارە دەکاتەوە. بەڵام بە هەمان شێوە بەکارهێنانی مێژوویی ئەزموونیی راگیربوو پیشان دەداتەوە.

لە دەوری ناوەرۆکەکەوە، چەمکی دەوروبەر هەن. چەمکەکانی دەوروبەر وردەکاری ئەخەنەسەر ناوەرۆکەکە. تواناکەی بۆ فرە لێکدانەوە سنووردار دەکەن و رووەو ئاراستەیەکی دیاریکراوتر پاڵی ئەنێن (لەوانەیە چەمکێکی پەراوێزی بۆ لیبراڵیزم، دیموکراسی بێت وەکو رێگایەکی زامنکردنی ئازادی و پێشکەوتن). ئایدیا یان

چەمکە پەراوێزییەکان، وردتر و دیاریکراوترن. زۆربەیان هێشتا گرنگن بۆ ئەو واتا سەرەکییانەی کە ئایدۆلۆژیا هەڵیگرتوون، هەرچەندە لەوانەیە هەندێکیان لاوەکی بن (بۆ لیبراڵیزم، لەوانەیە چەمکێکی پەراوێزیی گرنگ دژی سانسۆر بێت، لەکاتێکدا کە لەوانەیە ئەوەیان کە پەراوێزیترە بریتی بێت لە مافی مانەوەی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی). ئەمانە زۆربەیان کەوتوونەتە پەراوێزی ئایدۆلۆژیا، لە نێوان بیر و کرداردا. ئەمە ئەو خاڵەیە کە تیایدا، چەمکەکان دۆخی ئەبستراکتیان لەدەست دەدەن ("ئازادی") و لەگەڵ رێوشوێنە کۆنکریتییانەدا دەچنە ناو یەکەوە کە بەهۆی ئایدۆلۆژیایەکەوە سزا دراوە یان مەحکوم کراوە ("هاتنی ئازادانەی کۆچبەران بۆ ناو وڵات"). چەمکە پەراوێزییەکانیش بە شێوەیەکی مێژوویی رایەڵن بە کۆنتێکستەوە و بۆیە لە ناو ئەو چوارچێوە فراوانترەدا، کە بەهۆی چەمکەکانی ناوەڕۆکەوە دانراوە، شیاوی گۆڕانە. هەرچەندە لەوانەیە گۆڕانەکان لە پەراوێزدا تاوەکو ناوەڕۆکیش کاریگەرییان هەبێت: مافە یەکسانەکانی ژنان، کە لە سەدەی نۆزدەهەمی لیبراڵیزمدا پەراوێزی بوو، بووەتە شتێکی جەوهەری بۆ چەمکە لیبراڵییە ناوەڕۆکییەکانی تاکگەرێتی و ئەقڵانییەتی مرۆیی. مۆرفۆلۆژیی ئایدۆلۆژیا، نە جێگیرە و نە گۆڕاو، بەڵکو لەناو هاوشێوە خێزانییەکانی ویتگنشتاین-دا کە پێشتر باسمان کرد، سەربەستە.



**٩- "توێژاڵە لەیەك ئالاوەكان"ی (ئێم. سی. ئیشەر) پەیوەندییەكی ئاڵۆز دەوروژێنێت لە نێوان چەمكەكانی ناوەرۆك، دەوروبەر و پەراوێز كە تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی ئایدۆلۆژیان.**

تایبەتمەندیی بڵاوبوونەوە، پیشانی دەدات ئایدۆلۆژیاکان لە ئایدیاکان، تێگەیشتنەکان و چەمکەکانیاندا ناکۆك نین، بەڵکو لە چەندەها خاڵی پەیوەندیدا بەیەکدادەچن. لە یەك ئاستدا، هەر یەك لەو چەمکانەی کە ئایدۆلۆژیا دەیگرێتەخۆی، کۆبەندییەك لە پێکهاتەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێت. چەمکی دیموکراسی بە تەنیا تێڕوانینێك ناگەیەنێت، بەڵکو تێگەیشتنێکی یەکسانی (لانی کەم، یەك دەنگ بۆ یەك کەس) و تێگەیشتنێکی ئازادی (خودحوکمڕانی، ئازادبوون لە حوکمی ئەوانیتر) دەگرێتەخۆی. بەڵام ئەمانە خۆیان چەمکی جیاوازن. لەم رووەوە، ناکرێ دیموکراسی لە چەمکەکانی تر جیا بکرێتەوە، کە هەندێکیان تێگەیشتنەکانیان یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی چەمکی دیموکراسی، لەکاتێکدا کە ئەوانەیتر لاوازی دەکەن. لەم رووەوە، لەوانەیە هەندێ لە تێگەیشتنەکانی دەرفەتی یەکسان، بەها دیموکراتییەکان بسڕنەوە و دەشێت هەندێ جۆری ئازادی لەژێر دیکتاتۆریەتیشدا بانگەشەیان بۆ بکرێت. لە ئاستێکی تردا، پێکهاتەکانی ئایدۆلۆژیاش بەیەکدا دەچن: کۆکبوونێکی بەرفراوان هەیە لەنێوان لیبراڵەکان و کۆنسێرڤاتیڤەکاندا لەمەڕ ئەوەی کە ئازادییە دەستوورییەکان و لەنێوان لیبراڵەکان و سۆسیالیستەکاندا لەمەڕ رادەیەك دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ دابەشکردنەوەی زیاتر. ئایدۆلۆژیاکان لە رووی هێرمنیوتیکییەوە دیاریکراو نین: سنووربەندییەکی تەنکیان هەیە و زۆرجار بۆشایەکی بەیەکداچوو دەگرن. دەتوانین وەها ئاماژەیان پێ بکەین، کە رێساگەلێکی هەڵگرن بۆ وشەکان، ئایدیاکان و چەمکە سیاسییەکان.

تایبەتمەندیی رێژەییبوون ئاماژە دەکات بە بۆشایی رێژەیی لەناو هەر ئایدۆلۆژیایەکی تەرخانکراو بۆ بیرۆکەیەك یان کۆمەڵە چەمکێك. تا رادەیەك، ئەمە پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە کە چۆن ئایدۆلۆژیا دەیەوێت بەڵگاندنەکانی بخاتەڕوو. زۆربەی ئازادیخوازەکان (libertarians) لەڕادەبەدەر جەخت لە ئازادی تاکەکەسی دەکەنەوە لەسەر حسابی بەهاکانی ئازادیی وەکو کۆمەڵایەتیبوون،

ئەقلانیەت، یان پێشکەوتن. بەلای ئەوانەوە، زامنکردنی ئازادیی کردار بۆ تاکەکان بە سنووردارییەکی تا بکرێت کەمەوە، ئامانجی سەرەکیی سیاسەتە، ئەگەرچی ئەمە بەو مانایەش بێت کە تاکەکان ئەو هەڵبژاردنە خراپە ئەنجام دەدەن، کە رێگە لە پێشکەوتنیان دەگرێت و هەماهەنگیی ئەقلانیی کردارەکانی تاکێك لەگەڵ ئەوانەی یەکێکی تردا بەربەست دەکات. وێڕای ئەوەی کە ئازادیخوازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەندامی خێزانی لیبراڵن، بیرۆکەی ئازادی لەناو بۆشاییەکی ئایدۆلۆژیی سنوورداردا فراوان دەکەن بە شێوازێك کە لەوانەیە راڤەکارانی لیبراڵیزم حوکمی ئەوە بدەن کە رێژەییە، لەکاتێکدا کە بیرۆکەکانی تر ئاخنراونەتە ناو رووبەرێکی بچوکەوە.

تا رادەیەك، ئەمە پرسی باشترین سیستەمی گەورەکردنە بۆ دروستکردنی کاریگەرییەك لەسەر ئەو دانیشتووانەی کە ئایدۆلۆژیاکە ئاراستەیان دەکات. نووسەران و بڵاوکەرەوانی ئایدۆلۆژیا دەیانەوێ چی بەدەست بهێنن؟ ئاشکرایە، زۆرترین کاریگەری و بەناوداچوون پەیوەست بەو وەرگرانەکەی کە کردوویاننەتە ئامانج. ئەگەر بەڵگاندنەکانیان زۆر ورد و ئاڵۆز بێت، ئەوا تەنیا فەیلەسوفان و تیۆردانەرانی پرۆفێشناڵ رادەکێشن، بەڵام وەکو ئامرازەکانی سازدان لەژێر ئالایەکی ئایدۆلۆژیدا بێ کەڵك دەبن. لەوانەیە ئێمە بە وردی سەرنج بخەینەسەر هەندێ رووبەری بچوك، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لەبارەی ئەو وێنەیە نازانین، کە ئەو رووبەرانەی تێدایە. ئەگەر بەڵگاندنەکان زۆر گشتی بن، وەکو وێنەیەکی گۆی زەوی لەسەر مانگەوە، لەوانەیە ئەمە رەزامەندیبەخش بێت بۆ ئەوانەی کە نامۆن بە سیاسەت، بەڵام ناکاریگەر بێت وەکو رێنوێنێك بۆ بەردەوامبوون لەسەر رێچکە دیاریکراوەکانی بەرنامە. زانیارییەکی زۆر ئەوەندەی زانیارییەکی کەم بێ نرخە، هەروەکو لەکاتی مشتومڕ کردن لەسەر نەخشەکان تێبینیمان کرد. سادەکردنەوە و زۆرجاریش لەوە مەترسیدارتر، لەڕادەبەدەر سادەکردنەوە، ئەو شتەیە کە ئایدۆلۆگەکان بە باشترین شێوە دەیکەن.

ئەمە ئەنجامگیرییەکی خراپبوو نییە: سیستەمە سیاسییەکان ناتوانن بەبێ گەورەکردنێکی مام ناوەند، کە ئایدۆلۆژیاکان دابینی دەکەن، کار بکەن. ناکرێ بەڵگاندنە سیاسییەکان تەنیا و تەنیا ئاراستەی بلیمەتەکان و پسپۆڕەکان بکرێن ئەگەر وەها دابنرێت—هەروەکو ئایدۆلۆژیاکان- کە ئامرازی سازدانی کرداری بەکۆمەڵن. زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی لە ئەنجامی ئاڵۆزکاوییەکی زیادەدا قورساییەك ئەزموون دەکەن. ئەوان پێویستیان بەو زانیارییەیە کە لەگەڵ تواناکانی وەرگرتنیان لە بوارێکی دیاریکراودا دەگونجێت (هەرچەندە زۆرجار لەلایەن ئایدۆلۆژیاکانەوە وایان لێدەکرێت باوەڕ بە شتێك بکەن، کە باوەڕیان پێی نییە). تێگەیشتن و شیکردنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بەندن بە هەڵبژاردنی بەڵگە، بە بونیادنانی سیستەمێکی دەستکرد لەناو ئەزموونی پچڕپچڕی ئەو واقیعەدا کە هەمانە. ئەم پرۆسە حەتمییانەی هەڵبژاردن خۆیان پەیوەندییان هەیە بەو زەمینانەی تێگەیشتن و وەرگرتن، کە ئێمە دەیانگرینە بەر. ئایدۆلۆژیاکان نواندنی کتومتی واقیعی ئایدیایی نین، بەڵکو بریتین لە بونیادنانەوە رەمزییەکانی. ئەمانە کۆبەندییەکن لەو فاکتە پارچەپارچەبووانە و بەها ناکۆکانە، کە خۆیان دێنە ناو ئەو واقیعەوە. نەخشەکە زۆرجار دەبێتە واقیع خۆی.

لە سەروەختی بۆچوونی "کۆتایی ئایدۆلۆژیا"وە رێگایەکی درێژمان بڕیووە. ئێستا بیر لەوە بکەوە کە چەندە سەیر دەبێت ئەگەر رایبگەیەنین کە چیتر چەمکەکان ناکۆك نابن، ئەمەی کە ناکرێ تێگەیشتنە سیاسییەکان لە رێگای جیاجیاوە لێکبدرێن، ئەمەی کە هیچ ئەگەرێك لەئارادا نییە بۆ بەخشینی ئاستی جیاجیای گرنگی بە بەهای سیاسی، لە شێوازێکدا بەرەو ناوەرۆکی نیگەرانییەکانمان پاڵیان بنێین، لە شێوازێکی تردا هەمان بەها پەراوێز بخەین. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەو دەرەنجامانە، لە کۆتایی ئایدۆلۆژیاوە دێن! بە پێچەوانەوە، ئێمە لە مۆدێلە میکانیکی و جێگیرەکانی ئایدۆلۆژیا، ئەوانەی کە باڵادەستیی بێگەردن،

بەرژەوەندیی چینایەتی و تەمومژاویبوونن- رووەو ستایشکردنی کشۆکیی ئایدۆلۆژیا لاماندا‌وە. کتومت ئەم کشۆکییە، کە راڤەکارانی پێشووی ئایدۆلۆژیا شتێکی کەمیان لەبارەوە دەزانی، ئایدۆلۆژیاکان دەکەنە ئەو مۆتۆرانەی بیری سیاسی، کە بە شێوەیەکی تایبەت گونجاون بۆ رەچاوکردن، گواستنەوە و هەڵکردن لەگەڵ بیرکردنەوەی سیاسیی واقیعی. بە هەمان شێوە توانا بە خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا دەدات تا بەربڵاویی و جەوهەرییبوونی ئایدۆلۆژیا لەبەرچاو بگرن. دواجار، ئامرازێکی زۆر گرنگ بۆ زانایانی سیاسی فەراهەم دەکات، شێوازێك بۆ شیکردنەوەی بەراوردیی ئاڵۆزی ئایدۆلۆژیاکان. چیتر ناکرێ ئایدۆلۆژیاکان لەسەر بنەمای ئامادەیی و بزریی هەندێ لە چەمکەکان یان ئایدیاکان جیابکرێنەوە. لەبری ئەمە، بنەمای بەراوردکردن پەیوەندی هەیە بە شوێن و مۆرفۆلۆژییان، بە چوار وشەکەوە. راستە، ئەمە تاکە سەرچاوەی بەراوردکردن نییە، هەروەکو لە خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت. بەڵام ئەمەیان سوودێکی بنەڕەتی بۆ ئەو تیۆردانەرە سیاسییانەی کە راهاتوون لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ تێکست، بەڵگاندن و چەمکە سیاسییەکاندا،هەیە.

# بەشی پێنجەم

## بیرکردنەوە لە سیاسەت:

### خەڵکانێکی نوێ لە گۆڕەپانەکەدا

ئایدۆلۆژیا مۆد(mode) ێکی بیرکردنەوەیە لە سیاسەت. بەڵام دەبێ لەگەڵ ئەم دەربڕینەدا، دوو شت لەبەرچاو بگرین. ئەمە تەنیا تاکە مۆد نییە. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەمەی کە بڵێین هەموو شتێك ئایدۆلۆژییە (هەروەکو مارکسیستێکی کلاسیك لەبارەی کۆمەڵگەیەکی نامۆبوودا دەیڵێت) و ئەوەی کە هەموو فۆرمەکانی بیرکردنەوەی سیاسی رەهەندێکی ئایدۆلۆژییان هەیە (ئەمەش ئەو بانگەشەیەیە کە لێرەدا دەخرێتەڕوو). دووەم، شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی تەنیا رێگایەکی گەیشتنە بە واتای ئایدۆلۆژی. خوێندکاری ئایدۆلۆژیا پێویستی بە هەبوونی زیاتر لە ئامرازێکی مەنهەجییە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری لە ئایدۆلۆژیاکان و بەرجەستەکردنی تێگەیشتنێکی بێگەردتر لێیان.

## ئەجێندای جیاواز بەڵام یەکسان؟

کۆنترۆڵکاری گەورەی بواری بیرکردنەوەی سیاسی، فەلسەفەی سیاسییە. فەلسەفەی سیاسی، بایەخدانێکی زۆر بە هەردوو یان یەکێك لەمانەی خوارەوە دەهێنێتە ناو تیۆرەی سیاسییەوە: راستبوونی ئەخلاقیی ئەو پێشنیارانەی دەیانگرێتەخۆی و

راستبوونی لۆژیکیی و هەماهەنگیی مشتومڕئامێزی فەلسەفە سیاسییەکە. لە دەستپێکە زانراوەکەیەوە لە یۆنانی کلاسیکدا، فەیلەسوفانی سیاسی سەرقاڵ بوون بە هێنانەکایەی وەڵامی باش، واتە وەڵامی لە رووی فیکرییەوە قەناعەتهێن و لە رووی ئەخلاقییەوە گونجاو- بۆ پرسیاری وەکو "دادپەروەری چییە؟" یان "بۆچی دەبێت مرۆڤ پەیڕەوی لە دەوڵەت بکات؟" بە شێوەیەکی بەرچاو، نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر، بە هەمان شێوە سەرنجیان خستووەتەسەر وردەکاریی بەڵگاندنێکی سیاسیی باش و ئەقڵانیبوونی، هەروەها توانای ناسینەوەی جیاوازییە چەمکییەکان و رێگا لۆژیکییەکانی بیرکردنەوە و جێگیرییە ناوخۆییەکەی. باشە یان خراپە؟ راستە یان هەڵەیە؟ دروستە یان نادروستە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە فەیلەسوفانی سیاسی دەیوروژێنن لەو پرسانەدا کە مشتومڕی لەسەر دەکەن. لەم کارەیاندا، چاوەڕێ دەکرێ کە بچنە ناو پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی رەخنە لەخۆگرانە و قووڵ.

زۆرێك لە فەیلەسوفان لە پرۆژەکەیاندا بە چەمکی حەقیقەت، لانی کەم وەکو شیمانەیەکی کۆتایی، کە دەبێت پاش پرۆسەیەکی قووڵی مشتومڕ و توێژینەوەی رەخنەگرانە بەدەستبهێنرێت، رێنوێنی دەکرێن. بۆیە زۆرێکیان "راستی"یە ئایدۆلۆژییەکان وەکو کرداری لە ناکۆکی داماڵین و داخستنی گفتوگۆ، کە زۆرجار خێرا و نابەرپرسانە و شێواوە، دەدەنە بەر نەشتەری تەنز و گاڵتە. بە شێوەیەکی گشتی، فەیلەسوفان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی، بیرکردنەوەیەکی هەژارە لە رووی چۆنایەتییەوە، کە شایستەی پشکنینێکی ئەکادیمیانەی جددی نییە. هەرچییەکی تر بن، فەیلەسوفان بیرمەندانی پرۆفێشناڵن، کە ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی چۆنایەتی و تەمومژی ئەو بەڵگاندنانەیە کە سۆراخی دەکەن و شارەزایەتی مشتومڕئامێزی فەیلەسوفە بەهرەمەندەکان دەنرخێنن.

ئەمە بەو مانایە نییە بگەینە ئەو بڕوایەی، کە فەیلەسوفان ئایدۆلۆژیستیش نین، بەڵکوو ئایدۆلۆژیستیشن. بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی خۆیان وەکو ئایدۆلۆژیست نابینن، زۆرجار ئایدۆلۆژیاکانیان وەکو زێدەمانایی و نیاز لەگەڵیاندان. لەم رووەوە،

فەیلەسوفان ئەو تیۆرانەی پەیمانی کۆمەڵایەتییان بەرهەم هێناوە، کە بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئێتیکییەکانی متمانەی سیاسی (پاراستنی مافە سروشتییەکان لە بەرانبەر پەیڕەویکردن لە حکومەت)، بۆ رێزگرتن لە ئەقلانییەتی سروشتیی هەمو خەڵك (ئارەزوومەندییان بۆ ئاشتی لە بەرانبەر جەنگ یان ئاژاوە) و بۆ خستنەڕووی پەیمانێکی وەها وەکو تاکە شیمانەی لۆژیکیی خۆپاراستن، دیزاین کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بارەی کە بە شێوەیەکی شاراوە و نائاگایانە هەڵیدەگرن چەند سیمایەکی ئایدۆلۆژیای تێدایە، کە وەکو لیبرالیزمی کلاسیك ناسراوە. ئارەزوومەندییەك کە تاکەکان وەکو بکەری سیاسیی سەرەکی دادەنێت، باوەڕێك کە دەڵێت: یەکسانیی فەرمی بەسە بۆ بونیادنانی سیستەمە سیاسییە دادپەروەرەکان و گریمانەیەك کە پێی وایە پەیوەندییە مرۆییەکان، پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕن، چونکە پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر رێساکانی بازاڕ دادەڕێژرێن.

ئایدۆلۆژیاکانیش ئومێدەوارن، کە ئەو بەڵگاندنانە بخەنەڕوو کە قایلکەرن، بەڵام بە ئاراستەیەکی جیاوازتردا رێدەکەن. هەندێکیان سۆراخی لاساییکردنەوەی تەکنیکەکانی فەیلەسوفانی سیاسی دەکەن، بەڵام تەنیا تا ئەو خاڵەی کە پەیامە ئایدۆلۆژییەکان بۆ ئەو هاوڵاتییە زیرەکانە شیاوی وەرگرتنن، کە لە میتۆدی فەلسەفیدا پرۆڤەیان نەبینیووە. لیبرالیزم و سۆسیالیزم بریتین لەو جۆرە ئایدۆلۆژیایانە و موخاتەبەی ئەوانە دەکەن کە بەشێوەیەکی جددی بەئاگان لە کۆمەڵگەدا و ئەو ئایدیایانە پێشکەش دەکەن، کە لە رووی ئەقلانییەوە قایلکەر بن. لەوانەیە ئایدۆلۆژیاکانی تر لێڵتر بن لەوەدا کە ئەیخەنەڕوو، جا لەبەرئەوە بێت کە بەرهەمهێنەرانیان بەشێوەیەکی رێك و پێك بیریان لە بەڵگاندنەکانیان نەکردووەتەوە، یان لەبەرئەوە بێت کە ئەو تەمومژاوییبوونەی پێشتر باسمان کرد، باشتر بەکەڵکیان دێت. جۆرج بوش-ی باوك لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ١٩٨٨ی ئەمریکادا وتی "تەماشای لێوەکانم بکەن، ئیتر باج تەواو!". ئەم هەڵوێستە ئایدۆلۆژییەی پەیوەست بە راگرتنی رێسا هەنووکەییەکانی دابەشکردنەوە بە شێوەیەك داڕێژرابوو، کە نزیکەی هەموو خەڵکی خاوەن موڵك

رابکێشیێته بەر گشتاندنە بەرفراوانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوت کە بەرگە ناگرێت. بە دڵنیاییەوە، ئایدۆلۆژیاکان پێویستیان بە راکێشانی بەرژەوەندیی گروپە سیاسییە گەورەکانە، بەڵام فەلسەفەکان نا. فەیلەسوفەکان یەکەم جار و بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستیان بە رازیکردنی هاوکارە پرۆفێشناڵەکانیان هەیە. تێستی سەرکەوتنیان، قایلکردنی ئەقلانیی ئەوانەیە کە کردوویانەتە ئامانج، فەیلەسوفانی تر. ئەگەر تیۆرەکانیان خەڵکانێکی زیاتر بدۆزنەوە، لە راستیدا ئەمە دەستکەوتێکە، بەڵام باجی ئەمە شێواندنی ئایدیاکانیانە. گوێزەرەوانی ئایدۆلۆژیا پێویستە یەکەم جار ئەو گروپە گرنگانە کۆ بکەنەوە کە لە هەوڵیاندا بۆ گرتنەدەستی جڵەوی زمانی سیاسی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ، یارمەتییان دەدەن. ئەمە تێستی سەرکەوتنیانە.

برەوپێدانی ئایدۆلۆژیی گفتوگۆ بەندە بە تیکەڵەیەکی ئاڵۆزی بەڵگاندنی ئەقلانی و نائەقلانی. ئایدۆلۆژیاکانی چەپ و راست هەمیشە بەشێوەیەکی تایبەت لەمەدا باش بوون. ئەوان بەڵگاندنە بەجێیەکانیان لە رێگەی هێنانەوەیادی زاراوە هەستییەکانی وەکو هاریکاری، برایەتی و چەندەها روئیای وەکو نیشتمانپەروەری، شەرەف و بەرگری لە خاك، ترسان، تۆڵە و شەڕانگێزی لە بەرانبەر ئەوانیتردا، پشت قایم کردووە. وروژاندنی هەستەکان، رێگایەکی قەدبڕی زۆر بەکەڵکە بۆ ئایدۆلۆژیاکان. رێگایەکی بێ زەحمەت و تێچوونە بۆ بەدەستهێنانی کاردانەوە. لەوانەیە بڵاوبوونەوەی سۆز لەرێگەی گروپێکەوە زۆر خێرا بێت و لەوانەیە تەمەنێکی درێژتریشی هەبێت. تێبینی هێزی خەباتی نەتەوەیی بکە لەسەر زمان یان خاك کە بەهێزترین کاردانەوە دەوروژێنێت. هەروەها تێبینی هێزی توندڕەویی ئایینی بکە وەکو ئامرازێکی ململانێی ئایدۆلۆژی و سیاسی. هەروەها تێبینی بەکارهێنانی بەردەوامی بەلاغەت بکە، تەنانەت لە ناو سیاسییە میانڕەوەکانیشدا وەکو ئامرازێکی بەدەستهێنانی پشتگیری یان بێ نرخکردنی تێڕوانینەکانی بەرانبەر. "یان ئازادی یان مەرگ"، "گەڕانەوە بۆ بنچینەکان"، "کرێکارانی جیهان یەکگرن" چەند نموونەیەکن. لە بەشی نۆیەمدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

بە کورتی، پێویستە ئێمە ئەوە بزانین کە ئایدۆلۆژیا سەرکەشییەکی فیکری جیاوازترە لە فەلسەفەی سیاسی. ئەمە، لەسەروو هەموو شتێکەوە، ئامرازێکی سیاسییە کە بەشێوەیەکی پایەدار کەوتووەتە ناو بواری سیاسییەوە. بەرهەمهێنەران و بڵاوکەرەوانی تامەزرۆییەکی سیاسیی زۆر زیاتریان هەیە لە فەیلەسوفانی سیاسی. ئایدۆلۆژیاکان مۆدێلی چیەتیی بیرکردنەوەی سیاسی نین، کە تایبەتمەندییەکی فەلسەفە سیاسییەکانە، بە تایبەت جۆری ئەنگلۆ ئەمریکی- بەڵکو رێساکانی ئەو بیرکردنەوە سیاسییە دەگرێتەخۆ کە لە راستیدا لەلایەن گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بۆ وەرگرتنی لەلایەن گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەم دێت. بۆیە پێویستە ئایدۆلۆژیاکان بەپێی ژمارەیەکی زۆری پێوەرەکان حوکمیان لەسەر بدرێت. ئایا پەیوەندییان بە کۆنتێکستە کاتی و شوێنییەکانیانەوە هەیە؟ پێویستە ئەمە بەهۆی ئاستی پەیوەست بوونەوەیان بەو پرسە زیندووانەی کۆمەڵگاکەیان رووبەڕووی دەبێتەوە و ئەمەی کە ئاخۆ چارەسەرەکانیان لەلایەن گروپە گرنگەکانەوە بە کرداری دادەنرێ، بپێورێت. ئایا دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو ئاراستەیەی سیستەمێکی سیاسی دەیگرێتەبەر؟ ئەمە پەیوەندی هەیە بە ئاستی فرمانکردنیان بە رێز، پیادەکردنی دەسەڵاتیان و چوونەناو بازنەکانی بڕیاردانەوە. ئایا لە توانایاندایە خۆبەخش و لایەنگیر ئامادە بکەن؟ ئەمەش پەیوەندی هەیە بەو زمانەی بەکاریدەهێنن و ئەمەی کە ئاخۆ ئەو پەیامانەی دەینێرن و شێوازی گەیاندنیان کاردانەوەی خوازراوی لێ دەکەوێتەوە. ئایا وەکو بیروباوەڕ و بەڵگاندن بەکێشکەرن؟ زۆربەی ئایدۆلۆژیاکان هەستیارن بەرانبەر ستاندارده ئەخلاقییەکان و هەڵوەستە لەسەر ئامانجی باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی یان لانی کەم پاراستنی بەهاکانی دەکەن. بێگومان لەم رووەوە لەناو ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان و باڵی راستدا حاڵەتی ناوازە هەن، هەرچەندە تەنانەت لەوانەیە لە رێگەی دروستکردنی نەگبەتییەکی خەمناك بۆ ئەوانیتر، چەمکێکی نامۆی باشترکردنی ژیانی هەندێك بگرنەخۆ.

دواجار دەمەوێ تێبینییەك، نەك لەبارەی ئایدۆلۆژیاوە، بەڵکو لەبارەی خوێندکارانییەوە بخەمەڕوو. توێژینەوەی ئایدۆلۆژیاکان وەکو بەرهەمهێنانیان نییە.

ئەمە هەوڵێکە بۆ لێ تێگەیشتن و شیکردنەوەیان، هەروەکو هەوڵێك کە خوێندکارێکی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو بوارەی کە جێگەی بایەخیەتی، دەیدات. یەکەم پرسیار کە پێویستە خوێندکاری بواری ئایدۆلۆژیا بیوروژێنێت، پەیوەندی بە گرنگیی چۆنایەتیی ئایدۆلۆژیاکە، بە هەڵوێستە ئێتیکییەکەی یان قورساییە فیکرییەکەیەوە نییە. بەڵکو زیاتر ئەمەیە: "پێویستە ئەم دەربڕینە چی بگرێتە خۆی، بۆئەوەی بۆ بەرهەمهێنەران و وەرگرانی واتایەکی هەبێت/ ڕاست بێت / گونجاو بێت؟" پێویستە بەر لەوەی ستایشیان بکەین، لەو گریمانانە تێبگەین کە لە ئایدۆلۆژیایەکدا هەن. پێویستە خۆمان بخەینە شوێنی برەوپێدەرانی ئایدۆلۆژیا و ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوەیەکی هاوسۆزانە یان لانی کەم بێ لایەنانە هەیە بۆ وشە و دەستەواژەکانی. ئەگەر هێزی فەلسەفی و شیکردنەوەی لۆژیکیی و هەڵسەنگاندنی ئیتیکی تەواومان ئاراستەی بابەتی ئایدۆلۆژی بکردایە، ئەو بابەتە لە ژێر فشاردا هەرەسی دەهێنا. بەڵام لەبری گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەڵگاندنە ئایدۆلۆژییەکان بە شێوەیەکی بێ ئومێدانە کەم و کورتییان تێدایە، دەشێ زۆر ژیرانەتر بڕیاری ئەوە بدەین، کە ئێمە ئامرازی لێکۆڵینەوەی هەڵەمان بەکارهێناوە و سەرەنجام تێ نەگەیشتووین.

بۆ نموونە، ناسیۆنالیزم لەلایەن هەندێ لە فەیلەسوفانەوە وەها حوکمی لەسەر دراوە، کە کۆمەڵێك بەڵگاندنی سەرەتایی و بێ ناوەرۆك بێت کە تاووتوێیەکی فەلسەفیی شێلگیرانە هەڵناگرێت. ئەمە بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێت لە کاریگەریی سیاسیی ناسیۆنالیزم وەکو ئایدۆلۆژیایەك تێبگات، دەگاتە بنبەست. بەر لەوەی زیاتر بچینە قووڵاییەوە، پێویستە بزانین کە بۆچی خەڵکێکی زۆر بە شتێکی بەجێی دادەنێن، کە کۆمەڵگاکانی خۆیان بخەنە سەروو کۆمەڵگاکانی ترەوە و بۆچی ئەم رایەڵە هەستییەی وابەستەبوون بە نەتەوەیەکەوە وەکو شوشەیەکی لێڵ وایە کە بەشی زۆری بیرکردنەوەی سیاسی لێوە لە فلتەر دەدرێت. بە شێوەیەکی گشتیتر، پیویستمان بە تێگەیشتن لەو گریمانە ئاگایی و نائاگاییانە هەیە، کە توانا بە خەڵکی دەدەن جیهانی کۆمەڵایەتییان لێکبدەنەوە و حوکمی دروست و نادروست لەبارەیانەوە بدەن. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین

بەردەوام بین بۆ دانانی ئایدۆلۆژیاکان لە چەقی بواری سیاسیدا، وەکو فۆرمێکی بیر و رەفتار کە دەچێتە ناو تەواوی کرداری سیاسی. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بپرسین ئایدۆلۆژیا خزمەت بە کام ئامانجانە دەکات و ئایدۆلۆژیا دیاریکراوەکان خزمەت بە کام ئامانجی زیادە دەکەن. تەنیا ئەو کاتەش دەتوانین بپرژێینە سەر روونکردنەوەی کرداری.

## مێژووی چەمکی: جڵەوکردنی رابردوو

نەریتێکی تری توێژینەوەی بیری سیاسی بەم دواییانە سەریهەڵداوە لە ژێر ناونیشانی مێژووی چەمکی. مێژووی چەمکی، میتۆدێکی لێکۆڵینەوەیە لە واتاکانی چەمکە سیاسییە سەرەکییەکان پێ بە پێی کات، شیکردنەوەی دۆخی کەڵەکەبوون و پچڕانەکانیانە. ئەمە لەسەر ئەو گریمانەیە بونیادنراوە کە ئەو چەمکانە هەمیشە وێنەدەرەوەی چەمکە مێژووییەکان، رووداوە دەرەکییەکان و ئەو کردارانەن، کە ئایدیاکان تیایاندا پێکدێن. (رێینهارت کۆسێلێك) گەیشتە ئەو بڕوایەی کە چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکان ئەبستراکتبوون و گشتێتییەکی زیادبوو پیشان دەدەن لەکاتێکدا کە دەبنە بەشێکی جێگۆڕکێنەکراوی قامووسی سیاسی. ئێستاکە وەکو چەمکێکی سەرەکیی خوازراو، قبوڵکردنێکی هاوبەش هەیە لەبارەی "یەکسانی"یەوە، بەڵام نەك لەبارەی تێگەیشتنە جیاجیاکانەوە. مێژووناسە چەمکییەکان جەخت لە سەرهەڵدانی دایاکرۆنیك (پێ بەپێ تێپەڕبوونی کات)ی واتا و بەیەکداچوونی لەگەڵ بونیادە سینکرۆنیك (پنتێکی کات)یەکان دەکەنەوە. با شرۆڤەی بکەین: چەمکی هەنووکەیی سینکرۆنیکی مافەکانمان وەکو بانگەشەی تاکەکەسی، بەهۆی گەشەی دایاکرۆنیکی تاکگەرایی کە دەبێتەهۆی مکوڕییەکی زیاتر لەسەر رێزگرتنی تاکەکان و هەروەها بەهۆی ئارەزووی بەدەستهێنانی پارێزگاری لە دیکتاتۆریەت (نەك هیرارکییە دەرەبەگییەکانی مافەکان) بەهێز دەبێت. لە بەرانبەدا، پێناسەی تێگەیشتنەکانمان لە مافەکانی رابردوو دەکاتەوە، بۆیە چیتر نەك وەکو شتێکی سروشتی و دۆزراوە بەڵکو وەکو شتێکی کۆمەڵایەتی و لێرەوە داهێنراو یان چەکەرەکردوو روونیان دەکەینەوە.

تیۆرەکانی مێژووی چەمکی، بەرچاوڕوونییان لە زمانەوانی وەرگرتووە و ئەنجامی کۆتایی بریتییە لە ناسینەوەی بوارێکی سیمانتیکیی، کە تیایدا کات و شوێن

هەردووكیان واتا بە زمانی سیاسی دەبەخشن. ئەم روانگەیە یەكجار زۆر جیاوازە لە بەگەردوونیكردنی ناكاتی ئەو چەمكانەی كە لەلایەن هەندێ فەیلەسوفانی سیاسییەوە مومارەسە دەكرێن و لە مێژووگەرێتیی زۆرێك لە زمانەوانەكان، بەڵام بە شێوەیەكی بەرچاو نەریتی هێرمنیوتیكی بەكاردەهێنێت كە وەكو مێژووی چەمكی، بەشێوەیەكی بنەڕەتی لە ئەڵمانیا سەریهەڵداوە. مێژووناسە چەمكییەكان دان بە گرنگیی ئەو ململانێ كۆمەڵایەتییە دادەنێن، كە پرژاوەتەسەر واتای "راست"ی چەمكەكان. حزبە سیاسییەكان، گروپەكان و بەرژەوەندییەكان بە شێوەیەكی ئاسایی ناكۆكن یان بەرەنگاریی ناكۆكی دەكەن لەگەڵ چەمكە بنچینەییەكاندا. بەلای هەندێكەوە، لەوانەیە دیموكراسی ئاماژە بێت بە كۆنترۆڵ و بەشداریی چڕوپڕی خەڵك و بەلای ئەوانیترەوە لێپێچینەوەی رێك و پێكی نوخبە سیاسییەكان بێت لە كاتی هەڵبژاردندا. لەوانەیە بەرژەوەندیی گشتی، هەوای پاك، خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی و شەفافیەتی یاسادانان بێنێتە بەر باس یان ئەوەی كە راهاتبێت لەسەر ئاماژەكردن بە بەرگری، پارێزگاریی حكومی لە زانیاری و قەدەغەكردنی مانگرتن.

ئاشكرایە كە پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان توێژینەوەی هاوچەرخی ئایدۆلۆژیاكان و مێژووی چەمكی بەدەست دەهێنرێت. گۆڕاوی، ناكۆكی، كۆنتێكست، هەبوونی رووبەرەكانی مانا، بریتین لە خاڵە هاوبەشەكانی نێوانیان. مێژووناسە چەمكییەكان، بە ئاشكرا جەخت لە گۆڕان پێ بە پێی تێپەڕبوونی كات دەكەنەوە. بە شێوەیەكی دیاریكراو، (كۆسێلێك) ئایدیای ئاسۆ وەرچەرخاوەكانی مانای پێشنیار كردووە. واتای چەمكەكان بەندە بە ئاوێتەبوونی ئاسۆ، یان روانگە رابردوو و رانەبردووەكان. ئاماژەكردنی بەردەوامی لیبراڵ ئایدۆلۆژیستەكانی سەدەی نۆزدە بە ئایدیاڵە یۆنانییە رابردووەكانی دیموكراسی، تێڕوانینەكانی سەدەی نۆزدەی ئاوێتە كرد لەگەڵ چەمكەكانی خانەدانیی دیموكراسی و رای ئازاد. لە هەمان كاتدا، گومانی سەدەی نۆزدە لەو چۆنایەتییەی حوكمڕانی كە لەوانەیە لە كۆمەڵانی نەخوێندەوارەوە سەرهەڵبدات، بووەهۆی ئەوەی كە روناكبیرانی، دیموكراسییەكی نوێنەرایەتی بخەنەسەر ئەو دیموكراسییە راستەوخۆییەی كە لە یۆنانەوە ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆدێلی نوێنەرایەتی بە شێوەیەكی دیار سنووردار ببوو بە

تایبەتکردنی دەنگ بەوانەی پشکێکی ئابوورییان لە سیستەمەکەدا هەبوو و لە رێگەی بە باشزانینی ئەمەی کە چینی فەرمانڕەوا بۆ هەندێ شارەزایەتی پرۆڤە ببینێت. دەشێت لە ئایندەشدا ئەو پێشبینییانە بەرجەستە بن، کە لە ئەزموونی رابردوو و رانەبردوودا بەهێزبوون.

یادەوەریی بەکۆمەڵ هەم لەکەڵەکەبووندایە و هەم بناغەیەکە کە لێیەوە روئیاکانی ئایندە ئاراستە دەکرێن. لەم رووەوە، ئاهەنگەکانی هەزارە، بەهۆی ئەزموونی ئایینی مەسیحیی رابردوو و بەهۆی میتۆدی بۆماوەی بەکات راگەیشتن، کە ژمارە جوتەکان (لە رووی ئاهەنگییەوە گرنگن)ی هەیە، پێکهاتن. بەڵام ئەمە بە هەمان شێوە بەیانێکی پێشبینییەکانی دەستپێکێکی نوێ بوو، کە لەسەر هیواکانی سەدەی نۆزدە و بیست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیی خۆڕسکی بێ پایان بونیادنرابوو.

مێژووناسە چەمکییەکان بە بەراورد بە فەیلەسوفەکان، کەمتر وریان لەبەرانبەر ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری دەهێنن. ئەو تێکستە کلاسیکانەی فەیلەسوفە سیاسییەکان کەیفیان پێ دێت، تەنیا یەکێکە لەو شتانەی بایەخی پێ دەدەن و ئەوان دڵخۆشن بە خوێندنەوەی رۆژنامەکان، نامیلکەکان، وتارەکان، مانیفێستۆی حزبەکان و بڵاوکراوە رەسمییەکان. ئەم هەنگاوەی دوور لە دەربڕینە نوخبەگەراییەکان نزیکە لە دڵی خوێندکارانی ئایدۆلۆژیاوە، کە ئامانجێکی هاوبەشی تێگەیشتن لە بیر و قسەی سیاسیی ئاساییان لەگەڵ مێژووناسە چەمکییەکاندا هەیە. ئەم گەشتە بۆ شتێکی بەربڵاو، هەنگاوی گرنگی ئاساییکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکان پیشان دەدات، لەبری بە ناتەواو پیشاندانیان. ئەمە ئایدۆلۆژیاکان دەهێنێتە ناو قەڵەمڕەوی ئەو دیاردەیەی کە کەسێك چاوەڕوانیی شیکردنەوەی دەکات لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی سیاسیی ستاندارد دا.

مێژووناسە چەمکییەکان ئەوەیان بیر ئێمە هێناوەتەوە، کە کات رەهەندێکی گرنگی توێژینەوەی چەمکەکان (و دواتر ئایدۆلۆژیاکان)ە. مێژوونووسانی ئایدیاکان بۆ ماوەیەك ئەمەیان کردووە، بەڵام خاڵێکی لاوازی بۆچوونی رابردوویان داماڵینی مێژووی چەمك بووە لە کۆنتێکستەکەی. مێژووی ئازادی زۆرجار وەها خراوەتەڕوو، کە وەك بڵێی کەسێك دەتوانێ سۆراخی واتا چەکەرەکردووەکانی لە کۆنەوە تا ئێستا بکات و بەمەش رەزامەند

بێت. مێژووناس (کوێنتین سکینەر) و ئەوانیتر ئەم تێڕوانینەیان راستکردووەتەوە لە رێگەی ئاراستەکردنی توێژینەوەی مێژوویی رووەو نیازەکانی ئەکتەران و نووسەران کە بەلایانەوە، هەڵسەنگاندنی کۆنتێکستەکان و پچڕپچڕییەکانی ئایدیاکان جەوهەرییە. کاتێك بەسەر ئایدۆلۆژیاکاندا پیادە دەکرێت، کات دەبێتە فاکتەرێکی ئاڵوگۆڕئامێز نەك تەنیا لە دیاریکردنیان، بەڵکو لە پێکهێنانیشیاندا. ئێستا دەزانین کە، کات لێدانە بێوچانەکانی سەعات نییە، بەڵکو دەکرێ بەرەو ئیرادەی مرۆڤ بچەمێتەوە و بکرێتە پاشکۆی وێنای مرۆیی. تێگەیشتنە جیاجیاکانی کات، مەیلە ئایدۆلۆژییە جیاجیاکان دەهێننە جۆش، لە کاتێکدا کە لیستەکە بە شێوەیەکی کۆنکریتی پیشانی دەدات.

| ئایدۆلۆژیا | کات |
|---|---|
| دواکەوتوو | جێگیر (پنتێکی دیاریکراو لە کاتدا لەگەڵیدا دەڕوات) |
| نەریتی | دووبارەبووەوە (سوڕە بەردەوامەکانی کات) |
| هۆشیار-کۆنسێرڤاتیڤ | کەڵەکەبوو (ئەزموونی رابردوو کۆکراوەتەوە) |
| لیبراڵی کلاسیك | زیادبوو (ئیرادەی مرۆڤ گۆڕانە بچوکەکان بەرهەم دەهێنێت) |
| سۆسیال دیموکرات | گەشەی لەسەرخۆ (باشبوونێکی بەردەوام پێ بە پێی کات) |
| شۆڕشگێڕ | تیلیلۆژیك (گۆڕان بەهۆی دۆخێکی کۆتاییەوە دیاری دەکرێت) |
| فاشیست | شیاوی نوێبوونەوە (سپێدەیەکی نوێ لە دەرکەوتندایە) |
| یوتۆپیایی | چاوەڕوانکراو (کاتێکی ئایندەی بەدینەهاتوو یان ئەفسانەیی) |

کاتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی پشت ئەستوورە بە هەندێ فاکتی بەڵگەنەویست، بەڵام تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئایدۆلۆژیاکان گرێدانەوەیەکی بژاردەیی دایاکرۆنیك و سینکرۆنیکی فاکتەکانە لە تۆڕێکی وێنای دەوڵەمەند دا. لێکدابڕاو بەیەکەوە دەلکێتەوە، هەڕەمەکی دەبێتە کراوە و پێشکەوتووخواز یان داخراو و سەرکەوتگەر. مێژووی چەمکی و توێژینەوەی ئایدۆلۆژیاکان بەئاگان لە بکەرێتی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی

چارەنوسماندا، بگرە بەئاگان لەو کۆت و بەندە زۆرانەی کە ئەو هەڵبژاردنانەیان تیادا بەڕێوە دەچن. وتەیەکی مارکس جارێکی تر برەوی پەیدا کردووەتەوە کە راڤەکارانی ئایدۆلۆژیا کارێکی باش دەکەن ئەگەر لێی بەئاگا بن:

پیاوان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام تەنیا بەوە نا کە حەز بکەن، ئەوان لەژێر هەلومەرجی هەڵبژێردراو لەلایەن خۆیانەوە ئەمە ناکەن، بەڵکو لە ژێر ئەو هەلومەرجەی کە راستەوخۆ لە رابردووەوە دێت، دەدرێت و دەگوازرێتەوە.

رابردوو بە شێوازی سەرنجڕاکێش راڤەکارانی ئایدۆلۆژیا سنووردار دەکات و دەبێ ئەوان هاوسەنگی رابگرن. هەروەکو پێشتر تێبینیمان کرد، چەمکی هاوشێوە خێزانییەکان توانا بە توێژەران دەدات کە ئاماژە بە ژمارەیەکی زیادەی ئەو سۆسیالیزمانە بدەن کە بەهۆی ئەم ئامرازەی ویتگنشتاین-ەوە بە تۆکمەیی ماونەتەوە. لەبەرئەوەی دیدی یەکپارچەی ئایدۆلۆژیا لە چەقی بۆچوونی مارکسیستیدا بەهۆی ئەو واتا بێ سنوورانەی ئایدۆلۆژیاکان دەتوانن هەڵیبگرن رووبەڕووی تەحەدی بووەتەوە، دیدێکی دەوڵەمەندتر و پلورالیستتری جیاوازییە ناوەکییەکانیان سەریهەڵدا. لەلایەکی ترەوە، ئێمە هەنووکە جەختمان لەوە کردووەتەوە کە ئایدۆلۆژیاکان جیاوازن لەو تێکستە کراوانەی لەلایەن توێژەرانی هێرمنیوتیکییەوە باسکراون بەهۆی پێکهاتنی مێژووییانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی لە نەریتە سیاسییەکان پێکهاتوون. ئەو نەریتانە دەرفەتی ژمارەیەکی بێ پایانی لیبراڵیزمەکانیان کۆت کرد کە دەیانویست ببنە ئەندام لە خێزانە رەسەنەکەیاندا. سەرەنجام، پێویستە توێژینەوەی ئایدۆلۆژیاکان، لەسەر بنەمای داتایەکی ئەزموونی بونیاد بنرێت، چونکە پەیوەندی هەیە بە دەرکەوتنە واقعییەکانی بیرکردنەوەی سیاسی بەکۆمەڵ.

چۆن بڕیار دەدەین کە رستێکی دیاریکراوی باوەڕەکان بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای ئەلف نەك ئایدۆلۆژیای ب؟ ئەمە پێویستی بە بالانسێك هەیە لە نێوان خۆپێناسەکردن (لیبراڵەکان هەموو ئەوانەن کە خۆیان بە لیبراڵ لەقەڵەم دەدەن) و پێناسەی ئەویتر (لیبراڵەکان ئەوانەن کە دەسەڵاتێکی دەرەکی- واتە توێژەرێکی لیبراڵیزم یان سیاسییەك- رایدەگەیەنێت کە لیبراڵن بە پێی هەندێ پێوەری روون). کەواتە بانگەشەی

ئەدۆڵ هیتلەر بۆ ئەمەی کە سۆسیالیست ناسیۆناڵە کێشەیەکی پۆلێنبەندی دەخاتەڕوو. ئایا نازیزم تەنیا وێنەیەکی سۆسیالیزمە بە مەیلێکی ناسیۆنالیستییەوە؟ لێرەدا لەوانەیە خۆپێناسەکردن بەس نەبێت. بەڵام لەبری تەنیا جەختکردنەوە لەوەی کە ئەمە سۆسیالیزم نییە، ئێمە پێویستمان بە تێستێکی ئەزموونیی خۆپێناسەکردنەکان هەیە. بۆ نموونە لەوانەیە ئێمە سەد تێکست بخوێنینەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەبارەی سۆسیالیزمەوەن. پاشان هەندێ تایبەتمەندیی خێزانی لە خوێندنەوەکانی ئێمەوە دەردەکەون و دەتوانین لەسەر بنەمای ئەو خوێندنەوانەوە بڕیار بدەین ئاخۆ ناسیۆنال سۆسیالیزم بایی پێویست ئەو تایبەتمەندییانە دەنوێنێت کە ببێتە ئەندامێکی خێزانی سۆسیالیستی یان ئاخۆ ناوەکە (بە ئەنقەست) گومڕاکەرە و لە ڕاستیدا نازیزم جۆرێکی زۆر جیاوازی گیانلەبەری ئایدۆلۆژییە. ئەو تێکستانە، هەروەکو مێژووناسانی چەمکی دانی پێدادەنێن، ڕووبەرێکی ڕابردووی واتا هاوپەیوەستەکان پێکدەهێنن کە ناتوانین بەتەواوی لێیان دەرباز بین.

ناودێرکردنی ئایدۆلۆژیایەك بە "سۆسیالیزم" خۆی شوناسێك پێکدەهێنێت کە جووڵەی ئایندەی چەمکە پەرژینکراوەکان کۆت دەکات و وەکو پێکهێنەری ئاگایی و ڕێکخەری ڕەفتاری سیاسی لە جیهانی سیاسیدا ڕەفتار دەکات. "سۆسیالیزم" دەبێتە ئایدیا-کیانێك کە بەشێکی ئەو بۆشاییە جەوهەرییە دەگرێت کە بۆ دەربڕینی ئایدیا سیاسییەکان هەیە. "سۆسیالیزم بریتییە لە مۆدێکی باوی پێدانی ژیانی سەربەخۆ، بە نەریت و بیروباوەڕی دیاریکراو. پێکهاتەی ئەم هەماهەنگییە وێناییە، پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دابەشکردنی قەڵەمڕەوی سیاسیدا. لەنێوان خۆیاندا، خێزانە ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکان هەم ئەو ڕێگایانە کۆنترۆڵ دەکەن کە تیایاندا ئەو ئایدیایانە ڕەوایەتییان پێدەدرێت، دەرك دەکرێن و بەهەند وەردەگیرێن و هەم ڕێگاکانی تری دەربڕینی کاریگەری بیری سیاسی خۆش دەکەن. کەواتە گەیشتن بە واتاکانی چەمکە سیاسییەکان بە پێویستبوونی بەکارهێنانی ئەو دەروازەیەی کە بەهۆی خێزانە ئایدۆلۆژییە هەبووەکان دابینکراوە، فەراهەم دەبێت و دیاریدەکرێت- کردارێك کە بەهۆی هانابردنی شاراوە بۆ ئەم ڕێسا ناولێنەرانە تۆکمە کراوە.

# بەشی شەشەم

## پێکدادانی زەبەلاحەکان: ئایدۆلۆژیا گەورەکان

ئێمە بۆ تاوێك رێگا جیاجیاکانی شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکان جێ دەهێڵین و دەپرژێینە سەر تاووتوێیەکی گشتیی ئەو فۆرمانەی کە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان گرتوویانەتەبەر. بە درێژایی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژیا باڵادەستەکان تۆڕێکی زۆر گرنگی گشتگیری ئەو ئایدیایانە بوون، کە بە شێوەی بەرنامە بۆدارێژراو یان ئاسایی، چارەسەریان بۆ هەموو ئەو پرسە سیاسییانە خستووەتەڕوو، کە رووبەڕووی کۆمەڵگە بوونەتەوە. ئەو ئایدۆلۆژیا گەورانە هەم لەسەر نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا سۆراخی ستایش و باڵادەستیی کۆمەڵایەتی و سیاسییان کردووە. لە داننان بە ناوەندێتییان لەسەر هێزی نەریت و باوبوونیان وەکو پۆلێنکەری ئایدۆلۆژیاکان، نابێت بیرمان بچێت کە پۆلێنبەندییەکانی تریش دەشێت لەقۆناغی تردا شیاو بن. لیبراڵیزم، کۆنسێرڤاتیڤیزم، سۆسیالیزم، فاشیزم، کۆمیونیزم و خێزانە گەورەکانی تر تەقریبەن وەکو بکەرە سیاسییانەکانی لە هەوڵی خۆیانەوە بەرجەستە بوون. لە راستیدا، دەشێت بەشی زۆری سەدەی رابردوو، بە شێوەیەکی گشتی وەکو شەڕگەیەکی پڕ کینە و زۆرجار خوێناویی ببینرێت لە نێوانیاندا .بەدەر لەوەی دیاردەیەکی دووەمیی پەراوێزی بێت، ئایدۆلۆژیاکان ئەزموونی سیاسیی جیهانی مۆدێرنیان پێکهێناوە.

زۆربەی ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکان، لە شێوەی بزاڤ یان حزبی سیاسیدا بەرگێکی دامەزراوەییان پۆشیوە. ئەمە بە زەحمەت دەبێتە مایەی سەرسوڕمان ئەگەر بیر خۆمانی

بهێنینەوە کە ئایدۆلۆژیاکان پێشبڕکێن لەسەر دابینکردنی پلان بۆ بەرنامەی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەڵەیەك دەبێت ئەگەر وەهای دابنێین کە کۆنسێرڤاتیڤیزم یان لیبراڵیزم تەواو هاوشێوەن لەگەڵ ئەوەی کە حزبە کۆنسێرڤاتیڤ یان لیبراڵەکان دەینوێنن. ئایدۆلۆژیاکان بە دەگمەن لەسەر دەستی حزبە سیاسییەکانەوە فۆرمولە دەبن. کرداری حزبەکان پەیوەست بە ئایدۆلۆژیاکانەوە بۆ ئەوەیە کە لە فۆرمێکی دەستبەجێ وەرگیراودا بیانخەنەڕوو و بە لێهاتوویەکی نموونەییەوە بڵاویان بکەنەوە. حزبەکان لە بەرهەمهێنانی جەماوەریی کۆتاییِ هێڵی درێژی بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیدا ئیش دەکەن. ئایدۆلۆژیاکان لەناو گروپەکانی حزبێك یان دەرەوەیدا سەرهەڵدەدەن. لەوانەیە ئەو گروپانە لە ڕووناکبیران یان ڕەوانبێژانی شارەزا پێك بێن، کە خۆیان زۆرجار باوەڕی زۆر باو یان تەمومژاوی دەردەبڕن و یان بە پێچەوانەوە، هەڵوێستە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان سادە دەکەنەوە.

شتێکی باوە وەها وەسفی ئایدۆلۆژیاکان بکەیت کە هەر لە چەپەوە تا ڕاست لە زنجیرەیەکی بەردەوامی بیروباوەڕی کۆمیونیزمەوە دەست پێدەکەن تا سۆسیالیزم، لیبراڵیزم و کۆنسێرڤاتیڤیزم و تاوەکو فاشیزم. بەم دواییانە چەند هەوڵێك دراوە بۆ تەحەداکردنی ئەم ڕیزبەندییە. بیرمەندانی سیاسیی سەوز خۆیان وەها لەقەڵەم دەدەن کە نە چەپن و نە ڕاست، بەڵکو لە پێشەوەن. هەندێ ئاراستەی فاشیزمیش، بەڵام بە شێوەیەکی گوماناوی، بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە نە چەپن و نە ڕاست و واهیمەکانی ١٩٩٠ەکان بە "ڕێگای سێیەم"ەوە ئاوێتەی دیدێکی دیالێکتیکی سیاسەتی ئایدۆلۆژی خستەڕوو. سوودی ئەم پۆلێبەندییانە ئەوەیە کە، ڕوونییەکی سەرنجڕاکێش دادەبەزێتە ناو بازاڕی ئایدیا سیاسییەکان- وەهمێکی زۆر بەکەڵك لە کاتی کۆکردنەوەی پشتیوانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا دوانەی چەپ-ڕاست خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو ئایدۆلۆژییە. ئەمە خزمەت بە ئامانجی بەخشینی هالەیەکی میانڕەو و دواتر ڕادیکاڵ و تەنانەت مەترسیدار بە ئایدۆلۆژیا دەکات. ئاماژە بەوە دەکات کە دەشێت جووڵە لەناو ئایدۆلۆژیاکاندا پرۆسەیەکی پەیتا پەیتا بێت و پیشانی دەدات کە ئایدۆلۆژیاکان ناکۆکن و لەم ڕووەوە ئیختیاری ئەلتەرناتیڤی یەکلاییکەرەوە دەخاتەڕوو.




ئایدۆلۆژیاکان کەیسەکان دەگۆڕن !

## ١٠- ئایدۆلۆژیاکان کەیسەکان دەگۆڕن

هیچ کام لەو دەلالاتانە راست نین. بەڵام پێویستمان بە هەردوو شیکردنەوەی بەرفراوان و بەرتەسك هەیە بۆ چارەسەرکردنیان. شیکردنەوەی بەرتەسك لەلایەن بۆچوونی مۆرفۆلۆژییەوە بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایانە دابین کراوە، کە رێگایەکی کۆکردنەوەیان و شیکردنەوەی نێوان و ناو پەیوەندییەکانی دەخاتەڕوو. شیکردنەوەی بەرفراوان لە رێگەی روانین لە ئایدۆلۆژیاکان وەکو نەریت بە گوێرەی کات و بۆشایی دابینکراوە، کە لایەنە وێناکراوەکانی خۆیان دەبنە بەشێك لە واقیعی سیاسی. دوو بۆچوونەکە تەواوکەری یەکترین: هەردووکیان رێگای ئەلتەرناتیڤ بۆ توێژینەوەی هەمان شت پێشنیار دەکەن. بە دەستپێکردن لە بونیادی چەمکییەوە، دەشێت ئێمە چەمکەکانی هەڵوەشاندنەوە (دیکۆنسترەکشن)، هاوشێوە خێزانییەکان، چەمکەکانی ناوەرۆك، دەوروبەر و پەراوێزی و سنوورە کشاوەکان بەرەو هەندێ گروپبەندیی ئایدۆلۆژیی سەرەکی، پیادە بکەین. زۆربەی ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکان ئاڵۆزن. ناکرێ لەو گشتاندنە لەڕادەبەدەر سادەکراوەکاندا کورتبکرێنەوە، وەکو: لیبراڵیزم پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە، کۆنسێرڤاتیزم بریتییە لە پاراستنی دۆخی هەنووکەیی و هیتر. هەموویان تۆپەڵێك چەمکی ناوەرۆك پیشان دەدەن کە هیچیان ناکرێ گەورە بکرێ بەبێ زیان گەیاندن بەویتر و سەرەنجام بە پرۆفایلی ئایدۆلۆژی بە شێوەیەکی گشتی. هەروەکو پێشتر باسمان کرد، پرەنسیپی رێژەیی بوون، پێمان دەڵێت کە چەمکێك فراوان بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەموو بۆشاییەی کە هەیە ئەوا سەرەنجام ئەوانیتر تێکدەشکێنێت یان دەیانخاتە قەڵەمڕەوەکەی خۆیەوە.

## لیبڕاڵیزم

لیبراڵیزم لە ژمارەیەك چەمکی ناوەرۆك پێکدێت کە هەموویان جەوهەرین بۆ دەرکەوتنە هەنووکەییەکانی. گریمانەی ئەمەی کە مرۆڤەکان ئەقڵانین، سووربوون لەسەر ئەمەی کە ئازادی بیر و لەناو هەندێ سنووردا، هی کردار، باوەڕ بە پێشکەوتنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، گریمانەی ئەمەی کە تاکەکەس یەکەیەکی

کۆمەڵایەتیی سەرەکیی و هەڵبژێرەرێکی ناوازەیە، قبوڵکردنی کۆمەڵایەتیبوون و بەخشندەیی مرۆیی وەکو شتێکی ئاسایی، هانابردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی لەبری هاوسۆزییە دیاریکراوەکان و گومان لەبەرانبەر دەسەڵات ئەگەر سنووردار نەکرابێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکرێت- هەموو ئەمانە کەمترین کەرەستەی لیبراڵن. هەڵوێستێکی گرنگیش بۆ سەر ئەم کەرەستانە زیاد دەبێت: پرسیارکردنی رەخنەگرانە لە ئەنگێزە و کردارەکان ئامادەییەك گەلاڵە دەکات بۆ چاوخشاندنەوە بە مومارەسە و سیستەمە چەمکییەکانی کەسێك و تەحەمولکردنی هی ئەوانیتر.

وەکو نەریتێك، لیبراڵیزم برەو بە ئایدیای گەشەسەندنی بێ سنووری مرۆڤەکان دەدات بەرەو حاڵەتە تەواو بە شارستانیبووەکانی بوون، کە نموونە کامڵەکەی لە نووسینەکانی جۆن ستیوارت میل-دایە. ئەم گەشەسەندنە پەیوەندی هەیە بەو ئازادییەی کە خەڵکی دەتوانن بەبێ کۆت مومارەسەی بکەن، لە رێگەی رکێف نەکرانیان لە بەرانبەر ئیرادەیان، بە هەڵدانەبردنیان لە رێگەی دانپێدانانێکی بەرچاو و بەرجەستەکردنی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام بە درێژایی سەدەی بیستەم، ئایدیای مامەڵەیەکی عادیلانە لەگەڵ خەڵکدا لە ناو خێزانی لیبراڵیزمەکاندا گەشەی کردووە، کە نەك تەنیا لە مامەڵە و پارێزگاریی یاسایی یەکسان بەڵکو لە یەکسانکردنی دەرفەتە ئابووری و جێندەرییەکان و رێزگرتن لە باوەڕ و کەلتووره هەمەڕەنگ و جیاجیاکان بە درێژایی سنووری وڵاتان پێکدێت. باشبوونی بارودۆخی مرۆڤ، یان خۆشگوزەرانی، بووەتە پێکهاتەی بنەڕەتی پاکێتی سوودەکان کە سیستەمێکی سیاسی هیومانیستی بۆ هاوڵاتیانی بەڵێنی لەسەر دەدات.

دەستکەوتەکانی لیبراڵیزم زۆر گەورە بوون. روئیاکەی لەبارەی گەلانی ئازاد، لە ئازادکردنی کۆلۆنییەکان لە حوکمی ئیمپریالی گەیشتە ئەنجام. بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاوبەشی کرد لە ئازادکردنی ئەو گروپانەی لە رووی سیاسییەوە لە دیکتاتۆریەت و پاکتاوکردن، پەراوێز خرابوون. ئەو راستییەی، کە لە لیبراڵ دیموکراسییەکاندا سیاسییە شکستخواردووەکان لەسەر حوکم دێنە خوارەوە نەك ئەوەی

کە دەبابە بهێنن، پیشاندەری ئاوێتەبوونی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوەی سیاسییانە. لە ئاستێکی بەرفراواندا برەوی بە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی داوە کە لوتکەکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بووە- تێبینی یاسادانان بکە بۆ خانەنشینیی پیرەکان، بێکاری و بیمەی تەندروستیی حکومەتە لیبراڵەکان لە بریتانیا لە نێوان ١٩٠٦ و ١٩١٤دا کە کارتێکراو بوو بە لیبراڵیزمی نوێ. لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چواردە خاڵەکەی سەرۆکی ئەمریکا(ودرۆ ولسن) بۆ ڕێککەوتنی پاش یەکەم جەنگی جیهانی، سیستەمێکی جیهانیی نوێی لێکەوتەوە کە لە سەرەتادا بەرجەستە نەبوو، بەڵام نەوەیەك دواتر لە بونیادنانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤدا ڕەنگیدایەوە و ئێستاش لەسەرخۆ بە ناو ئەو دەوڵەتانەدا بڵاو دەبێتەوە، کە پێشتر لەژێر حوکمی تۆتالیتاریدا بوون. هەر دەستوورێك کە مافە مرۆییە بنچینەییەکان و سنووربەندییەکی توندی دەسەڵاتە حکومییەکانی تێدایە کە هەم لەلایەن خەڵك و هەم لەلایەن دەسەڵاتەوە وەکو یەك ڕێزی لێ دەنرێت، هەر سیستەمێك کە ڕێز لە حوکمی یاسا دەگرێت، سەرکەوتنێکە بۆ نەریتی لیبراڵی.

(نییو دییەڵ)ی ١٩٣٠یەکانی سەرۆك روزڤێلت، نموونەیەکی داننانی لیبراڵەکان بوو بە دەستێوەردانی حکومەتەکان بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی و دادپەروەری بۆ هاوڵاتیانیان. بە پێچەوانەشەوە، بەشێکی تری نەریتی لیبراڵی، لە بەرەوپێشچوونی بازاڕی ئازاد و کاروەگەڕخستنی ئابووریدا- کە لە ناکارایی بیرۆکراتیکی گومانلێکراوی دەوڵەتدا پارێزرا- وەکو دایناموکانی خۆشگوزەرانی مرۆیی، توانای پەیدا کرد.

ئەمانە هەندێك لە بناغە هەرە بەرچاوەکانی نەریتی لیبراڵین، کە زیاتر لە شۆڕشە سیاسییە هەرە دراماتیکییەکان جیهانیان گۆڕیووە و زۆر زیاتریان خایاندووە. نەریتی لیبراڵی بە هەمان شێوە لە چەند حاڵەتێکیشدا لاواز بووە. خاڵی لاوازی کۆماری وایمەر لە ئەڵمانیای ١٩٢٠ەکاندا کە نەیتوانی بەر بە هاتنەسەر حوکمی هیتلەر بگرێت. لایەنگیریی نێرینەیی لیبراڵەکان خاو بووە بۆ ئەوەی ئامانجی ئازادکردنیان

ژنان بگرێتەوە و تەنانەت لێبووردەیی یەکجار نرخێنراوی لیبرالیزم بۆی ئەستەم بووە و رووبەڕووی میتۆدە هاوچەرخەکانی تیرۆر بێتەوە بەبێ دابەزینە ئاستی ئەخلاقیی دوژمنانی و کاتێك کە لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا لەگەڵ کەلتوورە نالیبراڵییەکاندا رووبەڕوو دەبێتەوە سەرگەردانی لەنێوان لیبراڵەکاندا دەهێنێتەکایەوە. بە پێچەوانەی گرامشی-یەوە، گرنگە کە لە هەر خاڵێکی دیاریکراودا درك بەوە بکەین کە ئایدۆلۆژیای هەژموونیی لە ناهەژموونی زیاترن.

## سۆسیالیزم

سۆسیالیزمیش خێزانێکی ئایدۆلۆژیی گەورەی ترە و هێشتا زۆر زووە کە لەناوچوونی رابگەیەنرێت. کاریگەرییەکەی لەسەر سەدەی بیست و لەسەر خێزانە ئایدۆلۆژییە بەیەکداچووەکان دیار بووە. رێکخستنە چەمکییەکەی ناوەرۆکی، ئەمانەی خوارەوە لێکدەدات. یەکەم، گروپ وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی بنچینەیی دەبینێت، جا کۆمەڵگە بێت بە گشتی یان گروپێکی بچوکتری وەکو کۆمیونە یان سەندیکا. بەلای سۆسیالیستەکانەوە، مرۆڤەکان بەهۆی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ ژینگە مرۆییەکەیان و هەنگاوێك ئەولاتر، لەگەڵ ژینگە نامرۆییەکەیان دەنوێنرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، چین، گروپێکی نامۆبووە و لە کاڵا کۆمەڵایەتی و کەرەستەییەکان دابڕاوە، کە پێویستن بۆ دەربڕین و گەشەسەندنی تەواوی مرۆڤ. لەبەرئەوە دەلالەتی نێگەتیڤی هەیە، هەرچەندە لە چەند سۆسیالیزمێکی نامارکسیدا، **"چین"** بووەتە بونیادێکی کەلتووری، کە شوناسێکی دڵخۆشکەر بەئەندامەکانی دەدات . دووەم، سۆزێکی بۆ یەکسانی، بۆ لابردنی جیاکردنەوە هیرارکییەکان و دابەشکردنەوەی کاڵاکان هەیە لەسەر بنەمای پێویستیی مرۆڤ. سێیەم، کار (کە بەم زاراوانەش دێت: labor, creativity, productivity, activity) وەکو سیمایەکی بنەڕەتیی سروشتی مرۆڤ و بەم پێیە رەگەزێکی بنچینەیی کە رێکخراوی کۆمەڵایەتی لەسەر بونیاد دەنرێت، جیا دەکاتەوە. چوارەم، ئایدیاڵی گەشە یان خۆشگوزەرانیی مرۆڤ

هەڵدەگرێت لەسەر بنەمای نەهێشتنی هەژاری لە ئایندەیەکی نزیکدا و ئازادیی بەشداریکردنی هەمووان لە بۆماوەی کەرەستەیی و فیکریی مرۆڤایەتی لە ئایندەیەکی دووردا. پێنجەم، هانی باوەڕهێنان دەدات بەو بەڵێنەی کە لەلایەن پرۆسەی مێژوویی پارێزراوە و بە توانای مرۆڤ بۆ ئاراستەکردنی ئەو پرۆسەیە رووەو ئامانجە بەسوودەکان. سۆسیالیزم بە شێوەیەکی بەرچاو ئایندەبینە و بە شێوەیەکی توند رەخنە لە رانەبردوو و رابردوو دەگرێت. هەندێ جار لە گوتاری سۆسیالیستیدا، جووڵەی مێژوو نەوەستێنراوە و ئاینده هەموو ئەوەی کە پێشتر هاتووە دەپچڕێنێت و دەسڕێتەوە (ئەمە حاڵەتی یەکێکە لە جۆرە بەهێزەکانی مارکسیزم و سۆسیالیزمیش). لە کاتەکانی تردا هەنگاو بە هەنگاو، چاوەڕواننەکراوە و پێویستی بە دەستی یارمەتی خەڵکی چاکەخواز هەیە.

نەریتی سۆسیالیستی کە لە دوادواکانی سەدەی نۆزدە دەستی پێکرد، هانی وڵاتانی ئەوروپی دەدا کە وەڵامی داواکانی چینی کرێکاری دەرکەوتوو بدەنەوە. هەروەکو چۆن ئاماژەکردن بە خێزانێکی ئایدۆلۆژی بەشێوەی کۆ شیاوی پاساودانە، بە هەمان شێوە قسەکردن لەبارەی سۆسیالیزمەکان نەك سۆسیالیزم، شیاوی پاساودانە. هەندێ لە ئاراستەکانی، پەیامبەرانە و یوتۆپیایی بوون. ئەنارشیستە سۆسیالیستەکان، خەویان بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی هەرەمەکییەوە دەبینی لەسەر بنەمای بەخەمبوون و پشت بەستن بە یەکتری. هەندێ لە باوەڕدارانی کارتێکراو بە مارکسی کۆمیونەیان دامەزراند وەکو ئەو کارگە یان کێڵگانەی سەدەیەکی لەمەوبەر کە بە کۆمەڵ خەڵك تیایاندا کاریان ئەکرد و ئەژیان، کە تیایاندا خێزان، موڵکایەتی تایبەت و دابەشکردنی کار، هەڵوەشێنرانەوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە گەرم گوڕ کە چیتر بەهۆی هیچ جۆرە کۆسپێکەوە پارچە پارچە نابێت. سۆسیالیستە بنچینەییە فەرەنسی و بریتانییەکانی وەکو (شارل فۆرییە) و (رۆبەرت ئۆون) لەسەر بنەمای پرەنسیپی رادیکاڵی وەکو یەکسانی، کۆمەڵەکانیان دیزاین کرد. سەندیکالیستەکان

دەیانویست دەوڵەت بەو شتە جێگۆڕکێ پێبکەن کە بە یەکەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سروشتی دەیانبینی، شوێنی کار، پاش جیاکردنەوەی کار وەکو جەوهەری مرۆڤبوون.




بیرکەرەوەکە

۱۱- بیرکەرەوەکە

وێنەکانی تری سۆسیالیزم، دامەزراوەکانی لیبراڵ دیموکراسییان قبوڵ کرد، بەڵام نیازیان بۆ بەکارهێنانی دەوڵەت بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی پەیتا پەیتا، هەڵبەت بەشێوەیەکی حەتمی، راگەیاند. لەناو ئەمانەدا، چەند ئەندامێکی کۆمەڵگەی (فابی) هەبوون لە بریتانیا کە لەلایەن (سیدنی) و (بیتریس وێب) و (جۆرج بێرنارد شۆ) رێبەرایەتی دەکران، کە بە ئاماژەکردن بە قورسایی ژمارەییان، میتۆدگەلێکی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستییان گەڵاڵەکرد لە رێگەی بڵاوکراوە پۆپیولیستییە هەرزانەکان. بە بەکارهێنانی ئامار و پۆلێنکردنی مرۆڤ بۆ چەند وتەزایەکی پێوانەکراوی نەداری: هەژاری، نەخۆشی، یان تەمبەڵییەکی ناچاری، رۆڵی زانستیان خستەژێر پرسیارەوە. سۆسیالیستی ئەڵمانی، ئێدوارد بێرنشتاین، رێبەری فیکریی کیشوەرەکەیان بوو. سۆسیال دیموکراتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بە رێگایەکی شۆڕشگێڕانەی دیموکراسیی و بەشداری و ئازادیی تاکەکەسیی زیادکراو و یەکسانی پابەندبوون.

کاریگەریی سیاسیی کتوپڕی نەریتی سۆسیالیستی (لە بریتانیاش کرێکاران)، فرە بوونی ئەو حیزبانە بوو کە ئەجێندای چینیان هەبوو. سەرەنجام، پێیان باش بوو تەرکیز بخەنەسەر پەرەپێدانی هێزی هەنووکەیی گروپە بەکاربراوەکان نەك باوەڕهێنانیان بە سەرکوتکردنی ئایندەی سیستەمە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان. بەشداریی کاریگەرتری کرێکاران لە ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسیدا و رێزگرتن لە مافەکانیان بوونە ئامانجی سۆسیالیستیی بنەڕەتی کە لەلایەن یەکێتییە بازرگانییەکان و هەروەها تیۆردانەرەکان برەوی پێدرا. سۆسیالیزم وەکو هاوارێکی هەژێنەر و کارایییەکی گەورە بوو، هەروەکو برەوی بە چاوەڕوانییە وەرچەرخێنەرە گەورەکاندا و گروپە باڵادەستەکانی ناچار کرد کە لە رووی سیاسییەوە بکەونە حاڵەتی بەرگرییەوە. خۆماڵیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ، بوونە ئامانجێکی سیاسیی راستەقینە، کە بەشێکی لە پرۆگرامەکانی پارتە سۆسیالیستییە میانڕەوەکاندا بەدیهات کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا هاتنە سەردەسەڵات. لەگەڵ

ئەوەشدا، ئەوەی کە زۆر باو بوو، سۆسیالیستەکان لە گەشەپێدان و زەمینەخۆشکردن بۆ ڕێوشوێنەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لەگەڵ ئایدۆلۆژیا لیبراڵە پێشکەوتنخوازەکاندا ئاوێتەبوون. ئەمەش نموونەیەکی پێچەوانەی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان حزب و ئایدۆلۆژیایە. هەرچەندە حزبە سۆسیالیستییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانییان هێناوەتەوە دنیاوە، بە ئاشکرا بیرۆکەیەکی لیبراڵ بووە، بۆ هاوسەنگکردنەوەی لێپرسراوێتیی تایبەتی و گشتیی بۆ باشکردنی بارودۆخی تاکەکەس و ئاوێتەکردنی ئیختیاری بەکارهێنەر (مستهلك) لەگەڵ ڕێکسختنی دەوڵەتیدا. حزبە سۆسیالیستییەکان توانایان دابینکرد بۆ ئەو شتەی کە لە بنەڕەتدا شێوازێکی ئایدۆلۆژیی لیبراڵ بووە و زۆربەی ئایدۆلۆژیستەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، سۆسیال-لیبراڵی دووڕەگ بوون. هەروەکو لە خوارەوە تێبینی دەکەین، هەموو ئەو جۆرانە زۆر جیاواز بوون لەوەی کە لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا بە سۆسیالیزم یان کۆمیونیزم ناسرا.

## کۆنسێرڤاتیزم

سێیەم خێزانی ئایدۆلۆژیی گەورەی خۆرئاوا، کۆنسێرڤاتیزمە. وێڕای دەربڕینە بەرەنگارییەکانی بەوەی کە ئایدۆلۆژیا نییە، ئەمیش دیدێکی دیاریکراوی جیهانی سیاسییە و بە شێوەیەکی حەتمی زنجیرەیەك چەمك دەگرێتەخۆی کە لە پەیوەندییەکی دیاریکراودا بونیادیان گرتووە. هۆکاری ئەمەی کە بۆچی کۆنسێرڤاتیڤەکان بە هەڵە سیستەمی باوەڕیی خۆیان لیکدەدەنەوە و بۆچی نەیارانی کۆنسێرڤاتیڤیزم بە هەلپەرست لەقەڵەمیان داوە، پەیوەندی بەو پرۆفایلە چەمکییە نامۆیەوە هەیە، کە ناجێگیرییە ناوخۆییەکەی پەردەپۆش کردووە. ڕەخنەگران پرسیاریان کرد، چۆن بوو کە کۆنسێرڤاتیڤەکان توانیان بە گرتنەئەستۆی ئەرکی پارێزگاریکردن و بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، لە سەدەی نۆزدەدا پاتێرنالیست (باوکگەرا-paternalist) و ئینتەرڤێنژنیست (دەستێوەردانخواز-interventionist) بن، لەکاتێکدا کە لە

دوادواکانی سەدەی بیستدا خۆیان لەگەڵ لایەنگیرانی بازاڕی ئازاد و دەوڵەتی کەمترین دەستێوەردان ڕێکخست؟ لەوانەیە وەڵامێکی مێژووگەرایانە ئەوە بێت کە نەریتی کۆنسێرڤاتیڤ گۆڕاوە بۆ شتێکی تەواو جیاواز و ئەمەی کە هەڵوێستێکی جددیی جێگیری نەبووە و تەنیا وێنەدەرەوەی بەرنامەکانی ئەو دامەزراوانە بووە کە بە ناویەوە رەفتاریان دەکرد. بەم پێیە، لە بریتانیا حزبی کۆنسێرڤاتیڤ لە بەرانبەر ململانێی پیشەسازیدا و تێچوونە زیادبووەکانی خۆشگوزەرانیدا لە رۆڵێکی رەزامەندەوە بەرەو رۆڵێکی زاڵبوو جووڵا. لە کیشوەرەکەدا، دیموکراتییە مەسیحییەکان لە رەگ و ریشەی پارتیزانیی ئایینییەوە سەریانهەڵدا، کە زیاتر کاسۆلیك بوون. پاشان بۆیان دەرکەوت کە زەحمەتە وەکو سیاسەتی مەزهەبی بەڕێوە بچن کە گرنگی نەمابوو، بۆیە دەبووایە کۆنسێرڤاتیڤەکان لەسەر بنەمای ئەجێندا ناسیۆنالیستییەکان خۆیان رێك بخەنەوە. بە شێوەیەکی تایبەت ئەمە پڕگرفت بوو، چونکە نەریتی ناسیۆنالیستیی کیشوەری، تا رادەیەکی بەرچاو لەلایەن باڵی راستی توندڕەوەوە کۆنترۆڵ کرابوو و بۆشاییەکی کەمی بۆ جموجۆڵی کۆنسێرڤاتیڤە "ئاساییەکان" هێشتبووەوە.

بەڵام چارەسەرێکی تر هەیە بۆ تەمومژاویی ئاشکرای ئایدۆلۆژیای کۆنسێرڤاتیڤ. لەوانەیە رەخنەگرەکانی، سۆراخی شوێنێکی هەڵەیان کردبێت بۆ چەمکە ناوەرۆکییەکانی و بۆیە نەیانتوانیبێت رێسایەکی درێژخایەن بدۆزنەوە. ئەوان بەدوای هاوتا کۆنسێرڤاتیڤەکانی ئایدیا لیبراڵ و سۆسیالیستییەکاندا دەگەڕان لەبارەی سروشتی مرۆڤ، دادپەروەریی دابەشکردن و پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاکەکەس و هیچ ئەنجامێکیان دەست نەکەوت. لە گوتاری کۆنسێرڤاتیڤدا، ئەو ئایدیایانە بەردەوامییەکی جێگیر پیشان نادەن و بۆیە ناتوانن کاندیدی چەمکەکانی ناوەرۆك بن. لەگەڵ ئەوەشدا کاندیدی وەها هەن. خاڵێکی هاوبەش کە لە تەواو بەڵگاندنی کۆنسێرڤاتیڤدا ئامادەیی هەیە، شڵەژانێکە لەبارەی گۆڕان و پێویستیی جیاکردنەوەی نێوان گۆڕانی سروشتی و ناسروشتی. ئەوەی دواییان لەسەر گەشەیەکی ئۆرگانیکیی

بەردەوام پێکهاتووە نەك لەسەر هەڵبەز و دابەزی میکانیکیی پلان بۆدانراوی پچڕ پچڕدا. تەنیا گۆڕان وەکو گەشە ڕەوا، سەلامەت و پایەدارە. خاڵێکی هاوبەشی تر ئەو بڕوایەیە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو یاسایانە بونیاد نراوە کە لە کۆنترۆڵی مرۆیی پارێزراون، بۆیە کارتێکراو نییە ئیرادەی مرۆڤ، ئیرادەیەك کە تەنیا دەتوانێ بەشێوەی زیانبەخش دەستی تێوەربدات. پێ بە پێی تێپەڕبوونی کات و لەکاتێکدا کە پارادایمەکانی روونکەرەوەکانی سیستەم گۆڕاون، بنچینە زێدەمرۆییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی جێگیر هێنراوەتە گۆڕەپانەکەوە: خوا، سروشت، مێژوو، بایۆلۆژی و ئابووریناسی ئەو چەترە زۆر باوانە بوون کە کۆنسێرڤاتیڤەکان چوونەتە ژێریەوە.

زۆرێك لە کۆنسێرڤاتیڤیزمەکان، ئایین وەکو کۆڵەکەی ئەو باوەڕە ئەخلاقی و سیاسییە دەخەنەکار کە گرتوویانەتەبەر و پەناگەی ئایین بەکاردەهێنن بۆ سەپاندنی سیستەمی سیاسی. لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان ئایینە گەورەکان و کۆنسێرڤاتیڤیزم پڕگرفتە هەروەکو چۆن ئەوانەی کە بەشێوەیەکی تۆکمە دەست بە بیروباوەڕەکانیانەوە دەگرن بەتایبەت لەنێوان هەندێ لە مەسیحییەکان، موسڵمانەکان، جولەکەدا ئاواتەخوازن چوارچێوەیەکی بەرتەسك پیادە بکەن کە تیایدا دەوڵەت دەبێتە ئامرازێکی سیاسیی ئیمان. سروشت، هەروەکو تێبینیمان کرد، تەڵەکەیەکی ئایدۆلۆژیی پەسەندە بۆ قبوڵکردنی ئەوەی کە هەنووکە بوونی هەیە یان بۆ شاردنەوەی شەفافیەتی سەیری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان. مێژوو لە فۆرمی نەریتدا دەگات- وەکو ژێرییەکی کەڵەکەبووی رابردوو هانای بۆ دەبرێت کە ئێستا خۆشبەختە بۆ بە میرات وەرگرتنی. بایۆلۆژی و ئابووریناسی، دوو دەرکەوتەی زانستن، کە کۆنسێرڤاتیڤەکان لە خزمەتگوزارییەکانیاندا رواڵەتەکانیان بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی دۆخی راستییەکی سێکیولار. هەموو ئەم ئامرازانە رەخنە لە مرۆڤەکان، بەتایبەت گروپە باڵادەستەکان، دوور دەخەنەوە. ئەوان دەتوانن بە سادەیی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی خۆیان لابدەن لە بەرانبەر کەموکورتییەکانی کۆمەڵگە،

چونکە ئەوە دواییان بە ئاشکرا بەهۆی بونیادێکی سەروو-سیاسییەوە لەپێشدا دیاریکراوە.

کۆنسێرڤاتیزم نەریتێکی سیاسیی بەهێزە، چونکە هانا بۆ بێ هێزیی مرۆڤ دەبات. هەروەها چارەنوسی باشی ئەوانەی هەنووکە لە پۆستی سیاسی، ئابووری و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدان قبوڵ دەکات کە بە شێوەیەکی سروشتی نابەدڵن لە بەشکردنی دەستکەوتەکانیان جا چ بەدەستیان هێنابێت، بۆیان مابێتەوە یان بە زەبری هێز بەدەستیان هێنابێت. لەم رووەوە ترس ئەنگێزەیەکە بۆ کۆنسێرڤاتیزم. تیۆریزەی کۆنسێرڤاتیزم بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە نیگەرانی بۆ پشتیوانانی دروست نەکردووە.

پێویستی بەو هەوڵە فیکریی و وێناییە گەورەیە نەبووە، کە هەموو ئایدۆلۆژییە چاکساز و پێشکەوتنخوازەکان پێویستیان پێیە. هێنانەکایەی جیهانێکی باشتر لەوەی کە هەیە. تەکنیکەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو کاردانەوەیی بووە و ئەمەش بە دوو رێگە. یەکەم، هەرچەندە ئایدۆلۆژیاکەی بە شێوەیەکی ئاسایی ناچالاکە، ئەو کاتە بێدار دەبێتەوە کە لەگەڵ پرەنسیپ و بەرنامەی ئایدۆلۆژیاکانی تر رووبەڕوو دەبێتەوە. هەرکاتێك کە بەهۆی پرۆژەیەکەوە تەحەدا دەکرێت کە هەم لە رووی مرۆییەوە بە ناسروشتی دادەنرێت و هەم لە گۆڕانی ئۆرگانیکی قبوڵکراو دادەبڕێت، رووبەڕووبوونەوە لە ناو کۆنسێرڤاتیزمدا بونیاد دەنرێت. کەواتە یەکسانی بەهۆی هیرارکییەکی سروشتییەوە دەگونجێنرێت. تاکگەرایی گەشەسەندووانە بەهۆی بەجێ بوونی ئەو رێسا کەلتوورییانەی کە هەن، دەوڵەتێکی رێکخەر لە رێگەی پاشەکشێ بۆ ناو دامەزراوە مەدەنییەکان خۆش دەکات. هەروەها شۆڕش بە تاوان دەکرێت و یوتۆپیانیزم پوچ پیشان دەدرێت.

دووەم تایبەتمەندیی تەکنیکی کۆنسێرڤاتیڤ کۆکردنەوەی سێتێکی ناکۆکی رێکخستنە چەمکییەکانە، کە لە دژی هەر شتێك ئاراستە دەکرێت کە لەلایەن کۆنسێرڤاتیڤەکانەوە بە هەڕەشەی سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدرێت. ئەو

کاتەی کە لیبراڵە کلاسیکەکان لە سەدەی نۆزدەدا برەویان بە ئازادکردنی سیاسیدا، کۆنسێرڤاتیڤەکان ئەرکەکانی ئەرستۆکراسییان هێنایەوە یاد و چەمکی نایەکسانییان هێنایەوە بەر باس. کاتێك سۆسیالیستەکان لە دەستپێکی سەدەی نۆزدە و بە درێژایی بەشی زۆری سەدەی بیست سۆراخی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و خۆماڵیکردنیان کرد، کۆنسێرڤاتیڤەکان مافەکانی موڵکایەتییان راکێشایە ناو سەنتەری ئایدۆلۆژییان. کاتێك فاشیستەکان لە ١٩٣٠یەکاندا توندوتیژییان لەسەر جادەکان بەرپا کرد، کۆنسێرڤاتیڤەکان پشتیان بە حوکمی یاسا و دەستوور بەست. کاتێك سۆسیال دیموکراتییەکان پشتیوانیی ئابوورییە پلان بۆدانراوەکانیان کرد، کۆنسێرڤاتیڤە تاتچەری و رێگانییەکان ستایشی ئازادی هەڵبژاردنی هاوڵاتیانیان کرد، کە بەشێوەیەکی ئەنقەست بە بەکارهێنەر (مستهلك) پێناسە کرانەوە. تێبینی ئەوە بکە کە لە هەر حاڵەتێکدا ئەم کاردانەوە کۆنسێرڤاتیڤانە چەمك و ئایدیای هاوبەش لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی تریان (ئەمە خاڵی بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژی پیشان دەدات) خستووەتەکار، بەڵام نەك لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە ئەوان ئەو کاتە بە هەڕەشەئامێزترین بۆ سەر پرەنسیپە کۆنسێرڤاتیڤە جەوهەرییەکان لەقەڵەمیان داوە. کشۆکی لە رێکخستنی چەمکەکانی دەوروبەردا، یارمەتی کۆنسێرڤاتیڤەکانیدا تا ئاگایان لە چەمکە ناوەرۆکییەکانی گۆڕانی سەلامەت و پێویستیی پارێزگاریکردن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر هەڵبەز و دابەزی ئیرادەی مرۆڤ بێت.

ئەوەی کە بەلای رەخنەگرانیەوە وەکو ئایدۆلۆژیایەکی هەلپەرست دیار بوو، لە راستیدا زۆر جێگیر بوو. تەنانەت ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە رادیکاڵە ئاشکرایەی کە تاتچەرییەکان پرژانە سەری، بە نیازی بونیادنانەوەی ئەو جۆرە گۆڕانە ئۆرگانییە سروشتییە بوو کە بە تێڕوانینی ئەوان، بەهۆی پێوەرە خۆشگوزەرانییە زێدە بەخشندەکان و بەهۆی سیاسەتی یەکێتیی بازرگانییەوە لاواز کرابوو. لەکاتێکدا کە کۆنسێرڤاتیزم کەوتبووە ناو ململانێیەکی سایکۆلۆژی و هەروەها سیاسییەوە لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی ریفۆرمی میانڕەو و پلان بۆدانراو- لیبراڵیزم و سۆسیالیزم- ئەو

دووانەی دواییشیان کەوتبوونە بەرانبەر یەکتری. نزیکایەتیی ڕێژەییان دوژمنایەتیی نێوان دوو گروپی پێشبڕکێکاری لە سەر هەمان کڕیار لێکەوتەوە کە دەرەنجام جیاوازیی نێوانیان بوو بە شتێکی کاریکاتۆری. ڕاستە، ئاراستە مارکسیستییەکانی سۆسیالیزم و ئاراستە ئازادیخوازییەکانی لیبراڵیزم زەمینەکی هاوبەشی بچوکیان هەبوو، بەڵام بەشی سەرەکیی کە دوو خێزانەکەی تیادا هاوبەش بوو پرسەکانی دیموکراسی، دەستوورگەرایی و داننان بە بارودۆخی سەختی بێبەشبووەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لیبراڵەکان، سۆسیالیزمیان بە بیرۆکراتیك و ناواقیعی لەقەڵەمدا، سۆسیالیستەکان لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنی توند لە لیبراڵیزم بەوەی کە پاڵپشتیی لەو خۆپەرستییە ئامێرییە دەکەن کە زۆربەی لیبراڵەکان هەنووکە لێی دەرباز ببوون، تۆڵەی خۆیان کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەمانە وەکو شەڕی کوشندەی نێوان دوو ئاراستەی تازە، فاشیزم و کۆمیونیزم و بەشەکەی تری گۆڕەپانی ئایدلۆژی لە سەدەی بیستدا نەبوو. هەر شتێك بووایە، سەرهەڵدانی ئەم ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییانە دیدی بەربڵاوی ئایدۆلۆژیایان وەکو شتێکی داخراو، دۆگماتیك و عەقائیدیی سەپێنراو بەسەر جەماوەری نائارەزوومەنددا، بتەو کرد.

## ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان

دیکتاتۆری فاشیستی ئیتاڵی، بێنیتۆ موسۆلینی، چەمکی "تۆتالیتاری" بەشێوەیەکی پەسەند بەکارهێنا بۆ پیشاندانی قووڵایی خەمی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی سیاسی. لە هەمووی باوتر ئەوەیە، کە تۆتالیتاریانیزم وەکو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئایدۆلۆژیایەك دەرك کرا کە هیچ کون و قوژبنێکی جێ نەهێشت لە چوونە ناو چالاکی و تەنانەت بیری مرۆڤ. بە سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی ڕێکبخات، بۆشایی نێوان هەردوو قەڵەمڕەوی تایبەت و گشتی ڕووخاند. (هانا ئارێنت) ئەمەی وەکو تێشکاندنی جیاوازیی نێوان یاساییبوون و نایاساییبوون بینی، بۆیە هاوڵاتیانی ئاسایی هەرگیز

نەیانزانی کەوتوونەتە کام لایەی یاساوە، یاسایەك کە بە پێی حەزی کتوپڕی فەرمانڕەواکان دەگۆڕا. ئەمەش خۆی دۆخێکی تیرۆر و سەرلێشێواوی بەرپا کرد کە لە ڕێگەیەوە پابەندی لە کۆمەڵەوە بەدەستدەهێنرا. فاشیزم ناسیۆنالیزمێکی توند و شەڕانگێزانەی دەوڵەت و پیاوەکانی، شێوە کەلتوورێکی رابەر، تیرۆر و توندوتیژیی جەستەیی لەگەڵ ئەفسانەیەکی نەوە کە شکۆمەندییەکی رابردووی رۆمی بوژاندبووەوە و بەڵێنی لەدایکبوونەوەی نەتەوەیی دابوو، لێکدا. ناسیۆنال سۆسیالیزمی جۆری ئەڵمانی، هەم لە ئایدۆلۆژیاکەی و هەم لە بەرجەستەبوونە پراکتیکییەکەیدا زیاتر مەنهەجی بوو. ئەفسانەیەکی نەژادی خستەسەر ئەوەی سەرەوە، کە لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی نەژادی بێگەردی (ئاری)یەوە لە ژێر سایەی (رایخی ئەڵمانی)دا بەدی دەهێنرێت. ئەمەش هاوتەریب بوو لەگەڵ بەدیوەزمەکردنی جولەکە وەکو نیوەمرۆڤ و کۆمەڵکوژیی دواتری ملیۆنانیان کەس. ئەم بیرۆکە گشتییەی لەمەڕ جووە راستەقینەکان، کە ئەفسانەکە لەگەڵیاندا هیچ هاوشێوەییەکی نییە، تەڵەیەکی ئایدۆلۆژی بوو کە پێویست بوو بۆ کۆکردنەوەی سیما جیاواز و ناهەماهەنگەکانی بیروباوەڕێکی نابەجێ بە کاریگەریی کارەساتبارەوە. پەرستنی رابەر (دێر فوهرێر)، ئەگەر هەرچییەك بووبێت، ئەوا لەوێ زیاتر لە ئیتاڵیا دەربڕدرا.

لەلایەکی ترەوە، کۆمیونیزم، ئایدۆلۆژیایەکی لێڵتر بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر داتاشراوە بیرۆکەییەکەی لە خێزانی سۆسیالیستی و لە ئاڵوگۆڕکێی زمانەوانیی نێوان سۆسیالیزم و کۆمیونیزم ئیشی دەکرد وەکو ئەو کۆمەڵگا ئایدیاڵییەی کە مارکسیستەکان جەختیان لێ دەکردەوە. لەبری ئەمە، بوو بە لقێکی شێوێنراوی نەریتی سۆسیالیستی. (لە خۆرئاوادا، ئەو بەکارهێنانەی "سۆسیالیزم" بە خۆشحاڵییەوە لەلایەن دژە سۆسیالیستەکانەوە قبوڵکرا، هەرچەندە سۆسیال دیموکراتەکان ئەمەیان نەکرد). تایبەتمەندییە نوخبەگەرا و تۆتالیتارییەکەی، لە یەکێتیی سۆڤیەت-دا لە ژێر سایەی (لینین) و بە شێوەیەکی دراماتیکیتر (ستالین)دا سەریهەڵدا، ئەو کاتەی کە ژمارەیەکی زۆری نەیاران لە ژێر ناوی شۆڕشدا لەناوبران. پاش دووەم جەنگی جیهانی، بە

بڵاوبوونەوەی لە خۆرهەڵاتی ئەوروپادا، کۆمیونیزم زۆر بیرۆکراتیتر و کۆنسێرڤاتیڤتر بوو. گوتارەکەی هێشتا ئایدیای ئیرادەی گشتی بەکاردەهێنا، هەرچەندە چیتر دیموکراتی نەبوو، کە لە رێگەی سازدانی بەکۆمەڵی خەڵك بۆ پشتگیریی یەکسانیخوازی و پرۆژە کۆمیونەکان دەنوێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەلاغەتی کۆمیونیستی لە روئیا کۆمەڵایەتییە گەورە بنچینەییەکەی داماڵرابوو، لەکاتێکدا کە میتۆدە دڵڕەقەکانی سەرکوتکردن و بەکاربردنی سیستەماتیکیی مافە مرۆییەکان، ئازادی و تاکگەرایی پاراستبوو. دەرکەوتنە هەنووکەییە هەرە بەهێزەکەی کۆمیونیزم لە چین، رۆڵی رێنوێنی جەوهەریی خۆی پاراست لە هاندانی شۆڕشی جوتیاری و گۆڕانی کەلتووری، هەرچەندە ئێستا بازاڕی ئازادی سنووردار تاقی دەکاتەوە.

لە زاراوەناسیی مۆرفۆلۆژیی ئایدۆلۆژیدا، واتاکانی ئەو چەمکانەی لەلایەن ئەم ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارییانەوە بەکارهێنراون و نزیکایەتییەکانی نێوان چەمکەکان، بە شێوەیەکی نەگۆڕ و رەق جێگیر کراون. دەسەڵات تەنیا پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەبووە، رێبەر تاکە سەرچاوەی رەوایەتی و زانیاری بووە، ئازادی هەمیشە بە واتای ئازادبوون لە هەڵەکانی ئایدۆلۆژیاکانی تر هاتووە و هەندێ لە چەمکەکانی وەکو لێپێچینەوە، مافەکان و هەڵکردن، بە تەواوی لە قاموسی سیاسی لابران. ئەمە زیرەکانە لە رۆمانێکی (جۆرج ئۆروێل)دا بە ناوی (هەزار و نۆسەد و هەشتاوچوار)دا بە شێوەی تەنز قسەی لەسەر کراوە: "جەنگ ئاشتییە، ئازادی کۆیلایەتییە، نەزانی بەهێزییە".

هەروەکو یەکێك لە کارەکتەرەکانی دەڵێت:

"شتێکی جوانە، تێکشکاندنی وشەکان...نابینیت کە تەواوی ئامانجی (نیوزپیك) بەرتەسککردنەوەی مەودای بیرکردنەوەیە؟ لە کۆتاییدا ئێمە (بیرکردنەوەی تاوانکارانە) دەکەینە شتێکی ئەستەم، چونکە هیچ وشەیەك نابێت بۆ دەربڕینی".

ئایدۆلۆژیا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، بووەتە جەنگی وشەکان. لە رێگەیەوە هاوڵاتیان ئیختیارێکی سەختیان هەبووە: دەیانتوانی یان دەنگی سیاسیی "راستەقینە"یان بدۆزنەوە یان بێدەنگ بن.

ئامانجە فراوانخوازییەکانی نازیزم و فاشیزم و هەروەها کردار و باوەڕە قیزەونەکانیان جەنگێکی جیهانییان خستەوە کە زیاتر لە زۆربەی جەنگەکان، بە شێوەیەکی ئاگایانە وەکو ململانێیەکی تا سەر ئێسقان ئایدۆلۆژی لەنێوان سیستەمە گەورەکاندا بینراوە کە لە زمانی دایالێکتیکی چاکە و خراپەدا بەرگی بەبەردا کرابوو.

ئەم پێکدادانە داستان ئامێزە تاوەکو جەنگی ساردی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کان درێژ بووەوە، ئەو کاتەی کە کۆمیونیزم شوێنی فاشیزمی وەکو دوژمنێکی سەرسەختی بەهاکانی خۆرئاوا گرتەوە. ئایدۆلۆژیا میانڕەوەکان هاندران کە ناونیشانی "ئایدۆلۆژیا" بۆ خۆیان ڕەت بکەنەوە، نەك لەبەرئەوەی کە ئایدۆلۆژیایان لەسەر لێکدانەوەی مارکسی وەکو شتێکی وەهمی بینی بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەبەرئەوەی کە بە واقیعی و هەڕەشەئامێز بینیان. بە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو، دیدی ئایدۆلۆژیای زاڵی ناوەڕاستی سەدەی بیست بەهۆی پەیوەندیی گەرم و گوڕی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ تۆتالیتاریزم بەهێز بوو. لە ڕێگەی ئەم پێناسە بەرتەسکەوە، شکستی ڕژێمە تۆتالیتارییەکان، ریشەکێشکردنی ئایدۆلۆژیا خۆی بەدواداهات و زەمینەی بۆ قوتابخانەی "کۆتایی ئایدۆلۆژیا" خۆشکرد. لە بەرانبەر دا، ڕاڤەکارانی هەنووکەیی ئایدۆلۆژیا بە تەمومژاویکردنی ئایدۆلۆژیا ڕەسەنەکان کە ڕەگیان لە قووڵایی بیر و کرداری کۆمەڵایەتیدا داکوتاوە، نیو سەدە دواتر پەیتا پەیتا ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان وەکو شتێکی ناوازە نەك دەرکەوتە ئاساییەکانی ئایدۆلۆژیا لەقەڵەم دەدەن.

# بەشی حەوتەم

## ئایدۆلۆژیا بچوکەکان: بڕگە و یەکەکان

### ڕێکخستنەوەی کارتەکان؟

زۆر هەڵەیە ئەگەر وابزانین نەریتە ئایدۆلۆژییە گەورەکان یان هاوتا ترسناکەکانیان، تەواوی گۆڕەپانەکەیان پڕ کردووەتەوە. ناوبەناو پێکهاتەی ئایدۆلۆژیی جیاجیا لە ڕووبەرێکدا بەرجەستە دەبن، کە لە ناو دوو ئایدۆلۆژیا هەنووکەییەکەدایە. لە حاڵەتی تردا، لەوانەیە خێزانێکی ئایدۆلۆژیی تەواو وەکو خانەخوێی خێزانێکی ئایدۆلۆژیی کەمتر گەشەکردوو ڕەفتار بکات. لەوانەشە ئایدۆلۆژیایەکی کەمتر گەشەکردوو، یان ئەوەی کە من بە تەنك ناوی دەبەم، خۆی بە تەنیا هەبێت.

نابێت زۆرێك لەو جۆرە ئایدۆلۆژییە ناخۆرئاواییانەشمان بیر بچێت کە بە شێوەیەکی پاساونەدراو لە ژێر سێبەری هەژموونی ئایدۆلۆژیی ئەوروپا و ئەمریکای باکووردا ژیاون. بە درێژایی ٢٥ ساڵی رابردوو، گەلێك فۆرمی بیری سیاسی سەریانهەڵداوە کە تیایاندا جۆرە ستانداردەکانی ئایدۆلۆژییە سیاسییەکان هەمیشە تێبینیکراو نین. ئایا ئەمە سروشتی ئایدۆلۆژیاکان و شێوازی پەی پێبردنیانی گۆڕیووە؟

هەر وەڵامێك مایەی گومان دەبێت. لە لایەکەوە، ئێستا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە بە شێوەیەکی نارێك بە جیهانی ناودەبرێت، کە وا لە هەندێ خەڵك

دەکات ئەژدیهای ئایدۆلۆژیایەکی جیهانی یان گەردوونی ببووژێننەوە، کە لەوانەیە لەلایەن ئایکۆنەکانی سەرمایەداریی ئەمریکی وەکو ئابووریی ئازاد و بەکارهێنانی لێڤی جینز، مەکدۆنالّدز هەمبەرگەرز، کۆکا کۆلا و سیستەمەکانی مایکرۆسۆفت رکێف کرابن. لەلایەکی ترەوە، ئایدۆلۆژیاکان هەر لە پارچە پارچەبووندا بوون بۆ پێکهاتەی هەمەڕەنگتر، بێ بونیادتر و کاتی کە چارەسەری سیاسیی رێژەیی دەخەنەڕوو لەکاتێکدا کە بە هەمواربوونی بەردەوامدا تێدەپەڕن. پێدەچێت ئەم خۆنەگرتنە لە ئێستادا ناکارایی ئایدۆلۆژیاکان زیاد بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەجیهانیبوون ئایدۆلۆژیایەك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسی و ئابوورییە کە دەشێت پیشاندەری شکانێکی سنوورە سیاسییەکان و قەڵەمڕەوی دەوڵەتان یان بڵاوبوونەوەی هەندێ رێوشوێنی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لە سەرتاسەری جیهاندا، یان داوایەك بێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات دادپەروەری بە بێ لەبەرچاوگرتنی بنچینەی جیۆگرافی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەوانەیە ئەمە بەهۆی ئەو روانگە ئایدۆلۆژییانەوە چالاك بکرێت کە لەناو لیبرالّیزمەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام ئەمە خراپ نواندن و بەرتەسککردنەوەی کشۆکیی نەریتی لیبرالّە.

دواجار بووژانەوەی بازاڕی ئازاد، یان نییو لیبرالّیزم، بەم دواییانە لە ژێر چەتری پارێزەری کۆنسێرڤاتیڤدا دەرکەوتووە. بە هەمان شێوە تایبەتمەندیی ئازادیخوازی(libertarianism) هەبووە کە لە لیبرالّیزم جیابووەتەوە. ئازادیخوازی نموونەیەکی گشتیی وەرچەرخانێکی بەکێشکەرە لەناو ئایدۆلۆژیا باوەکەدا، کە لە رێگەی رێکخستنەوەی یەکە ناوەرۆکییەکانی برِگەکە، پرەنسیپە بناغەییەکانی ئایدۆلۆژیا لێڵ دەکات. لەم حالّەتەدا ئازادی پەیوەندی هەیە بە هەڵبژاردنی بێ سنووری بەکارهێنەر (مستهلك)ەوە لەکاتێکدا کە چەمکە ناوەرۆکییەکانی تری لیبرالّ بەلاوە دەنێت. ئەو راستییەی کە ئازادیخوازیش بەرجەستەبووی کۆنسێرڤاتیزمە، دووڕەگییەکی سەیر پیشان دەدات. ئەمە بە پەسەندزانینی نایەکسانییە ئابوورییە

هەبووەکان و نابەدڵییەکی ڕەگ داکوتاوە بۆ بیرکردنەوە لە ڕێکخستنی دەوڵەت وەکو چارەسەرێکی شیاو بۆ زیانە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها زۆرجار پەنا دەباتە بەر چەتری زاراوەی کۆمەڵ "community" کە تیایدا بازاری هاوبەش دامەزراوەی ئەلتەرناتیڤی کۆمەڵ بە رایەڵە کاریگەرەکانی متمانە و هاریکاریی کۆمەڵایەتی موتوربە دەکات.

ڕەنگە لەبری گریمانەکردنی پارچەپارچەبوونی ئایدۆلۆژیاکان، دەبێ بەڵگەی ئەوە بهێنینەوە کە لە یەکپارچەی وەهمی پێکهاتوون کە لێیەوە دەست پێدەکەن. ئەوەی کە گۆڕاوە بونیادی یەکەیی (modular) ئایدۆلۆژیاکان نییە، ئەوەندەی پەی بردنی خەڵکە بەمەی کە ئەوانە هەڵدەوەشێن و لە ئاستێکی خێرادا پێکدێنەوە. "ڕێگەی سێیەم" نموونەیەکی لەو جۆرەیە. لێکدراوەیەکی پرەنسیپەکانی سۆسیال دیموکراتیك، کۆنسێرڤاتیڤ و لیبراڵ پێچراوەتەوە و وەکو "ئایدۆلۆژیا" یان پرۆگرامێکی سیاسیی نوێ بڵاو کراوەتەوە. ڕێگای سێیەم — کە وەها دادەنرێ لە نێوان سەرمایەداریی لیبراڵ و سۆسیالیزمی دەوڵەتدا بێت- باوەڕێکی لیبراڵی بە مافەکان لەگەڵ باوەڕێکی کۆنسێرڤاتیڤ/سۆسیالیستدا بە بەرپرسیارێتییەکان لێکداوە. وەکو ئەو ئیمتیازاتەی کە دەبێت لە ڕێگەی ڕەفتاری بەرپرسانە بکرێن، بانگەشەی بۆ ئەو مافانە کردووە. لایەنگیری ئابوورییەکی تێکەڵی کردووە بە باڵانسێکەوە کە زیاتر و زیاتر بەرەو لای دەستپێشخەرییەکان و ڕێکخستنی تایبەت جوڵاوە. هەوڵیداوە کە هاوڵاتییان بە ئەخلاقی بکات و هانی دەربڕینی تاکگەرییە فرەلایەنەکانیانی داوە و لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی پاتێرناڵیستی بەناوەندبووی بەهێزی دروستکردووە. پاڵپشتیی ئەولەویەتی خۆشگوزەرانی کردووە لەکاتێکدا کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کردوویەتی بە شتێکی مەرجدار بە کار (بەهایەکی کۆنسێرڤاتیڤ و سۆسالیست، بەو شێوەیەی کە ئەتەوێ). بە شێوەیەکی بێ وچان هەوڵی ئەوەیداوە کە مۆدێرنیزە ببێت لەکاتێکدا کە پشتی بەستووە بە بەها خێزانییە نەریتییەکان. لەوانەیە ئەم

تێکەڵە ناجێگیرە کورتخایەن بێت بەڵام بەهۆی راگەیاندن و کۆنترۆڵی حکومیی نوخبەوە، دەپارێزرێت.

بەڵام ئەم لێکدراوە ئایدۆلۆژییە دەستکردانە، بە بەردەوامی بەهۆی فرەیی سەرچاوە نوێکانی ئەو ئەفراندنە ئایدۆلۆژییەوە کە لە رێگەی ماس میدیاوە زەمینەی خۆش دەکرێت، خراونەتە مەترسییەوە. لەوانەیە بونیادە ئایدۆلۆژییە بچوکەکان تەرکیز بخەنەسەر گروپەکانی فشار، وەکو بەرێخەرانی هەڵمەتی دژە کۆچ، کە بۆ ناو ناسیۆنالیزمێکی کۆنسێرڤاتیڤ پاشەکشێ دەکەن. لەوانەیە لە دەوری هەڵمەتەکانی رۆژنامەدا کۆ ببنەوە، بۆ نموونە لە پێناو بەیاساییکردنی ماددەی هۆشبەری ناکاریگەر کە پەیوەندی بە پرسەکانی ئازادی و لایف ستایڵی تاکەکەسییەوە هەیە. هەروەها لەوانەیە لە دەوری ئەو هەستە باوە کۆ ببنەوە کە لە رووداوە پڕتەنگ و چەڵەمەکان یان مێژووییەکان سەرهەڵدەدات، وەکو بومەلەرزە، کە پرسیاری وەکو بەرپرسیارێتیی هاوبەش و دابەشکردنی کاڵا کەمەکان بەسەر نەدارەکاندا دەهێنێتە پێشەوە یان کردارێکی تێرۆر کە سنووری نەگۆڕی توند لەنێوان "ئەوان" و "ئێمە"دا دەکێشێتەوە کە راڤەکارانی ئایدۆلۆژیا ناوبەناو دەیخەنە ژێر پرسیارەوە و گوتاری ئایدۆلۆژی لەسەر دەبوژێتەوە. بە بیرهێنانەوەی تێڕامانی گرامشی لە سەرچاوە زۆرەکانی ئایدۆلۆژیا، هەموو ئەم حاڵەتانە سوود بە تێکەڵەی ئەو بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژییە دەگەیەنن کە کۆمەڵێکی تا رادەیەك ئازاد هەیەتی. ئەمانە لە بنەڕەتەوە لە خێزانە سەرەکییەکان جیاوازن لە خۆلاداندا لە فۆرمەلەکردنی لیستێکی بەرفراوانی چارەسەرەکان بۆ پرسە کۆمەڵایەتی-سیاسییە گەورەکان.

## ئایدۆلۆژیا تەنکەکان

لێکدابڕانی ئایدۆلۆژیاکان خۆی بابەتێکی مشتومڕە. خەڵکانێك هەن کە وەکو بە کەسی کردن و تاکەکەسی کردنی ئایدۆلۆژیا دەیبینن، ئەمەش لە چاکەی پلورالیزم و لیبراڵیزەکردنی زیاتری کۆمەڵگە هاوچەرخەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك دەست دەکەین بە قسە کردن لەسەر ملیۆنێك ئایدۆلۆژیا، دەستبەرداری ژیریی گشتی دەبین و هەروەها تامە سیاسییەکەمان لەکیس دەچێت. تەنانەت سەرهەڵدانی مێزگردە نوێکانی گفتوگۆ و زانیاری، ئەنجامگیرییەکی یەکلاییکەرەوە نادەن بەدەستەوە. ئێمە بە شێوەیەکی دووبارە پێمان وتراوە کە ئەنتەرنێت شۆڕشێکی وەها لە بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیاکاندا دەهێنێتەئاراوە کە توانا بە گروپە خۆبەخش و هەڕەمەکییەکان دەدات تا لەگەڵ یەکتریدا وتوێژ بکەن بۆئەوەی گوتارێك سەرهەڵبدات. بێگومان هێشتا زۆر زووە بۆئەوەی ئەم تۆڕانە وەکو نوێسازانی ئایدۆلۆژیا ببینین، چونکە پێویستیان بەوەیە کە بەشێوەیەکی ئاشکراتر و ناوەندیتر بڵاوببنەوە، ئەگەر ویستیان لەسەر بەرنامەکان و زمانی سیاسی پێشبڕکێ بکەن.

ئەوانیتر کە باس لە پارچەپارچەبوونی ئایدۆلۆژیا دەکەن، وەکو وێنەدانەوەیەکی لەبەریەکهەڵوەشان و پچڕانی بونیادە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەیبینن. ئەم دیدە لەلای پۆست مارکسیستەکان و پۆست سترەکچراڵیستەکان باوە، لە بەشی دواتریشدا تێبینی دەکەین، بەڵام لەلای ئەوانەش بڵاوە کە تەحەدای کاریگەرییە چەواشەکەرە نەگۆڕەکانی بەجیهانیبوون یان تەنانەت ناسیۆنالیزمە هەژموونییەکان دەکەن. ئەو تەحەداکارانە ستایشی دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیا لۆکاڵییەکان دەکەن، تەنانەت ئەو کاتەش کە برەو بە تاکە پرسەکان، یان ئاوێتەیەکی ئەو تاکە پرسانە دەدەن. بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێکانی درەنگانی سەدەی بیست نموونەیەکن. ئەوان هانی تێکەڵەیەکی بەهێزی لایف ستایڵە ئەلتەرناتیڤەکان، دیموکراسیی بەشداری، بەرپرسیارێتی ئیکۆلۆژی و ڕێزی یەکسانی بۆ ژمارەیەکی زۆری، گروپ، جێندەر و شوناسە ئەتنییەکان ئەدەن. بەڵام پارچە پارچەبوون بەهەمان شێوە وا لە خەڵکی

دەکات لاواز بن بەرانبەر کۆنترۆڵ و رکێفبوون، چونکە رایەڵە ئاسۆییەکانی نێوان تاکەکان لاواز دەبێت. تێبینی گەشەی زۆری چاودێری بکە لە کۆمەڵگاکانی بە ناو لیبراڵ دیموکراتیکدا بەهۆی ئامرازەکانی CCTV یەوە. رێکخستنی بەردەوامی ژیانی خەڵك لە رێگەی میکانیزمەکانی لێپێچینەوەی بیرۆکراتیك، خشتەی پێشبڕکێیەکانی لیهاتوویی و سەپاندنی "مومارەسەی باش" کە بەهۆی بەرپرسیارێتی یاسایی تۆکمە دەکرێت، نموونەی ترن. ئێستا تەکنۆلۆژیا دەتوانێت زەمینەی داگیرکردنەکانی ژیانی تایبەت خۆش بکات بەجۆرێك، کە ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان خەویشیان پێوە نەبینیوە و ئەمە تەحەدایەکە بۆ سەر سیستەمە پێشکەوتنخواز و لیبراڵەکان.

کێشەیەکی نویێ بۆ خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا سەر هەڵدەدات. کام ئامرازانە گونجاوترینن بۆ توێژینەوەی برِگە ئایدۆلۆژییەکان هەروەها بۆ توێژینەوەی خێزانە ئایدۆلۆژییە نوێکان یان بوژاوەکان- وەکو فێمینیزم، بیری سیاسیی سەوز و ناسیۆنالیزم- کە بانگەشەی ئەوە ناکەن لەخۆگری هەموو شتێك بن بە هەبوونی ئەجێندایەکەوە کە هەموو شتێکی تێدایە؟ لە راستیدا برِگەکان و یەکەکان ئایدۆلۆژیا نین. کورسی و مێزێك لە ژوورێکی بەتاڵ هاوشێوەیەکی جێی بەزەیی ژوورێکی راخراون. ئەمە زیاتر، وێنەی زیندانێك دەهێنێتە بەرچاو: ژوورێك بە ئامانجی سنوودار و سنووردارکەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆبیلیاتێکی سادەگەرایانە دەتوانیێ رێکخستنێکی سەرسوڕهێن پیشان بدات و رۆشنایی بخاتەسەر چەند پەیامێکی جوانناسی و کرداری، بەو شێوەیەی کە گروپێکی فشار بە تاکە ئامانجێکی ئایدۆلۆژییەوە دەیکات.

ئێمە دوو بژاردەی لێکدانەوەمان بۆ دەمێنێتەوە. یەکەمیان بریتییە لە شیکردنەوەی ئاستی هەبوونی یەکەکان لە ئایدۆلۆژیا خانەخویێ فراوانەکاندا وێڕای پێشنیاریان بۆ سەربەخۆیی بیرۆکەیی. دووەمیان بریتییە لە راگەیاندنی بوونی هەمەڕەنگییەکی مۆرفۆلۆژی، واتە، ئایدۆلۆژیایەکی تەنك.

ئایدۆلۆژیای تەنك، وەکو ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکان، مۆرفۆلۆژییەکی ناسراوەیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکانەوە، سنووردارە. لە ڕێگەی بە ئەنقەست لابردنی یان جێگۆڕکێپێکردنی زۆرێك لەو چەمکانەی کە ئێمە چاوەڕێ دەکەین بیگرێتەخۆی، خۆی لە کۆنتێکستە بیرۆکەییە فراوانەکان جیا دەکاتەوە. ڕستێکی تەواوی ئەو پرسیارانە ناگرێتەخۆ کە ئایدۆلۆژیا گەورەکان دەیگرنەخۆ و لە هیواکان و تواناکەیدا سنووردارە. ناسیۆنالیزم بە نموونە وەربگرە. ئایدۆلۆژیایەك کە سەرنج دەخاتەسەر شایستەیی ناوازەی نەتەوەیەك وەکو پێکهێنەری شوناسی مرۆڤ لەکاتێکدا کە زۆرجار جەخت لە باڵاییەکەی بەسەر شوناسە نەتەوەییەکانی تردا دەکاتەوە و ئەمە دەتوانێ ئەو داوایانە پاساو بدات کە دەشێ نەتەوەیەك ڕووبەڕووی ڕەفتاری ئەندامەکانی بکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەر شتێکی تر کە دەیکات ئەوەندە نییە. بە دڵنیاییەوە شێوازێك بەرهەم ناهێنێت بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی کاڵا کەم و گرنگەکان- واتە پرسیاری بەناوبانگی "کێ، چ کاتێك، چی بەدەست دەهێنێت" کە بە شتێکی بنەڕەتی دەبینرێت بۆ سیاسەت. لە کاتێکدا کە بە بەردەوامی پێداگری دەکات لەسەر چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی یان ئازادبوون لە حوکمی دەرەکی ئەو کاتەی کە نەتەوەکە لەلایەن دەوڵەتی سەربەخۆوە حوکمڕانی دەکرێت، لەسەر ئازادی و مافە تاکەکەسییەکان و پەیوەندی دڵخوازی نێوان هەردوو قەڵەمڕەوی تایبەت و گشتیدا بێ دەنگە.

لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم بە دەگمەن لەم فۆرمە تەنك و خاوەدا دەردەکەوێت، ئەگەر گرووپێکی ئەتنیی دیاریکراو داوای دەوڵەت-نەتەوەیەك بۆ خۆی نەکات لە بەرانبەر سیستەمێکی سیاسیی شەڕانگێزانەدا (بۆ نموونە، خەباتی باسك لە دژی ئیسپانیا)، یان دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕوو لە دروستبوون لەلایەن دوژمنێکی دەرەکییەوە هەڕەشەی سڕینەوەی لێ نەکرێت (بۆ نموونە وێنەی سەگی بولدۆگ لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا). ئەگەرێکی پەنادران لە ناو ئایدۆلۆژیا خانەخوێ فراوانترەکاندا

زیاتره. کۆنسێرڤاتیڤەکان خۆشحاڵن بەوەی بۆشاییەك لە ژوورەکەیاندا بدۆزنەوە بۆ پرۆسەی خۆشەویستیی ناسیۆنالیستی لەگەڵ مێژوویەکی داهێنراو و خاکێکی تایبەتدا. بێگومان فاشیستەکان ناسیۆنالیزم وەکو پاساوێکی میلیتاریزمی شەڕانگێزانە کە ئاراستەی دوژمنە وێناکراو و واقیعییەکان کراوە دەقۆزنەوە. ئەمە لەگەڵ دیدێکی زۆر فیزیکی و نەژادیی ئەو شتەدا دەست و پەنجە نەرم دەکات کە فاییەری نەتەوە پێکدەهێنێت. تەنانەت لیبراڵەکانیش ناوبەناو لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا خۆیان دەگونجێنن، وشەیەك کە ئەوانیش زۆرجار خۆیان لێ لاداوە. دواجار ئەمە رێگە بە پرەنسیپی خودحوکمڕانی دەدات و دەتوانرێ وەها بگونجێنرێت کە لایەنگیریی مافی جیهانیی هەموو نەتەوەکان بکات بۆ ئەوەی دەوڵەتی خۆیانیان هەبێت.

بەڵام روانگەیەکی جیاواز هەیە لەبارەی ئایدۆلۆژیا تەنکەکانەوە، هەر وەك ئەو جۆرەی کە فێمینیزم دەیبینێت. فێمینیستەکان پرسی جێندەر وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی ناکۆکبوونی ئایدۆلۆژی و ئامادەیی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی پاتریارکی، ئەوەندەی ململانێی چینایەتی بەلای مارکسیستەکانەوە، بە ململانێیەکی کاریگەر دەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان جارێکی تر رووبەڕووی پرسی سنوورەکانمان دەکەنەوە: گروپبەندییە ئایدۆلۆژییە گەورەکان کامانەن و تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی ئەو نەخشەیە چین کە رووبەڕی ئایدۆلۆژیاکان بە باشترین شێوە دادەپۆشن؟ لەکاتێکدا کە زۆرێك لە فێمینیستەکانی سەدەی بیست بەڵگاندنەکانیان بە درێژکراوەی پرەنسیپە سۆسیالیستەکان یان لیبراڵەکان دادەنێن، رادیکاڵ فێمینیستەکان بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە ئەو پرس و چەمکە سیاسییانەی کە هەن، زۆرجار سەرنجمان لەوەی کە بە راستی گرنگە، لادەدەن. بەکارهێنانە "بێ زیان"ە گرنگەکانی دەستەواژەی "مافەکانی مرۆڤ" بریتین لە مافەکانی پیاوان. دەسەڵاتی سیاسی، وەکو دەسەڵاتی پاتریارکی باشتر دەرك دەکرێت. هاودژەکانی وەکو گەردوونی/دیاریکراو، کەلتوور/سروشت، هۆش/جەستە، ئەقڵ/سۆز، هەموویان زۆرجار وێنەدەرەوەی ئەوانەی نێرینە/مێینەن، لەکاتێکدا کە یەکەم دانەی هەر کام لەو جوت وشانە تایبەتمەندییەکی

دڵپەسەند و دووەمیان ناتەواوییەکە. ڕێکخستنەوەیەکی زمانی سیاسی و لەم ڕێگەیەوە مومارەسە سیاسییەکان، ئامانجی فێمینیزمە. لەم رووەوە، ئەوەی کە وەکو ئایدۆلۆژیایەکی تەنك دیارە، لەوانەیە لە روانگەی شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیای باوەوە وەکو هەوڵێك لەلایەن فێمینیستەکانەوە بۆ بڕینی کێکێك بە شێوەی جیاواز لێکبدرێتەوە. لەلایەن خۆیانەوە، پێویستە ئایدۆلۆژیا ئەستوورەکان لانی کەم بە شێوەیەکی ڕێژەیی رستێکی چەمکە جیاوازەکان، لەوانەش چاودێری، ئاگالێبوون و هاوخەمی بگرنەخۆ. ململانێی ئایدۆلۆژی لەسەر کۆنترۆڵی زمان تەنیا پێشبڕکێ نییە لەسەر واتاکانی چەمکە سیاسییە زاڵەکانی وەکو ئازادی و دادپەروەری، بەڵکو ئەوەیە کە هەوڵدەدات ئەو چەمکانە ببەخشێت کە بە شێوەیەکی ئاسایی بە گرنگیی سیاسییەوە، سیاسی بوون. فێمینیستە رادیکاڵەکان رایدەگەیەنن و دەڵێن ئەو نەخشە جوگرافییە نێرینەییەی کە هەیە تورِ هەڵبدە و رووبەری زەوییەکە بدۆزەرەوە.

## ئایا ئایدۆلۆژیاکان "خۆرئاوایین"؟

پارچە پارچەکردن و ڕێکخستنەوەی ئایدۆلۆژیاکان دیمەنی ئایدۆلۆژی بە واتایەکی تر گۆڕیووە. ئەو ئایدۆلۆژیایانەی لەژێر تەحەدیدان بەشێوەیەکی گشتیی خۆیان وەکو گەردوونی خستووەتەڕوو. بەڵام ئەو کاتەی کە ئەم گەردوونیبوونە خرایەژێر پرسیارەوە، ئەو کاتەی کە ئایدۆلۆژیا گەردوونییەکان وەکو شتێکی سەرچاوەگرتوو لە رووبەرێکی کەلتووری ناسێنران، لەپڕ بۆشایی بۆ ئایدۆلۆژییە ناخۆرئاواییەکان دەکرێتەوە، بۆئەوەی دەربکەون و تێبینی بکرێن. بەشێکی ئەمە سەرکەوتنی فرەکەلتوورگەراییە، بەشێکیشی دەرەنجامی نمایشی ماسولکەیی تێڕوانینە خۆرئاواییەکانە، تاوەکو ئێستا وەهای لێکراوە کە لە بەرانبەر دەلالەتە "مۆدێرن"ەکانی خۆرئاوادا هەست بە نزمی بکات، یان وا هەڵکەوتووە کە لە قۆناغێکی گریمانەیی زووی گەشەسەندنی سیاسی و فیکریدا بێت. زۆرێك لە ئایدۆلۆژییە خۆرهەڵاتییەکان، ئاوێتەیەکی نامۆی تیۆرە خۆرئاواییەکان و پارادایمە

کەلتوورییە ڕەسەنەکانن. سیاسەتی ژاپۆنی زاراوەی لیبراڵ دەبەخشێت بە بزاڤێکی کۆنسێرڤاتیڤی بەرفراوان و ڕێسا نەریتییەکان لەگەڵ لایف ستایڵە های- تەکنۆلۆژییەکاندا تێکەڵ دەکات. تەکنۆلۆژیا چەمکە خۆرئاواییەکانی بازاڕ دەخاتەڕوو، لەکاتێکدا کە کەلتوورە ناوچەییەکان کۆسپ لەبەردەم جۆری خۆرئاوایی تاکگەرایی دادەنێن کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵیاندایە.

سەرهەڵدانی فەندەمێنتاڵیزمی ئایینی مەتەڵێکی سەرنجڕاکێش ئەخاتە بەردەم خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا. ئایا ئایینەکانیش ئایدۆلۆژیان؟ ئایا ئایدۆلۆژیاکان و ئایینەکان تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە؟ دواجار کۆمیونیزم وەکو ئایینێکی عەلمانی باسکراوە- تەنانەت بابەتی کتێبێکی بەناوبانگ بووە بەناونیشانی (ئەو خوایەی کە شکستی هێنا). وەڵامی ئەم پرسیارانە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن هەم بەڵێیە و هەم نەخێر. ئایینەکان تەنیا ئەو کاتە ئایدۆلۆژیای سیاسین کە لەسەر بەرنامەی گشتی پێشبڕکێ بکەن و هەوڵ بدەن کاریگەری بخەنەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی سەرتاپای کۆمەڵی سیاسی. تەنانەت ئەو کاتەش، ئەمە مەرجێکی پێویستە، بەڵام بەس نییە بۆئەوەی بە ئایدۆلۆژیایان دابنێین. دەشێت ئایینێك وەکو گروپێك فشاری بەهێز بێت بۆ چاودێریی گشتیی ڕۆژێکی پشوو. ئەمە نایکاتە ئایدۆلۆژیایەك، تەنانەت ئایدۆلۆژیایەکی تەنکیش، بەڵکو گروپێك بە تاکە پرسێکەوە کە هەڵوەستە لەسەر بڕگەیەکی ئایدۆلۆژی دەکات- لەم حاڵەتەدا نەریتێکی ئێتیکی و ئایینیی گرنگی کەلتوورێك کە دەیەوێ بیپارێزێت. دەشێت فەندەمێنتاڵیزمی ئایینی بە هەمان شێوە لە پاشەکشێیەك لە جیهان خۆی مانیفێست بکات، یان لە مێسیانیزم (عقیدە خلاص) ێکی یوتۆپیدا کە لە ئایندەیەکی دیارینەکراودا چاوەڕێی ڕزگاری دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە فەندەمێنتاڵیزمی ئایینی بە زەحمەت سیاسی بووبێت و بە پێچەوانەوە دەشێت هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییەکانی هەبێت. یەکێك لەوانە تێڕوانینێکی فراوانخواز و شەڕانگێزانەیە لە بەرانبەر بێ

باوەڕاندا کە یا دەبێ هەڵگەڕێنەوە یان دەبێ لەناو ببرێن. یەکێکی تریان تایبەتمەندییەکی مۆرفۆلۆژیی هاوبەشە، واتە، کشۆکییەکی بەرچاو کە بە واتاکانی تۆپەڵە چەمکییەکانییەوە لکاوە. لەکاتێکدا کە تۆتالیتارە سێکیولارەکان لە رێگەی هێزێکی زمانەوانیی هەرەمەکییەوە لە واتاکانی چەمکەکانیاندا بەند ئەبن، فەندەمێنتاڵیستە ئایینییەکان هەمان ئامانج لە رێگەی تێکستە پیرۆزەکانیانەوە بەدەست دەهێنن. پیاوانی پیرۆزیان رۆڵی پارێزەر و دابینکەری حەقیقەت دەگرنە ئەستۆ، رۆڵێك کە رووناکبیران ناوبەناو - بە دەسەڵاتێکی کەمترەوە- لە ئایدۆلۆژیا عەلمانییەکاندا دەیبینن. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەوانەیە پارێزەرەکان لەناوەوەڕا لە ناوخۆیاندا لەلایەن خەڵکانێکەوە بەڕێوە ببرێن کە لە دیکتاتۆرە سیاسییەکان جیا ناکرێنەوە.

بۆ راڤەکارێکی ئایدۆلۆژیا، کێشەی راستەقینەی ئەمەی کە ئاخۆ ئایینەکان ئایدۆلۆژیان پرسیارێکی جیاکردنەوەیە. بۆ نموونە ئیسلامی سیاسی، کرداری ئایدۆلۆژیای هەیە لەوەدا کە ئەجێندایەکی سیاسیی بەکۆمەڵ دابین دەکات، لەکاتێکدا کە رووبەرێکی هاوبەش، تەنانەت شوناسێکی هاوبەشی بەرچاو لە نێوان ئایین و سیاسەتدا بەرقەرار دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دیاریکراوێتییە ناگرێتەخۆی کە ئایدۆلۆژیا هاوچەرخەکان هەیانە- جیا، بەرجەستە، ئەو سیستەمانەی ئایدیاکان کە وەکو تایبەتمەندییە نیمچە ئۆتۆنۆمییەکانی جیهانەکەمان هەن و دەکرێ بە شێوەی سەربەخۆ تاووتوێ بکرێن. لە سەدەی نۆزدەوە، ئایدۆلۆژیا سیاسییە گەورەکان بوونەتە ئەو سیستەمانەی ئایدیاکان کە لە باوەڕە ئایینییەکانی ئێمە جیا بوونەتەوە- هەروەکو ئایدیاکانمان لەبارەی هونەر و لەبارەی ئابوورینا‌سییەوە لە ئێستادا ئاستێکی بەرچاوی ئۆتۆنۆمی پیشان دەدات- ئەگەرچی بیری سیاسی لە خۆرئاوادا خۆی لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینییەکاندا تێکەڵاو بووە. نیشانەی "خۆرئاوایی"ی ئایدیا-سیستەمەکان بەرجەستەبوونیانە وەکو تایبەتمەندیی جیا لە بیر و رەفتاری کارتێکراو بە بیر، هەرچەندە ئایدۆلۆژیا سیاسییە خۆتەرخانکردووەکان و بیر-سیستەمە گشتگیرەکانی تر

هێشتا کاریگەریی دوولایەنە ئاڵوگۆڕ دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، فەندەمێنتالیزمی ئایینی هیچ مەودایەك دابین ناکات بۆئەوەی ئایدۆلۆژیای سیاسی وەکو رستێك ئایدیای جیا لە ژێر باڵەکانی ئایین سەرهەڵبدات، نە دەرفەتی ئەوەش بە رستێك لێکدانەوەی ئایینی دەدات، کە لە خراپەی دیسپلینی سیاسی دوور بکەونەوە. ئەم بزربوونە ئاشکرایەی سنوور، لەم حاڵەتەدا لەنێوان ئایدۆلۆژیای سیاسی و جۆرێکی جیاوازی باوەڕ-سیستەم، بەو واتایەیە کە هەڵبژاردنی شتێك بۆ باوەڕ پێهێنان، زۆر سنوورداره. دەبێت پاکیجی بەرفراوانتر بگرێتەخۆ بەبێ ئیختیاری "تێکەڵ بکە و بگونجێنە"، کۆبکەوە و جیا بکەوە.

سەردەمی ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکان بەسەر نەچووە. ئەمانە سڵ ناکانەوە لەوەی کە ببنە ئەو جۆرە جیاوازانەی کە دەوری ئایدیا ناوەرۆکییەکانیان دەدەن، ئەگەر نا ئەوا رەق دەبن. بەڵام بێنە و بەردەی بەردەوامی نێوان لە ناوەند دامالڕانی دەسەڵاتی سیاسی و بە ناوەندبوونەوەی، بوار بۆ رێکخستنەوەی نوێ دابین دەکات، لەکاتێکدا کە خێراکردنی رەوگەی کۆمیونیکاسیۆن دەبێتەهۆی جووڵەیەکی خێراتری گۆڕان. ئەوەی کە ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیاکان کۆتاییان نایەت، نە ئایدۆلۆژیایەکی براوەش هەیە بەو شێوەیەی کە لەلایەن پەیامبەرانی"کۆتایی ئایدۆلۆژیا" لە ١٩٩٠ەکاندا راگەیەنراوە. چونکە بۆئەوەی کە ئەمە رووبدات، دەبێ مێژوو وێستگەیەکی تەواوکردنی هەبێت و وێنای مرۆڤ خۆی بکێشێت بە کۆسپێکدا.

# بەشی هەشتەم

## واقیعە گوتارییەکان و واقیعە شێواوەکان

بۆچوونی گشتی لەبارەی کشۆکیی و پارچەپارچەبوونی ئایدۆلۆژی، بەرەوپێشچوونی نوێی لە تیۆرەی ئایدۆلۆژیادا لێ کەوتووەتەوە. هەندێ لە توێژەران زیاتر بایەخ بە توێژینەوەی پارچەکان دەدەن، لەکاتێکدا کە ئەوانیتر گومانگەرایی مارکسیستیی کۆنیان لەبارەی ئەو شتەی کە کەوتووەتە پشت ئەم وەرگۆڕانە ئایدۆلۆژییە بەردەوامانە و ئەو شتەی کە دیارە، ئەگەر هەبێت، کاتێك خۆمانی لەژێردا پەنا دەدەین، چالاك کردووەتەوە.

## تیۆرەی گوتار

هاوتای سەرنج خستنەسەر ئایدۆلۆژیا بچوکەکان، پشکنینی وردی ئەو بەکارهێنانانەیە کە زمان بە شێوەیەکی گشتی و زمانی سیاسی بە شێوەیەکی تایبەت دەکەونە بەریان. لقی ئەو توێژینەوانەی کە  رۆشنایی دەخاتەسەر ئەم شیکرنەوەیەی گوتار، لەسەر دیدگاکانی توێژینەوەی هێرمنیوتیکس، سیمانتیکس و پۆست مۆدێرن گەشەی کردووە. ئایدیای جەوهەریی پشت شیکردنەوەی گوتار بۆ دەرککردنی زمانە وەکو سێتێکی ئالۆوێریی کارلێکەکان، کە لە رێگەیەوە تێگەیشتن و باوەڕە کەلتووری و کۆمەلایەتییەکان پێکدێن و بلاو دەبنەوە. وەکو ئەو بۆچوونانەی پێشوو، کە من پشکنیمن، شیکردنەوەی گوتار لە ناو مەوداکەیدا سەراپاگیرە،

هەوڵدەدات بوارێکی گشتگیری کۆمیونیکاسیۆن شرۆڤە بکات. بەشێکی بریتییە لە شیکردنەوەی ناوەرۆك و هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی سیستەماتیکیی ڕێساکانی وتەی ئاسایی. بەشەکانی تر پرژاونەتەسەر ئەو پەیامە کەلتوورییە فراوانانەی کە لە گوتاردا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، لەوانەش گریمانەکان لەبارەی جێندەر، ئەتنیك، دەسەڵات و ئەمەی کە چۆن ئەم گریمانانە کار دەکەنە سەر ژیانی خەڵك. تەنانەت ژمارەیەك لە بەشەکانی تر زیاتر دەچنە قووڵاییەوە و مومارەسە دامەزراوەییەکان بە گوتار دادەنێن.

ئەمە شیکردنەوەی گوتار گرێ دەداتەوە بە پرسیارەکانی شوناس، کە لە ئەجێندای ئەکادیمیی ژمارەیەك زانای کۆمەڵایەتی گەورەتر بووە. کۆمەڵگاکان چۆن دەڕواننە خۆیان (بۆ نموونە، ئایا شانازی دەکەن بە دەسکەوتەکانیانەوە یان نائومێد بوون؟) کە تێکڕا بوو بە ئەوەی کە ئێستا هەین (بۆ نموونە ئایا ئەوە ژێریمانە لە کاتەکانی قەیراندا یان خۆتەرخانکردنمانە بۆ سروتە سیاسییە بونیادگرتووەکان؟) چۆن جیاوازییەکانی نێوان "ئێمە" و "ئەوان" پێکدێن (بۆ نموونە، ئایا سنوورە زەمینییەکان سنووری کۆمەڵگا دیاری دەکەن، یان ئایا ڕەنگی پێست جیاوازییەکی کاریگەرە؟) کام ئامرازی زمانەوانی و میتافۆریە بەکاردەهێنرێن بۆ جەختکردنەوە بە شێوەیەکی ویستراو یان بۆ پێکهێنانی نائاگایانەی وێنەکان و تێگەیشتنە خودییەکانی جڤاتێکی گوتاری (بۆ نموونە، "سێوە گەورەکە-نییویۆرك"، "شەڕی ناوکی، نەك کۆمەڵگەی کۆمەنیستی"، "زەوییەکی سەوز و خۆش")؟ لەکاتێکدا کە گروپبەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی هاوچەرخدا بە خێرایی دەگۆڕێن، لاوازی و کورتخایەنیی گوتار روونتر دەبێت. زیادەیەکی گوتارەکان، کە بە رواڵەت کشۆکتر و گۆڕاوترە، شوێنی گوتارە زاڵەکانی پێشووی رۆشنگەری یان مەسیحییەت دەگرێتەوە. لە پرۆسەیەکی ڕاڕاتر دا، تەنانەت نێرینەیێتی و ئەتنیکە هیرارکییەکانیش دەکەونە بەر تەحەدی و سەرەنجام پاشەکشێ دەکەن یان ڕێکدەخرێنەوە.

بەشی زۆری تیۆرەی گوتار گەیشتووەتە کەنارێکی دژوار، کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تیۆرە ئایدۆلۆژییە مارکسییەکان. ئەو کاتە گوتارەکان دەبنە دوایین ڕێگای وێنەکێشانی

کاریگەرییە زیانبەخشەکانی ئایدۆلۆژیا، زەمینە زمانەوانییەکان کە تاکەکان و گروپەکان تیایاندا گیرۆدە دەبن، تیایاندا کۆمیونیکاسیۆن خزمەت بە ئامانجی شاردنەوە و فریودان دەکات، تیایاندا سەرکوتکردن و دوژمنایەتی، پەروەردە دەبن و درێژە دەکێشن و تیایاندا دەربڕین و تێکستەکانی کەسێك وەها بە هەڵە دادەنرێ، کە دەربڕینە رەسەنەکانی ئایدیاکانی خۆی بن، نەك ئەمەی لە دەرەوەڕا موتوربە کرابن. تەنانەت ئەو گوتارانەش کە کەمتر زیانبەخش دیارن، بەو شێوەیەی کە هەن دەردەکەون. رێسا ئەگەرییەکانی رەفتار و بیر، وەکو رێسای ئاسایی و تەنانەت گەردوونیی کارلێکی مرۆیی دەردەکەون. گوتار لە فاکتێکی بێ زیانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەردەچەرخێت بۆ داهێنراوێك کە لە رێگەی ئەو کۆت و بەندە کەلتوورییانەی دەیسەپێنێت، دەچێتە ناو بوونی مرۆییەوە. هەروەکو میشێل فۆکۆ وتوویەتی، گوتار دەسەڵاتە، بەم شێوەیە تێڕامانی کۆمەڵناسی درێژ کردووەتەوە کە لە رێگەیەوە مارکس ئایدۆلۆژیای تێبینی کردبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، شوناس چینی وەکو ئەو بوارە موتوربە کردووە کە تیایدا چارەنووسی گروپەکانی تیادا بەرجەستە بووە. ململانێ لەسەر کۆنترۆڵی چارەنووسی کەسێك، بە بەرەنگاری لە بەرانبەر سەپاندن لەلایەن ئەوانیتر، کە شوناسێکی کەموکورت یان نەگونجاویان هەیە، دەچێتە ناو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. (مینا) بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی وەکو بایۆکێمیستێك دادەنێت، ئەوانیتر بە هیندۆس لەقەڵەمی دەدەن. رۆبەرت دڵی خۆشە بەوەی کە کرێکارێکی خۆبەخشی کۆمەڵەکەیەتی، ئەوانیتر بەر لە هەموو شتێك وەکو نێرینەیەکی رەش پێست لێی دەڕوانن. لەکاتێکدا کە ئامانجی راڤەکاران دەرخستنی سروشتی ئەو ناتەواوییانەیە کە کۆمیونیکاسیۆنێکی وەها بەرهەمی دەهێنێت، ناوبەناو لە وردەکارییەکی تەکنیکیی گەورەدا، دەشێت هەڵوێستی تیۆریی پشت ئەو ئامانجە ناوبەناو زۆر نزیك بێت لە نیهلیزمەوە. زمان وەکو لەخۆگری شیمانە بێ سنوورەکان دەبینرێت و خاڵێکی ئەرخەمیدسی جێگیر لەئارادا نییە، کە بەرەو راستی و دروستی و زانین ئاراستەمان بکات. هەر وەسفێکی (مینا) سنووردار و گومڕاکەرە لەبارەی

ئەوەوە کە ئەو چییە. گۆڕان و جوولە، نەك جێگیری، دەبنە سیستەمی نوێ. کاتێك ئەم بۆچوونە، بۆ سنوورەکانی پاڵنرا، زمان دەبێتە واقیع. واقیع ئەو شتەیە کە گوتار فرمان بە واقیع دەکات ببێت، بونیادێکی گوتاری و بابەتیبوون تەنانەت بۆ توێژەرێکیش سۆراخکردنێکی ناواقعییە.

## ئایدۆلۆژیا و گوتار

چ شتێکی ئەمە گونجاوە بۆ تیۆریزەکردن لەبارەی ئایدۆلۆژیاوە؟ بەلای ئەوانەوە کە هەردوو گوتار و ئایدۆلۆژیا وەکو شتێکی پەیوەست بە دەسەڵات دەبینن، گوتارەکان کرداری ئاڵوویرین، کە لە رێگەیانەوە ئایدۆلۆژیا مومارەسە دەکرێت. بەلای ئەوانەوە کە زمان وەکو نێوەندێك کە لە رێگەیەوە جیهان واتا پەیدا دەکات، لەوانەیە گوتار جێگۆڕکی بە چەمکی ئایدۆلۆژیا بکات یان بە شێوەیەکی رێژەیی لە سیاسەت دایبماڵێت. بەڵام دەشێت ئێمە ئەو پەیوەندییە فۆرمولە بکەینەوە: ئایدۆلۆژیا فۆرمێکی گوتارە، بەڵام بە تەواوی لە ئایدیای گوتاردا ئامادەیی نییە. وەکو خاڵی دەستپێکردن، راڤەکارانی گوتار، دەستبەرداری نوواندنی واقیع دەبن و بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە بونیادی واقیع پەسەند دەکەن. ئایدۆلۆژیاکان دەپرژێنە سەر هەردووکیان. لەگەڵ رووداوە مێژوویی و سیاسییەکاندا کارلێك دەکەن و بەهای نوێنەرانە دەپارێزن. بەڵام لەم کردارەدا جەخت لە هەندێ سیمای ئەو واقیعە دەکەنەوە و نکوڵی لە هەندێکی تریان دەکەن و رووداوی ئەفسانەیی و وێنایی زیاد دەکەن بۆ

قەرەبووکردنەوەی "کەلێنەکانی واقیع". لە نێوان وێنای ئایدۆلۆژیی "نەرم" و کۆت و بەندە "رەق"ەکانی جیهانی واقیعیدا زانیارییەکی بەردەوام ئیش دەکات.

دەشێت ئاڵۆزکاویی شیکردنەوەی گوتار بەهۆی چەند دێرێکی بەناوبانگی (جاڕی سەربەخۆیی ئەمریکا) لە ساڵی ١٧٧٦دا شرۆڤە بکرێت:

"ئێمە وەکو شتێکی حاشاهەڵنەگر ئەم راستییانەمان لەلایە، کە هەموو پیاوان بە یەکسانی دروستکراون، ئەوان لەلایەن خالقەکەیانەوە مافی نکوڵێنەکراوی

دیاریکراویان پیٚ بەخشراوە، لە نێویشیاندا ژیان، ئازادی و سۆراخکردنی خۆشبەختی".

لەوانەیە فەیلەسوفێکی سیاسی ئەمە وەکو بەیانێك بخوێنێتەوە کە کۆمەڵێك بانگەشەی فەلسەفی دەگرێتەوە:

(١) جیهانێتیی هەندێ نیشانەی بنەڕەتی مرۆیی

(٢) پیرۆزکردنی زێدەمرۆییانەی چەند چاکەیەکی جەوهەری

(٣) باوەڕ بە هێزی زاڵی حەقیقەت

(٤) دۆخی بەراوردیی هاوشێوەی مرۆڤەکان

(٥) بەخشینی ماف بە تاکەکان

ئەمە باسێکی ئەوەیە کە شتەکان چۆنن، لەوانەیە فەیلەسوفانی سیاسی ئەمانە بە فاکتی ئەخلاقی ناو ببەن، بەڵام بە هەمان شێوە پیشاندەرێکی ئەو کردارە کۆنکریتییانەیە کە لەم دیدەی جیهانەوە سەرچاوە دەگرن.

لەوانەیە راڤەکارێکی رەخنەگری گوتار، خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئەو چەند دێڕە بکات:

(١) شوناسێکی مرۆیی بونیاد دەنێت، کە داننان بە جیاوازییەکان رەت دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە دەڵێت هەرکەسێك کە راستییەکانی ئەم چەند دێڕە قبوڵ ناکات، خۆی لەودیو سنوورە رێگەپێدراوەکاندا دادەنێت.

(٢) بەرجەستەبوونێکی دەسەڵاتە، هەروەکو چۆن خزمەت بە ئامانجەکانی بونیادنەرانی ئەمریکا دەکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکارهێنانی هێز بە ناوی ئایدیاڵەکانیەوە ئامادە دەکات، لەکاتێکدا کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ مرۆڤەکان لە وێنەیەکی خوازراودا لەقاڵب دەدات.

(٣) ئەم ئامانجانە لە رێگەی بەکارهێنانی ستراتیژییە زمانەوانییەکانی وەکو "ئێمە"ی گشتگیر و گەورەکردنی وشە سەرەکییەکان، بەدەست دەهێنێت.

(٤) چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەیەکی پوخت، لەبارەی ئەمەی کە چۆن ئێمە بووین بەوەی کە هەین لە چرکەساتی لەدایکبوونمانەوە و لە فەرهەنگێکدا دەربڕدراوە، کە خوێنەرێکی ئەمریکیی سەدەی هەژدە بە گونجاوی دەبینێت و کە خوێنەرێکی ئەمریکیی هاوچەرخ لە زاراوەی فراواندا پێی ئاشنا دەبێت.

(٥) بەهۆی ئەولەویەتدان بە پیاوان، بەجێندەر بووە.

هەر راڤەکارێکی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ بەشی هەرە زۆری شیکردنەوەی گوتار کۆك دەبێت، بەڵام وەهای پێ باشە کە دەلالەتە سیاسییە راستەوخۆکانی دێڕەکان و ئەو بونیادە بچوکە ئاڵۆزانە کە بەشێوەیەکی دیاریکراو تەکنیکە ئایدۆلۆژییەکانی لەناکۆکی داماڵین دەردەخەن، بپشکنێت. ئەو کارەی کە بە شێوەیەکی ئاگایانە یان نائاگایانە لەلایەن دێڕەکانەوە جێ بەجێ دەبێت، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەخۆی:

(١) لابردنی هەندێ باوەڕ لە ژێر تەحەدای فیکری یان ئەقڵانی، لە رێگەی پاراستنیان بە قەڵغانی ناشەفاف و کارتێنەکراوی بەڵگەنەویست، هەروەکو لە حاڵەتی جلوبەرگە نوێکانی ئیمپراتۆردا، تەنیا منداڵێك یان گەمژەیەك ئازایەتی خۆی دەخاتەکارەوە بەوەی کە پرسیار بکات چ شتێك لەخۆیدا ئاشکرا و سادە خراوەتە ڕوو.


(٢) جێگیرکردنی باوەڕە سیاسییەکان لە سیستەمە کەلتوورییە بەهێزەکانی پشتگیریدا، بەتایبەت هانابردن بۆ کیانی ئاسمانی وەکو پێکهێنەر و راگیرکەری سیستەمی کۆمەڵایەتی.

(٣) ئەولەویەتدان بە رستێك تایبەتمەندیی مرۆیی دیاریکراو، واتە ئەوەی کە هیوایەتە تاکەکەسییە زیندوو و بەربەستنەکراوەکان گەورە دەکات. ئەوانەی کە گریمانەی ئەوە دەکەن تاکەکان چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن و ئەوەی کە وەها لەقەڵەمیان دەدات کە بانگەشەی تێکنەشکاویان هەیە بۆ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیە گرانبەهاکان.

(٤) پشتیوانی لە سیستەمێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە تیایدا جیاوازییە مرۆییەکان بە ناسروشتی کراون.

(٥) کارتێکردنی خوێنەرانی جاڕنامەکە بە بەلاغەتێکی بەهێز، کە گرنگیی پەیامەکەی دەگەیەنێتە شوێنی خۆی، لە ئاسوودەییەکی نەرمەوە کە بەهۆی "جاڕنامە"کەوە بەرهەم هاتووە بۆ ریزبەندیی پچڕپچڕی مافە بیرنەچوو و بە ئاسانی ناسراوەکان.

سەرەڕای ئەمە، راڤەکاری ئایدۆلۆژیاکان پێویستی بە دەستنیشانکردنی رەگە مێژووییەکانی دێڕەکان و تاووتوێکردنی ئەوە هەیە، کە ئاخۆ ئەو ململانێ سەرکەوتووەی پەیوەست بە مانا لە بێداربوونەوەیدا هەموو هەولەکانی تری لە ناکۆکی داماڵینی شکستپێهێناوە. ئەگەر وایە، چۆن سەرهەڵدانی مێژوویی جۆرێکی ئایدۆلۆژیی زاڵ لەگەڵ ئەو جەختکردنەوەیەی راڤەکارانی گوتاردا هەڵدەکات، کە دەڵێت هەموو مانا بەرهەمی زمانە بە تەنیا؟ ئەم جەختکردنەوەیە، کە جەوهەرییە بۆ ئەو شتەی کە پێی وتراوە "پێچی زمانەوانی"، دەڵێت فرەواتایی زمانەوانی و گەمە زمانەوانییەکان دەرفەتە بێ پایانەکانی واتا دەرەخسێنن، بۆئەوەی نەتوانرێ واتایەك بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە بەسەر ئەوەیتردا پەسەند بکرێت. بەڵام ئایا ئەمە توێژەر زۆر بە سادەیی وێڵ ناکات؟ لەو تێگەیشتنە ئەلتەرناتیڤەی کە لە بەشی چوارەمدا گەڵاڵەکراوە، بەڵگەی ئەوەم هێناوەتەوە کە واتای ئایدۆلۆژی کەوتووەتە پنتی رووبەڕووبوونەوەی نێوان کۆتە کەلتووری و لۆژیکییەکان. لە کرداری ئایدۆلۆژیدا، واتا رەوا و قبولکراوەکان، ناکۆتای ئەو بژارە سیمانتیکییانە سنووردار دەکەن کە "پێچی زمانەوانی" جەختی لێدەکاتەوە. بە کورتی، واتای ئایدۆلۆژی، بەرهەمی هاوبەشی ئەو ئاستەی سەختگیریی شیکارییەیە کە داڕێژەرانی (ی کشۆکیی زمانەوانیی زمان) هەیانە لەگەڵ کۆنتێکستی مێژوویی. لەوانەیە ئەمە جەخت لە شیمانەییەکەی، نەك ناوەرۆکە بێ سنوورەکەی بکاتەوە.


IN CONGRESS, JULY 4, 1776.

The unanimous Declaration of the thirteen united States of America,

١٢- جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا

دواجار، راڤەکارانی گوتار ناوبەناو وەکو دراوێك کە تیایدا بژارەکان تەنیا لەبەردەستی ئەو بەکارهێنەرەن، کە لەناو گەمەکەدا گیرۆدە بوون، مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکەن. لە بەرانبەردا، شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکان بایەخێکی زیاتر دەدات بە بکەرێتی و هەڵبژاردنی تاکەکەسی لە وەرچەرخانی نێوان لێکدانەوە جیا جیاکانی نێوانی جیهان و لە پێکهێنانەوەی ئەو لێکدانەوانەدا، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە هانی فرەڕەنگیی ئایدۆلۆژی ئەدات. بایەخێکی زیاتر ئەدات بە پێشبڕکێ ناوەکییەکان لەسەر مانا بەو شێوەیەی کە لەگەڵ روانگەیەکی سیاسیدا دەگونجێت. بایەخی زیاتر ئەدات بە سروشتی پلورالیستی و فرەلایەنی جیاوازییەکان لە ناو رووبەرێکی ئایدۆلۆژیدا، لەکاتێکدا کە تیۆرەی گوتاری رەخنەگرانە جیهان وەکو بەهاودژی بوویەك لەنێوان چەمکەکانی "خود" لە بەرانبەر "ئەویتر"دا دەبینێت.

## پۆست مارکسیزم: وەهمیبوونی حەتمیی واقیع

پۆست مارکسیستەکان و پۆست سترەکچراڵیستەکان (هەندێ جار لە ناو کەوانەیەکی فراوانتری پۆست مۆدێرنیستەکاندا دادەنرێن) تەکانێکی زیاتریان داوە بە توێژینەوەی ئایدۆلۆژیاکان. پۆست مارکسیستەکان هێشتا ئایدۆلۆژیا بە ئامرازێکی بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی بەکۆمەڵ دادەنێن، بەڵام چیتر لەسەر بنەمای چینایەتی نا. پۆست سترەکچراڵیستەکان ئەوانەن کە تەحەدای جێگیریی و جیهانێتیی بونیاد و زاراوە زمانەوانی و سیاسییە هەبووەکان دەکەن. میتۆدی شیکردنەوەکەیان هەڵوەشاندنەوەیە- شکاندنی ئەو گریمانە شاراوەیە کە دەڵێت : زمان واقیع دەنوێنێت. ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو جیاوازی و هاودژییانەی کە زمان دەستنیشانی دەکات، بە هەڵە دەرککراو پیشان بدەن. لەلایەکەوە، ئەو رێگا هاوتەریبانەی هەندێ لەو بۆچوونە هێرمنیوتیکیانە دەگرنەبەر کە لەسەرەوە باسمان کردن، هەرچەندە روونکردنەوەکانیان ناوبەناو بەهۆی دەستەواژە یان دەربڕینێکی ئاڵۆزکاوی قورس تێکدەچێت.

له ناو نووسینه گرنگترەکانی پەیوەندیدار بە ئایدۆلۆژیا، کە لەناو ئەم بزاڤە فیکرییانەوە سەریهەڵدابێت، ئەوانەی (ئەرنێستۆ لاکلۆ) و (شانتال موف)ە. بە تێپەڕبوون لەو هەڵوێستەی ئالتوسێر کە لە بەشی دووەمدا باسمان کرد، ئەوان مشتومڕیان لەسەر ئەولەویەتی مارکسیی بناغەی کەرەستەیی لە بەرانبەر سوپەربونیاد کردووە لەوەدا کە خۆی گوتاری بێت نەك پەیوەندییەکی واقیعی. بە بڕوای ئەوان، هەموو کردارەکان گوتارین، لەوەدا کە دەربڕینی مرۆیی و بژارەیی و شیمانەیی ئەوەن، کە چۆن لە جیهان تێبگەین؟ شتێکی تەواو جیاواز لە بانگەشەی پەیوەندیدار بەوەی جیهان چییە؟ سیستەمی کۆمەڵایەتی نەدراوە، بەڵکو بونیاد نراوە یان دەربڕدراوە. ئەمە تەنیا هاوشێوەی جێگیر بەرهەم دەهێنێت. ئەم بەڵگاندنە خۆی لادەدات لە چەمکی ئایدۆلۆژیا پارچەپارچە بووەکان، چونکە پارچەپارچە بوون بەدوای هەڵوەشانەوەی گشتێکی پێشوودا دێت. لەبری ئەمە، گشتەکان خۆیان تەنیا دەربڕینێکی نادڵنیای ژمارەیەکی دیارینەکراوی ئاوێتەیەکی شیمانەیی ئایدیاکانن. شیمانەییبوون لەم حاڵەتەدا پێچەوانەی نییە (لەکاتێکدا کە پێچەوانەکەی پێویستی بێت)، چونکە لە گوتاردا شتێکی پێویست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی پێویست لەبارەی گوتارەوە هەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی مرۆڤ بوون. ئەو فاکتەرە گرنگە ڕێگە لەوە دەگرێت کە جیهانی دەرککراو، بێ واتا یان هەڕەمەکی بێت لە چاوی بینەرانیەوە، هەرچەندە خوێندکارانی ئایدۆلۆژیا هەمیشە تەحەدای بەردەوامیی یان ڕەهایەتی گوتاری هەژموونیی دەربڕدراو دەکەن.

شانبەشانی کێشە مارکسییەکان، پۆست مارکسییەکان شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیا گرێ دەدەنەوە بە پرسی گەورەی "کۆمەڵگە" چییە و پرسیاری هاوتەریبی شوناسی تاکەکەس یان "خود". بە شێوەیەکی دیاریکراو، تیۆردانەرەکانی وەکو لاکلۆ و موف، بەڵگەی ئەوەیان هێناوەتەوە کە وەهمیبوونی ئەوەی کە ئێمە بە کۆمەڵگەی ناودەبەین پێویستی بە کەرەستەی دالەکان، وشە نوێنەرەکان، هەیە بۆ داپۆشینی کەلێنەکان و بەرقەرارکردنی سەقامگیری و سیستەم لەو شوێنانەی کە نین. ئەوان،

ئەمانە بە وتەزایەکی تایبەتی دال ناو دەبەن- "دالە بەتاڵەکان" کە نەك واقیعێکی دەرەکی، بەڵکو بزرییەکەی دەنوێنن. بەم شێوەیە، کاتێك خۆپیشاندەران بۆ "ئازادی" رێپێوان دەکەن، هیچ روون نییە چی بەدوادا دێت. لێرەدا ئازادی دالە بۆ شتێك کە کۆمەڵگاکان قەت ناتوانن بە تەواوی پێی بگەن. هاواری روونی "ئازادی" ئەو وەهمە بەرهەم دەهێنێت کە بوونی هەیە و کە سیستەمی کۆمەڵایەتیی بونیادنراو لەسەر ئازادی شیاوی بەدەستهێنانە.هەروەها دەبێت ئەو راستییە خەمناکەی کە هەموو کۆمەڵگاکان نائازادبن، پەردەپۆش بکرێت.

بە گوێرەی پۆست مارکسییەکان، ئەو بەرهەمهێنانە وێناییەی سیستەمی کۆمەڵایەتی، رۆڵی ئایدۆلۆژیایە. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد خەیاڵپڵاوییە، ئایدۆلۆژیاکان وەهمێکی پێویستن. بە پێچەوانەی مارکسەوە، ناکرێ دووربخرێنەوە، هەروەکو سالڤۆی ژیژەك تێبینی کردووە، هێنانەکایەی ئەو پشێوی و تۆقینەی کە وردبوونەوە لە بۆشاییەکە لە پشتییەوەیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئایدۆلۆژیا لە حاڵەتێکی نوێبوونەوەی بەردەوامدایە، چونکە دالە نوێکان پێویستیان بەوەیە کە دابهێنرێن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە رووپۆشکراوەکە کاتێك کۆنەکان سیحرەکانیان لەدەست دەدەن. بەڵام ئەو نهێنییەی کە ئێستا بەدیار کەوتووە ئەوەیە، کە لە کرداردا، شتێك لە پشت رووپۆشەکەوە نییە. ژیژەك پشت بە تیۆرەی دەروونشیکاری (لاکان) دەبەستێت بۆئەوەی جەخت لەوە بکاتەوە کە ترسی وردبوونەوە لە نەزانراو، وا لە خەڵك دەکات کە فەنتازیا، یان تۆڕی خەیاڵیی ئەو شتە بچنن کە پێیان وایە دەکرێ بزانرێ و هارمۆنی هەڵبچنن لەو شوێنەی کە شەڕانگێزی زاڵە. هاودژیی نێوان خود و ئەویتر، پێویستی بە دۆخێکی تارمایی ئاسا هەیە، چونکە "ئەویتر" سەرابێکە و "خود" شوناسێکی کاتییە، لەبەر چەند هۆکارێکی ئاسوودەیی سایکۆلۆژی پێکەوەلکێنراوە، کە توانای ئەو بکەرێتییەی نییە کە لیبراڵەکان دەیبەخشن بە تاکەکەس. چۆن کەسێك دەتوانێت راستی بشێوێنیت لەکاتێکدا کە راستییەك لە ئارادا نییە، ئەگەر واقیعی بێگەرد و سادە شیاوی بەدەستهێنان نییە و تەنانەت

وێنانەکراویشە؟ چۆن دەتوانین واقیع بناسین لەکاتێکدا کە ئەوەی وەکو واقیع وەریدەگرین شتێکی ترە، لە ڕێگەی تۆڕێك ڕەمزەوە لە بێژنگ دراوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕاستییەك لەئارادا نەبێت، ناکرێ ناڕاستیش (= داتاشراوەی ڕاستی) هەبێت. لەبری مەحکومکردنی ئایدۆلۆژیا بە ناڕاست، دەبێت وەکو پیشاندەرێکی بەهێزی ئەو ڕێگایانە پیشان بدرێت، کە بەهۆیانەوە خەڵکی بە شێوەیەکی واقیعی جیهان لێکدەدەنەوە. دەشێت بڵێین ئەوە فاکتێکە کە ئایدۆلۆژیا (بە شێوەی هەڵە) گوتار وەکو فاکتێکی بابەتی دەخاتەڕوو. بەڵام بە گوێرەی ژیژەك، لەبەرئەوەی گوتار زۆر کورتخایەنە، ئایدۆلۆژیا قەت ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەو سەقامگیرییە بونیاد بنێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی نییەتی.

لە واتایەکی بەرفراوانتردا، پۆست مارکسیستەکان و پۆست سترەکچراڵیستەکان ئایدۆلۆژیا وەکو زاراوەیەکی تەکنیکیی ئەبستراکت بەکاردەهێنن. ئەمە خۆی بووە بە دالێك بەبێ واتایەکی ڕوون. ئامانجەکەی بە شێوەیەکی ڕوون هۆشداریدان بە توێژەرانە لەبارەی ئەمەی کە ئەوان دەچنە ناو ڕووبەرێکەوە کە تیایدا دەبێت تواناکانیان بخەنەکار (نەك ئەمەی کە ڕووبەرەکە هەڵبوەشێتەوە، هەروەکو لای مارکس وەها بوو). بەڵام ئایدۆلۆژیا، دەلالەتە مارکسییە نێگەتیڤەکانی هەر دەپارێزێت، ئەمە ڕێگایەکی لێڵە کە بەهۆیەوە واقیع دەگەیەنرێتە هەمووان و خەڵکی ناچار دەکات لە جیهانێکی بونیادە بەرتەسکەکاندا یان پێویستیی سایکۆلۆژیدا کە ڕێچکەکانی ڕاکردن لێی بە خراپی نیشانە کراون و زۆرجاریش *، نیشتەجێ بن. نەوەیەکی نوێی ڕەخنەگرانی ئایدۆلۆژیا لەدایکبوون، بەڵام لە بەرانبەر کردارە نائومێدبەخشەکەیدا شتێکی وەهایان پێ نییە. هیچ یوتۆپیایەك، هیچ چارەسەرێك نییە، تەنیا ئەو هۆشیارییەی کە جیهانێکی فەنتازییەوە بۆ جیهانێکی فەنتازیی تر و لەوانەیە ئێمە سۆراخی ئەو فەنتازیایە بکەین کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەوانە لە مرۆڤ دانامالێت کە هەڵیانگرتووە. ئەم بەرەنگارییەی بەرانبەر ئەزموونگەرایی،

بەرانبەر بەڵگەی هەستی نەك بەڵگەی زمان خۆی، پۆست سترەكچراڵیزم دەكاتە هاوكارێكی رەزاقورس بۆ پرۆژەكانی زۆربەی مێژووناس و زانا كۆمەڵایەتییەكان.

دیدی پۆست سترەكچراڵیستیی ئایدۆلۆژیا رادیكاڵە و ئەو دیدەی دەیخاتەڕوو توندە. بەهێزییەكەی لە رەتكردنەوەیدایە بۆ بە ئاسایی وەگرتنی هیچ فاكتێك، بۆچوونێك و زەمینەیەك. لە هەمان كاتدا، ئەمە سەرچاوەیەكی لاوازییە لە ناو هەندێ لە پیادەكەرە كەمتر ئاڵۆزەكانیدا. شیمانەكانی گوتار لە هەر كۆمەڵگەیەكدا بە هۆی مێژووەكەیەوە و بەهۆی ئەو كۆت و بەندە كەلتوورییانەوە سنووردار بووە، كە هەندێ لە لێكدانەوە گوتارییەكانی جیهانی سیاسی بەربەست دەكەن و ژمارەیەكیان زۆر ئاڵۆزتر و سەرنجڕاكێشتر دەكەن لەوانەیتر. ئەوەش كەیسەكە نییە كە هەموو گوتارە دەربڕدراوەكان هەژموونین. لەوانەیە ژمارەیەك لە گوتارەكان لە هەر پنتێكی كات یان بۆشاییدا لەگەڵ یەكتریدا پێشبڕكێ بكەن. ئەم شیمانەیە بەهۆی پەسندكردنی پۆست ماركسیستییانە بۆ رێسای ماركسیی ئاماژەكردن بە ئایدۆلۆژیا وەكو تاك، تەمومژاوی بووە. هەڵبەت ئەمەش بونیادێكی گوتارییە كە وامان لێدەكات بە شێوازێكی دیاریكراو لە ئایدۆلۆژیا تێبگەین- شتێك كە، بە بڕوای كەسێك، راڤەكارانی شیكردنەوەی گوتار بە دانپێدانانی خۆشحاڵ دەبن.

# بەشی نۆیەم

## ئەنگێزە و کاردانەوەکان: بینین و هەستکردن بە ئایدۆلۆژیا


تاوەکو ئێستا، بەو شێوەیەی کە لە زمانی نووسراو وتراودا، لە تێکست و دەربڕینەکاندا هاتووە، پرژاومەتە سەر ئایدۆلۆژیا. ئێمە ئێستا دەبێت سێ بواری قووڵتر لەبەرچاو بگرین. یەکەم، ئایدۆلۆژیا لە زۆر فۆرمی نازارەکیدا دەردەکەوێت. دووەم، تەنانەت وەکو گوتاری تێکستی، ئایدۆلۆژیا ئەو چیرۆك و میتافۆرانە دەگرێتەخۆ، کە وەکو زمان بە شێوەیەکی راستەوخۆ شیاوی لێ تێگەیشتن نین. سێیەم، ئایدۆلۆژیا تەنیا پەیوەندی بە ئەقلانی و نائەقلانی، ئیدراکی و نائاگاییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەستیشەوە هەیە.

## وەرگرتنی وێنەکە

بە درێژایی مێژوو، ئایدۆلۆژیاکان لە رێگەی فۆرمە بینراو و وێنەییەکانەوە گوێزراونەتەوە. بە درێژایی سەدەی رابردوو، زیاتر لە هەرکاتێکی تر، بە هاتنەکایەی فیلم و تەلەڤزیۆن، بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵی هونەر و ریکلام، پەیامە بینراوەکان بوونەتە رێگایەکی کاریگەر و ئاسانی گەیاندنی بەیاننامە، ئاماژە و دۆخی سیاسی. رۆمانییەکان هەنووکە بەو هەستە دراماتیکییەی بینین دەزانن، کە بە شێوەیەکی زۆرداری و دڵڕەقانە لە گردبوونەوە نازییەکانی (نورمبێرگ)دا کۆپی کرایەوە. دیزاین و

ڕێکخستنی هاوسەنگی پلە سەربازییەکان، بەلاغی بلێسەئاسای سەرکردەیەك، کە بە ئاڕمە گەورەکان دەورە دراوە و کاریگەریی بیستنی هاواری سڵاو (sieg heils)- هەمووی بە شێوەیەکی کاریگەر کرۆکی ئایدیا نازییەکانیان گەیاند: هێزی جەماوەری لێکجیانەکراوە، پەیوەندیی سەرکردە بە خەڵکەوە، میلیتایزەکردنی ئیرادەی نەتەوەیی، هەماهەنگی و هاوڕێتمی دەربڕینی بەکۆمەڵ، ئەم ئایدیایانە لە یەك کاتدا لە سەر و دڵەوە هەڵدەمژران و پێویستە ئەزموونی بەشداریکردن لەم سروتەدا بیر نەچێتەوە.

وێنەکان زۆر جەوهەرین بۆ هەموو خێزانە ئایدۆلۆژییە گەورەکان- کۆتری ئاشتی سیمبۆلێکی نێودەوڵەتیی لیبراڵە، لە سۆنگەی سیاسییەوە بزاڤی سۆسیالیستی ڕەنگی سووری تایبەتکردوو. کۆمەنیستەکانی سۆڤیەت پۆستەر و پەیکەری زەبەلاحی ئەو کرێکارانەیان بەکارهێنا، کە پاڵەوانانە کەرەستەیەکی کاری سەختیان بەرز کردووەتەوە و کۆنسێرڤاتیڤە بریتانییەکانیش وێنەی سەگی (بوڵدۆگ) و ڕوخساری (وینستۆن چەرچڵ)یان لە حاڵەتی ددان داگرتن لەسەر جگەرە پیشانداوە، کاتێك ویستوویانە مکوڕی و ئیرادەی جەنگ و سەرکەوتن دەربخەن. بەڵام لەوانەیە وێنە بینراوەکان، جێگیر یان جووڵاو، لەوە ئاڵۆزتر بن و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان نەبێت بە خێزانە ئایدۆلۆژییە سەرەکییەکانەوە. پۆستەرە ژێرزەمینییەکانی لەندەن لەبارەی لادێی سەوزی پڕ بەرز و نزمی، فۆتۆگرافە دزێوەکانی ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ ئازاردانی خەڵك، بونیادە میعمارییەکانی بینایە گشتییەکان، کە هەستێکی جوانناسی یان ترس دروست دەکەن، ئیختیاری ڕەنگی پێست ئەو کاتەی، کە پۆلیس بۆ دابینکردنی دەرفەتی کار بەکارهێنراوە، هەموو ئەمانەش پەیامی سیاسییان هەڵگرتووە.



**١٣- گردبوونەوە نازییەکانی (نورمبێرگ)**

لەوانەیە زۆرێك لە وێنە بینراوەکان بەو تەکنۆلۆژییە هونەرییانە دابنرێن کە بە شێوەیەکی ئەنقەست، یان بە شێوەیەکی نائاگایانە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە ئایدۆلۆژییەکان دیزاین کراون. بۆ سەرکەوتن لەم رۆڵەدا، پێویستە ئەمانە هەندێ تایبەتمەندییان هەبێت. یەکێکیان سادەییە. ئەگەر ئەو تێکستە سیاسییانەی کە وەرگیرانیان لەلایەن جەماوەرەوە کردووەتە ئامانج، سادەکردنەوە بن لە رێگەی دەنگ و دروشمەکانەوە، هەر ئەم حاڵەتەش بۆ نواندنی وێنەیی راستە. ئایکۆنەکان، نیشانەکان و لۆگۆکان رێگاکانی سەپاندنی رستێك واتای (ئاسان هەرسکراو)ن بەسەر کەسێکدا. بیر لە چەکوچ و داسی کۆمەنیستی بکەرەوە، کە هێز لەگەڵ کاری سەرزەویدا لێکدەدات. ئەمانە بە هەمان شێوە پێویستە لە بەرچاو زاڵ بن، لە ناو زانیاریی تردا دەربکەون. بیر لەو ئاڵایە بکەرەوە کە لەسەر بینایەی باڵیۆزخانەیەك دەشەکێتەوە، کە پەناگەیەکە بۆ هاوڵاتیەکانی لەسەر خاکێکی بیانی. تایبەتمەندیی سێیەم مانەوەیە لە یادەوەریدا یان درێژیی کاتی مانەوەی کاریگەرییەکەی. وێنەکە پێویستی بەوەیە کە وەکو لەنگەر و وێستگەکەی، کاریگەری هەبێت بۆ رستێك پەیوەندیی دووبارە بۆ تۆکمەکردنی پەیامی ئایدۆلۆژی. بیر لە لۆرد کرشنەر بکەرەوە کە چۆن چاوەکانی بڕیووەتە تۆ و پەنجەی ئاراستەی تۆ کردووە لە ناو جەماوەردا: "وڵاتەکەت پێویستی بە تۆیە!" تایبەتمەندیی چوارەم ئەوەیە کە ئاخۆ لە رووی جوانناسییەوە دڵخۆشکەرە یان بێزارکەرە. هیچ شتێك جگە لە کرچ و کاڵی یارمەتیدەر نییە بۆ دوورخستنەوەی سەرنجی بینەر. بیر لە فۆتۆگرافی ئەو کچە ڤێتنامییە بچوکە بکەرەوە کە لە بۆمبە ناپاڵمەکان را دەکات. ئەوانەی کە لەوانەیە سکاڵای ئەوە بکەن کە ئەمە تەنیا بەرگە نەك ناوەرۆك، تێی نەگەیشتوون. چونکە بەدەستهێنانی پشتیوانی گرنگە بۆ کارکردنی ئایدۆلۆژیاکان. لەوانەیە بەرگ تێوەرپێچانێکی باش سەهۆڵەکە بشکێنێت، کۆسپی ئەو خوێندەوارییە ببڕێت کە زۆرێك لە خەڵکی دەڕەوێنێتەوە لە سەرنجدان لە وردەکاریی تێکستەکە. دواجار، وێنە بینراوە توندەکان، بەکەڵکن

بۆ وروژاندنی کاردانەوە هەستییە بەراییەکان، ئەو کاردانەوە سروشتییانەی کە خێراتر وەردەگێڕدرێن بۆ کردار، بەبێ ئەوەی کە لە رێگەی هەڵسەنگاندنی قووڵەوە بەدەست بهێنرێن.

هەڵبەت وێنە بینراوەکان لە رێگەی هاتنەکایەی کۆمیونیکاسیۆنە گشتییەکان، بۆ ئاستێکی باڵا بەرز بوونەتەوە. ماس میدیا ئاستێکی وەهای بڕین دابین دەکات، کە لە رابردوودا چاوەڕواننەکراو بووە و لێرەوە زەمینە بۆ ئەو سازدان و ئامادەکردنە خۆش دەکات کە ئایدۆلۆژیاکان هەڵیدەگرن. بە رێکەوت نییە کە تۆتالیتاریزمی فاشیست، ئایدۆلۆژیایەك کە لەسەر بڵاوبوونەوەی بەناو هەموو لایەنەکانی ژیاندا، گەشەی کرد- لە رێگەی پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ئەڵمانیای تەواو بە پیشەسازیبوو و بیرۆکراتیزەبوو، فۆرمی هەرە پێویستی خۆی دۆزییەوە. وێنەکان، فیلمەکان، سروتەکان و تەنانەت وتارەکانیش کە تیایاندا شێوەی گەیاندن زاڵترە لە ناوەرۆك (شارەزایەتییە بەلاغییەکانی هیتلەر لەبەرچاو بگرە لە کۆکردنەوەی تامەزرۆیی خەڵکدا لە رێگەی بەرزی و نزمی و ریتمەوە) هاوتاکانی خواردەمەنی خێران بە پەلە بەرهەم دەهێنرێن، لە زۆرترین سەرنجڕاکێشیدا دەپێچرێنەوە، بە جۆش و خرۆشێکی دەستبەجێوە و بە کاریگەرییەکی کورت مەوداوە، بەڵام بە سوودی دوورمەودای پرسیارئامێزەوە بۆ جەستە، دەخورێن. لە راستیدا، تەمەنی کورتتری ریکلامەکان و پۆستەرەکان، پیشانی دەدات کە ئایدۆلۆژیاکان، وەکو سیاسییەکان، کاریگەریی دەستبەجێیان بەلاوە باشە نەك دەسکەوتە دوورەکان. لەوانەیە زۆرجار مانەوە لە یادەوەریدا بکرێتە قوربانی قازانجەکانی تر.




**١٤- پۆستەری بەلشەفیکی، ئاهەنگ بە بۆنەی یەکی مایسی ١٩٢٠**

رەمزە بینراوەکان بە هەمان شێوە دوولایەنەیی گفتوگۆ و هەمواركردن دەرەوێننەوە، کە لە دیدی مۆرفۆلۆژییەوە، لە ئایدۆلۆژیاکاندا روو دەدەن. جوولەیەکی کەمی وەها لە پەراوێزەوە بەرەو ناوەرۆك هەیە، هەروەکو لە بەشی چوارەمدا تێبینی کرا، کە بەشی زۆری جوولەی ناوەکیی ئایدۆلۆژیای کشۆك بەرهەم دەهێنێت. وێنەکان، پۆستەرەکان، ریکلامەکان بەرهەمی تەواوبوون. راستە، لەوانەیە نمایشێکی بینراو، بە شێوەی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ، کاردانەوەیەکی بەهێز و بێگومان ریزێك لێکدانەوەی جیاواز ببزوێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی نواندنی رەمزییەکەی لەو فۆرمانەدا دێت کە بە بەردەوامی دێنە بەر چاومان و بیناییمان پڕ دەکەن، بە پێچەوانەی تێکستەکانەوە، کە دەبێت بە شێوەی ویستراو بپرژێینە سەری (دروشم لێرەدا حاڵەتێکی ناوازەیە). کاردانەوەکە بە دەگمەن شێوەی هەوڵدان بۆ گۆڕینی راستەوخۆی دەگرێتەخۆ. ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ لای هونەرمەندەکە، تا داوای لێ بکەین جارێکی تر پۆستەرەکە ئامادە بکاتەوە یان تابلۆکە بکێشێتەوە بەو شێوەیەی کە بە بەردەوامی دەکەوینە وێزەی ئەو تێکستە سیاسییانەی کە دەمانەوێ جێگۆڕکێیان پێ بکەین یان دەستکارییان بکەین- بۆ نموونە هەمواركردنی دەستوور. خەڵکی زۆر شارەزایانەتر لەسەر تەحەداکردن و گۆڕینی تێکستە وتراو و نووسراوەکان راهێنراون بە بەراورد بە وێنەکان، چونکە شارەزایەتییە زمانەوانییەکان زۆر گرنگترن لەو کەلتوورە گشتییەی تیایدا دەژین و لەبەرئەوەش کە ئایدیاکان یەکەمجار و پێش هەموو شتێك لە رێگەی زمانەوە دەگوازرێنەوە. بەڵام تەنانەت رێکخستنی بینایی تێکستەکان پەیامی خۆی هەڵدەگرێت. بڕیاری ئەمەی کە کام سەردێڕە لە سەری سەرەوەی لاپەڕەی یەکی رۆژنامەکە بێت و قەبارەی رێنووس و دیزاینەکەش، ئاستی ئەو گرنگییە پیشان دەدات، کە دەبێ خوێنەران بیدەنە پاڵ ئەوەی لە ژێرەوە دەگوزەرێت. وێنە بینراوەکان هاوتای سیستەمە ئایدۆلۆژییەکانیش نین. ئەمانە زیاتر ئەو یەکانە، توخمە بچوکانە و بڕگانەن کە کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامێکی چڕوپڕ لە ناو ئەو سیستەمانەی تیایدا جێگیرن.

رووبەرێکی نارۆشن هەیە لەنێوان بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی ڕێنمایی و بەڵگاندنە سیاسییەکان لەلایەکەوە و بەکارهێنانی مێتافۆر کە زۆرجار لە ڕێگەی هانابردن بۆ باکگراوندێکی تر کار دەکات ("ماستی مەییو"، "بەهەشتی خەونەکان"، "بیابانی کاکی بە کاکی"، "دەروازەی شۆڕش"). ئەمە بەهۆی ئامرازی تری ئەفسانە و بەسەرهات ئەگونجێنرێت. ئەمانە هەردووکیان دوو شێوازی خۆشیبەخشی وەرگرتنی دیدی ئایدۆلۆژین. ئەمانە چەند سێتێکی سەرنجڕاکێش و نوێی ئایدیا کۆمەڵایەتییە نوێکان دەخەنەڕوو، کە بە شێوەیەکی بەرچاو وەکو فۆرمی سەرگەرمیی زارەکی رووپۆش کراون. لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە وەکو ئەو گێڕانەوە پێناسەکەرانە دابنرێن کە بە خۆشەویستییەوە لەلایەن کۆمەڵگاکانەوە پارێزراون کە لەوانەوە وەکو میراتێکی نرخێنراو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. داوای (ماکیاڤیلی) لە (رۆمولوس) بۆ شرۆڤەکردنی فەزیلەتەکانی کۆماری رۆم، ئەو پێشەنگانەی کە بە درێژایی خاکی کیشوەری ئەمریکا رۆیشتن، گەشتەکانی پێغەمبەر موحەمەد، ئەفسانەکانی شا ئارسەر و ئینجیل، لە پێناو ئامانجی ئایدۆلۆژیدا سۆراخ و لاسایی کراونەتەوە.

زۆرجار ئەم تێکستانە نەك ئایدیاکان لە مێشکماندا، بەڵکو وێنەکان دەوروژێنن، وەکو وێنەی بینراوی جێگرەوە رەفتار دەکەن.

## سۆزە ئایدۆلۆژییەکان

سروشتی بیرهێنەرەوەی وێنە و ئەفسانە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییەی کە لە بەشی پێنجەمدا باسمان کرد. ئێستا باس لە گرنگی سۆز و هەستەکان لە ئایدۆلۆژیادا دەکەین. توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا دەریدەخات کە هەستەکان رۆڵێکی دوولایەنە دەبینن. لە ئاستێکی ئامێریدا، وەکو دەزگاکانی پەیام ناردن یان بەڵگاندنی ئایدۆلۆژی دەخرێنەکار. لە ئاستێکی قووڵتردا، ئایدۆلۆژیاکان فۆرمی سەرەکی بیری سیاسین بۆ قبوڵکردنی سۆز وەکو فۆرمی رەوا و لە راستیدا نەسڕاوەی دەربڕینی

سیاسی. ئایدۆلۆژیاکان وێنەدەرەوەی ئەو راستییەن کە رەفتاری کۆمەڵایەتی یان سیاسی بە تەواوی یان بە تەنیا ئەقڵانی یان بەرژەوەندگەرا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو و جەوهەری هەستییە. رێبازە سوودخواز و فەلسەفییەکانی تر کە لەم لایەنەی مرۆڤبوون و کارلێك لەگەڵ ئەوانیتر لادەدەن، لە مەترسیی لاوازکردن و بەکاریکاتۆرکردنی بواری سیاسیدان.

هەستیبوون و موخاتەبەکردنی هەستەکان، رێگای ناتەواوی بیرکردنەوە نین لەبارەی سیاستەوە. راستە، لە فۆرمە توندەکەیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵك بە هەیەجانی خەڵکی رەشۆکییەوە رەفتار بکەن. بەڵام دەربڕینی هەستەکان مەرج نییە کردەیەکی نائەقڵانی بێت. کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ماکس وێبەر، ئەقڵانیەتی ئامێری و بەهای لە یەکتر جیاکردووەتەوە. ئەوەی یەکەمیان ئەقڵانیەتی ئامراز-ئامانج وەکو پێوەرێك بەکاردەهێنێت بۆ حوکمدان لەسەر گرتنەبەری پڕەسکەوتترین سێتی ئامانجە سیاسییەکان. ئەوەی دووەمیان پەیڕەوی لە بەهایەکی دیاریکراو دەکات بە هەر باجێك کە تێی بچێت. ئەو گریمانە نەگۆڕاوانەی کە لە بناغەی هەر ئایدۆلۆژیایەکدا تێبینی کراون نموونەی ئەقڵانیەتی بەهان. لەگەڵ ئەوەشدا، مەبەستەکە ئەوەیە کە لە بەرگێکی هەستیی پارێزەرەوە دەپێچرێن. تەنانەت لیبراڵەکانیش لە ستایشکردنی بەهاکانی ئازادیدا تامەزرۆیانە دەدوێن و بانگەشەی هەڵمەت بۆ سەربەستی دەکەن. بەر لەوەی کە فەیلەسوفانی شیکاری، چەمکی دادپەروەری لە کاریگەری بخەن، لەوانەبوو لیبراڵەکان باس لەو "پشکۆ خۆگرتوو"ە بکەن کە سۆراخکردنە بەسۆزەکەی دایگرساندووەتەوە. زاراوەی وەکو ئیلهام، بیروباوەڕی پۆلایین، سۆز، جۆشسەندنی وێنای جەماوەر، هەموو ئەمانە دەکرێ لە گوتاری لیبراڵدا بەدی بکرێن. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەموو لیبراڵەکان مکوڕن لەسەر ئەوەی کە لە هەڵسەنگاندن و ئاراستەکردنی ئەو هەستانەدا رەخنەییبوونی خۆیان بپارێزن.

توندیی لکان بە ئایدۆلۆژیایەکەوە، روونکردنەوەیەکی ترە بۆ بونیادە تۆتالیتارییە شیمانییەکان. هەروەکو تێبینیمان کردووە، ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری، زۆرجار ئەنجامی

سەپاندنی واتای چەمکە سیاسییەکانە بەهۆی فرمانی سیاسی و زمانەوانییەوە. بەڵام دەشێت جڵەوکردنی سۆزەکان هەمان کاریگەری هەبێت. پابەندبوونی کەسێك بە ئایدۆلۆژیاوە چەندە زیاتر سۆزی بێت، ئەو سۆزیبوونە زۆرە زیاتر جێگەی پێویستبوونی کۆنترۆڵی زمانەوانیی دەرەکی دەگرێتەوە. هەروەکو لە حاڵەتی خستنەکاری تۆتالیتارییانەی مانادا، پشتگیریی سۆزیی چڕوپڕ بۆ ئایدۆلۆژیایەك رەقی و نائامادەیی بۆ هەماهەنگی دێنێتەکایەوە. ئەمانەش لەلایەن خۆیانەوە گۆڕان دەکەنە شتێکی مەحاڵ و کاتێك گۆڕان دێت، تەواوی پاکیجی ئایدۆلۆژی مایەی لێکهەڵوەشانە. کردارە هەستییە بەهێز، لەوانەشە توندوتیژەکان وەکو چیمەنتۆ رەفتار بکەن، کە رێگە لە گۆڕانی ناوەکیی واتای چەمکی لە ئایدۆلۆژیادا دەگرن. دەشێت ئێمە جارێکی تر تایبەتمەندیی ئیمانی ئایینیی سەرەڕۆیانە بهێنینەوە بیر خۆمان. بەڵام هیچ ئایدۆلۆژیایەك ناتوانێت هیوای سەرکەوتنی هەبێت ئەگەر مەبەستی بێت لە هەست پاك بێتەوە، نە دەشتوانێت پەیوەندی هەبێت بە واقعیەتەکانی رەفتاری مرۆیی. هیچ شیکردنەوەیەکی ئەکادیمیی بیری ئایدۆلۆژیش ناتوانێ تەواو بێت ئەگەر ژیانی هەستیی ئەندامەکانی کۆمەڵگە رەچاو و تاووتوێ نەکات.

# بەشی دەیەم

## دەرەنجام: بۆچی سیاسەت بەبێ ئایدۆلۆژیا

### هیچی لەدەست نایەت

ئەگەر گوتار، هەست، رەخنە، کەلتوور، هەموویان لەگەڵ چەمکی ئایدۆلۆژیادا بچنەناو یەکەوە و بۆ خۆیان بانگەشەی بۆ بکەن، ئایا هێشتا سیاسەت دەتوانێ بەرژەوەندییەکی تایبەتی پێشینە لە زاراوەکەدا رابگەیەنێت، ئایا لە کرداردا دەشێت "ئایدۆلۆژیا" وەکو رێگەیەکی قەدبڕ بۆ "ئایدۆلۆژیای سیاسی" بخرێتەکار؟ ئایا هیچ مانایەکی هەیە بۆئەوەی چەمکەکە تا ئەو ئاستە فراوان بکرێت، کە نیشانە جیاکەرەوەکانی لێڵ بن لەبەرئەوەی لە دەرباری گەلێك پاشادا خزمەت دەکات؟ چەمکی ئایدۆلۆژیا مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوی هەبووە و هێشتا بەسەر دەلالەتە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکاندا و لەنێوان شیکردنەوەی رەخنەیی و لێکدانەوەییدا دابەش بووە. کەواتە هیچ گرفتێك هەیە ئەگەر لێڵییەکەی بەهۆی بڵاوکردنەوەی لە نێوان چەندەها رشتەدا زیاتر بووبێت؟ بێگومان ئێمە دەزانین کە وشەکان گەلێك مانایان هەیە. ئەمەش رامانێکی جەوهەرییە بۆ توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا خۆی. شتێکی نکوڵینەکراویشە کە ئایدۆلۆژیا زاراوەیەکی خواستراوە و ناوبەناو لەلایەن رشتەکانی ترەوە قۆرخ دەکرێت. بە جیا لە دەلالەتە مارکسییە رەخنەییەکان و پۆست مارکسییەکانی، بە شێوەیەکی نابەدڵانە لەلایەن مێژوونووسانەوە وەکو هاوواتای

سیستەمێکی ئایدیاکان یان ئایدیایەکی رێکخەر و لەلایەن خوێندکارانی ئەدەب و کەلتوورەوە وەکو چەمکێکی رەخنەیی کە ئاماژەیە بە بونیادەکانی بالاّدەستی بەسەر هەر بابەت یان ئایدیایەکدا، بەکاردەهێنرێت. زۆرێك لەم ئاماژەکردنانە بە چەمکی ئایدۆلۆژیا سوودیان گەیاندووە بە دوورکەوتنەوەی لە سیاسەت، بەتایبەت لەو جۆرەی شیکردنەوەی سیاسیی بچوك کە لە بەشەکانی چوار و پێنجدا باسکراوە. تاوەکو ئێستا تەنیا خوێندکارانی سیاسەت پرژاونەتە سەر زۆربەی لایەنەکانی ئایدۆلۆژیا. بە دڵنیاییەوە ئەمە حاڵەتی "مرۆڤی سەرکەوتوو باجەکەی دەدات" نییە، بەڵکو باجەکە گەورەترین بەڵێندەری خزمەتگوزارییەکانی چەمکەکە، ئیمتیازی دانانی هەنگاوی گەشەکردنی و تاووتوێکردنی لەباردابوونی زیاتری، دەیدات.

لەم کتێبەدا من هەوڵمداوە ئایدۆلۆژیا بۆ سیاسەت بگەڕێنمەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە ئایدۆلۆژیاکان مومارەسەی دەسەلاّت دەکەن، نەك تەنیا لەبەرئەوەی کە مەرجە لە رەهەندێکی سیاسییەوە بوونیان هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کە توێژینەوە سیاسییەکان ناوەندێتییان بەخشیووە بە ئایدۆلۆژیا و زاراوەکەیان بە شێوازێکی بەدیارخەرانەی دیاریکراو قۆستۆتەوە. ئاڵۆزکاویی قووڵی ئایدۆلۆژیا و پێناسەی تایبەتمەندییە ناوەرۆکییەکانی، هەمووی بەرەو رشتەی سیاسەت، وەکو شوێنە هەرە گونجاوەکەی، وەکو ئەو شوێنەی کە تیایدا بەشێوەیەکی تەواو دەردەکەوێت و وەکو ئەو شوێنەی کە تیایدا تێکڕای تایبەتمەندییەکانی لە بەکارهاتندان رێنوێنیمان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەم شێوازانەی ناسینەوەی تایبەتمەندییەکانی، تەنیا پێشنیارگەلێك بن بۆ بەکارهێنانی وشەی "ئایدۆلۆژیا" نەك بەیانێکی کۆتایی لەبارەی چەمکێکەوە کە خۆی لە جەوهەردا ناکۆکی ئامێزە.

لە کرداردا، توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا، بە سوودبەخشترین شێوە وەکو توێژینەوەی واقیعیی بیری سیاسی ناسراوەتەوە، بیرکردنەوەی کۆنکریتیی کۆمەڵ (community)ە سیاسییەکان و لە ناو کۆمەڵە سیاسییەکاندا. بۆ هەر کەسێك کە بایەخ بە بواری سیاسەت دەدات، ئەو توێژینەوەیە زیادەیەکی بژارەیی نییە،

بەڵکو دەپرژێتەسەر ئەو جیهانەی ئایدیاکان و سیمبۆلەکان کە لە ڕێگەیانەوە بکەرانی سیاسی ڕێگای خۆیان ئەدۆزنەوە و لە فەزای کۆمەڵایەتییان تێدەگەن. کاریگەری دەخاتەسەر کردار و دامەزراوەکانیان و پێوەرەکانی چاوەڕوانی و ڕێنماییە ئەخلاقییەکانیان دیاری دەکات. لەوانەیە و لەوانەش نییە وەهمی بێت، لەوانەیە و لەوانەش نییە شتێکی تر لە دەرەوەی خۆی بنوێنێت، بەڵام لە سەرەتادا بە راستی زۆر گرنگ نییە کە ئاخۆ ئەوەی دەمانەوێ تێگەیشتنە لە چییەتیی بیرکردنەوەی سیاسی پێش ئەوەی بە شێوەیەکی رەخنەگرانە شیتەڵی بکەین یان رواڵەتەکانی ئاشکرا بکەین. بۆ شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکان پێویستە بچینە ناو دڵی سیاسەتەوە، ئەمەش پێویستی بە خوێندکارێکی رەزامەندە نەك بێ باك و نائومێد. سیاسەت لە بنەڕەتدا پەیوەندی هەیە بە بڕیاردانی بەکۆمەڵ و ڕێکخستنی ئەو ململانێیەی هەم لە پێش و هەم لە پاش ئەو بڕیارانەوە دێت. بیرکردنەوە لە سیاسەت هەمیشە بیرکردنەوەیەکی پێناسەکراوە لەلایەن، و ڕێکخراوە لەو ئاراستانەدا.

بۆیە بیرکردنەوەی لە ناکۆکی داماڵینانە و تاووتوێ کردنی- هەوڵەکانی ڕێگرتن لە مشتومڕ و میتۆدەکانی بەدەستهێنان بۆ تیۆرەی سیاسی جەوهەرین. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی سیاسەت چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، بیرکردنەوە لەبارەی سیاسەتیشەوە هەروایە. ئەمە چالاکییەکی دەرەوەی سیاسەت نییە، کە بکرێ دواتر بەسەریدا پیادە بکرێت- بیرۆکەیەك کە لەلایەن زۆرێك لە فەیلەسوفانەوە خراوەتەڕوو- بەڵکو بیر خۆی رەفتارێکی سیاسییە. ئایدۆلۆژیاکانیش ئەو جۆرە دەرەکییانەنین کە هەندێ لە زانایانی سیاسی پێناسەی دەکەن، ئەو جۆرە دەرەکییانەی کە جاروبار دێنە ناو جیهانی بەرژەوەندییەکان، ئەگەرەکان و شارەزایەتییەکانی سەرکردایەتییەوە. بەڵکو ئایدۆلۆژیاکان رەهەندێکی حەتمیی ئەم پێکهاتانەن، کە ئامادەیی سیاسییان پێدەبەخشێت و بەبێ ئەمانە ناتوانرێ دەربڕدرێن و بەرجەستە بن.

بەڵام تەنانەت ئەگەر ئایدۆلۆژیاش هەروا بە سادەیی کەوتبێتە قەڵەمڕەوی سیاسییەوە، چۆن کەسێك وەڵامی دەلالەتی تیۆرە رەخنەییە نێگەتیڤەکانی ئایدۆلۆژیا دەداتەوە بەوەی کە سەرتاپای گوتار ئایدۆلۆژییە؟ کەواتە چ شتێك ئایدۆلۆژی نییە؟ نەبوونی چەمکێکی جیاکراوەی ئایدۆلۆژیا، دەیگۆڕێت بۆ ئامرازێکی جیا نەکراوە. ئەمەش هۆکارێکی تر دەبێت بۆ بەگومان بوون لەبارەی خاڵە بەهێزەکانییەوە. زۆر بەکەڵکتر و دروستترە کە بڵێین گوتاری مرۆیی رەهەندێکی ئایدۆلۆژی هەیە، بەڵام ناتوانرێ کورت بکرێتەوە بۆ ئەو تاکە رەهەندە. ئێمە پەیڕەوی لەو رامانە هێرمنیوتیکییە دەکەین کە دەڵێت زیاتر لە رێگەیەك هەیە بۆ تێگەیشتن لە تێکستێك بۆ نموونە، لەوانەیە نرخی ئەدەبی، جوانناسی یان ئێتیکیشی هەبێت. هەروەها دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەموو رەهەندە ئایدۆلۆژییەکانی، هەمان گرنگییان نییە یان وەکویەك لە رووی فیکرییەوە سەرنجڕاکێش نین.

بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئایدۆلۆژیا پەیوەندی بە سیاسەت و ئەو بڕیارە بەکۆمەڵانەوە هەیە کە دەینوێنن، ئاماژە بەوە ناکەین کە ئەو بڕیارانە یەکەیەکن، نە دەشڵێین کە بایەخدانی پۆست سترەکچرالیستی بە پارچەپارچەبوونی ئایدۆلۆژی، مەرجە پەرتەوازەبوونی ئایدۆلۆژی بەدوادا بێت. یەکێك لە تایبەتمەندییە کاریگەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن (وپۆست مۆدێرن) جیابوونەوە زیادبووەکەیەتی و هەزاران ئەرك، رۆڵ و رێگەی گەشەکردنی جیا کە خەڵکی دەیگرنە بەر. لە سۆنگەی ئایدۆلۆژییەوە، ئێمە رووبەڕووی جیاوازبوون بووینەتەوە. توانای خەڵك بۆ هەڵبژاردن لەناو رستێك ئایدیا کە هەنووکە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن کەلتوور و رێکخراوە سیاسییەکانی لایەنگیری هەڵبژاردنی کەسی، رەوایەتی پێدراوە. لەکاتێکدا کە ئێمە بەشێوەیەکی روون جەختمان لەوە کردووەتەوە کە هێشتا زووە لیبرالیزم وەکو ئایدۆلۆژیایەکی سەرکەوتوو رابگەیەنین (و لەوانەشە بە حوکمدان بەهۆی سروشتی ناکۆکبوونی ئایدۆلۆژی، بۆ هەمیشە زوو بێت)، دەشێت ئێمە تێبینی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی لیبرالیزم بکەین کە کراوەیە لە بەرانبەر جیاوازبوونێکی وەهادا.

له ڕێگەی هاندانی هەمەڕەنگی و ڕەسەنی، لیبرالیزم له ئایدۆلۆژیاکانی تر گونجاوتره بۆ ڕاگرتنی ئاستێکی گەورەی جیاوازییه بونیادییەکان و جودایی. ئەمه هەمیشه لەناو ناوەرۆکه نەگۆڕەکانیدا ڕوودەدات، بەڵام ئەمانه، خۆشبەختانه بۆ کۆمەڵگه جیاوازبووەکان، هەڵکردنێکی بەجێ و لێرەوه پلورالیزمێکی بەجێ دەگرنەخۆیان. ئەو لیبرالیزمەی که شیمانەی پارچەپارچەبوون دەگرێتەخۆی به هەمان شێوه توندڕەوییه نیهلیستییەکان کۆت دەکات. ئەگەر نەیاریی ئایدۆلۆژی خۆگر بێت، ئەوا ڕێك بەهۆی ئامادەییەوەیه بۆ قبوڵکردنی هەمەڕەنگی وەکو شتێکی دڵخواز و وەکو دەوڵەمەندکەری حزب ولایەنەکانه بەم پلورالیزمه. به هەمان شێوه، ئەگەرێکی زۆر هەیه که سەرهەڵدانی لیبرالیزم که ڕێگەیدابێت به گەشەسەندنی جیاوازبوون، بۆیه ئێمه جارێکی تر ڕێگای دوو ساید، یان پەرتەوازەبوونی تیۆره و پراکتیکمان دەکەوێتەوه بەردەم. زانیاریمان لەبارەی مێژووی لیبرالیزمەوه به شێوەیەکی هۆشدارانه ڕێسایەکی چاوەڕوانیی یەکسان بۆ ئاینده بەرجەسته دەکات. هەموو ئەمانه بۆ پیاهەڵگوتنی لیبرالیزم نییه، بەڵکو بۆ ئاماژەکردنه به کۆکبوونی لەگەڵ مۆدێرنیتی و پۆست مۆدێرنیتی. له بەرانبەردا، ئەو لیبراڵ-کەپیتالیزمەی که زەمینه بۆ "گلۆبالیزم" خۆش دەکات، له ڕاستیدا ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازبوو نییه. ڕێگه به ئیختیاری بەکارهێنەر (مستهلك) دەدات، بەڵام به وریاییەوه له ڕێگەی بازاڕگەری و له ڕێگەی فۆرمه کاروەگەڕخەرییەکانی سەرکردایەتی، کۆنترۆڵی دەکات. ئەنجامەکه بریتییه له جۆری نوێی یەکپۆشی، نەك جیاوازی. ئەمه پارێزگاری له هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی دەکات که هاوشانی زۆرێك له ئایدۆلۆژیا نالیبراڵەکانی تر، پێگەیشتوویی هاوڵاتییان بێ نرخ دەکات، که لەم حاڵەتەدا کورتکراوەتەوه بۆ توانای کڕین تا بەچۆکداهاتن.ئەمەش نه خەباتی ڕاستەقینەی لیبرالیش بەهێز دەکات له بەرانبەر ئارەزووی فەرمانڕەوایان (سیاسی و ئابووری) بۆ ڕێبەرایەتی و ڕکێفکردن.

لەوانەیه یەکێك پرسیار بکات، ئایا توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا بۆ ئەوانەی، که هەروەکو فەیلەسوفانی سیاسیی نۆرماتیڤ (normative)، سوورن لەسەر ئەوەی

بیری سیاسی پەیوەندی هەیە بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باشترەوە چی لەباردایە؟ وروژاندنی پرسیارێکی وەها خۆی ئەدوێت. ئایا ئێمە پرسیارێکی ئەنترۆپۆلۆژیی وەهامان دەکرد بەو شێوەیەی کەپەیوەندی هەبێت بە تێبینیکردنی رەفتاری مرۆڤەکان لە کۆنتێکستە کەلتوورییەکاندا؟ ئایا ئامانجەکەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی باشترە؟ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەوانەیە، وەکو حاڵەتی شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکان. هەڵسەنگاندنێکی باش و گەڵاڵەکردنی چارەسەرە بەنرخەکان مەرجدارن بە تێبینیکردنی باش و لە هەمان کاتیشدا، لێکدانەوەی باش. هەربۆیە تۆنی رەخنەگرانەی بۆچوونی مارکسی بۆ ئایدۆلۆژیا گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەیەکی گشتی، زمانە پرۆفێشناڵەکانی وەکو فەلسەفە بۆ ئەوە دیزاین نەکراون کە گوێزەرەوەی باشی ئایدۆلۆژیاکان بن، هەروەکو چۆن ئایدۆلۆژیاکان گوێزەرەوەی ناتەواوی بەڵگاندنە فەلسەفییەکانن. ئەوەی کە بیرکردنەوەی سیاسی دەکاتە ئایدۆلۆژی، پەیوەندی هەیە بە پێویستیی زمانەوانی و پێویستیی لێکدانەوەیی بۆ هەڵبژاردن لە ناو واتا ناکۆکی ئامێزەکانی چەمکەکاندا، بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵ بەسەر زماندا کە کرداری سیاسیی بەکۆمەڵ ئاسان دەکات. هەڵبەت ئەمە، هۆکارێکی ئەکادیمی و تەکنیکییە بۆ حەتمییەتی نەیاریی ئایدۆلۆژی و بۆ ساختەیی و شیمانەییبوونی لەناکۆکی داماڵینی ئایدۆلۆژی و لەوانەیە لەلایەن راڤەکارانی ئایدۆلۆژیاوە بەرگری لێبکرێت. لەوانەیە ئەوەی کە ساختەیە هێشتا پێویست بێت، ئەگەرچی لاوازیش بێت. شیمانەیبوون خۆی دەبێتە شتێکی حەتمی. راستە، لە ناکۆکی داماڵین دەتوانێت ئایدۆلۆژیایەك بگەیەنێتە دۆخی هەژموونی و لێرەوە کاردانەوەی هەبێت لە بەرانبەر فرەیی کۆنترۆڵنەکراوی روانگە ئایدۆلۆژییەکان. بەڵام نەیاریی ئایدۆلۆژی لانی کەم لەژێر رواڵەتەوە بوونی هەیە، ئەگەر نەڵێین بە تەواوی بەرچاوە لە کۆمەڵگەدا. بۆیە، بۆئەوەی نەیاریی رەوایەتی پێبدرێت و بۆئەوەی گفتوگۆ پلورالیست بێت، پێویستە ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکان بە ئاسایی قبوڵ بکرێن و لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکەوە قبوڵکراو بن.

## ئایدۆلۆژیاکان وەکو سەرچاوەی سیاسی

ئەگەر مەرج بێ ڕەهەندێکی بیری سیاسی هەبێت کە ئایدۆلۆژییە، بۆچی ئایدۆلۆژیا شتێکی جەوهەرییە  بۆ رووبەری سیاسەت؟ پێگەی سێنتراڵەکەی دەرەنجامی چوار تایبەتمەندییەتی، کە هەموویان بنەمای زیاتر دابین دەکەن بۆ بەراوردکردنی ئایدۆلۆژیاکان. یەکەم، ئایدۆلۆژیاکان فۆرمی گشتیی دەربڕینی بیری سیاسین. سیاسەت تەنیا پەیوەندی هەیە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییە بەکۆمەڵەکان، ڕێکخستنی ململانێی لەناو کۆمەڵگەیەك و لەنێوان کۆمەڵگەکاندا. ئایدۆلۆژیاکان ڕێکخستنی ئەو بیرە سیاسییەن کە ئایدیا جەوهەرییەکان روون دەکاتەوە، گریمانەکان و ئەو لایەنگیرییە دەرنەبڕدراوانەی کە لەلایەن خۆیانەوە رەفتاری سیاسی ئاراستە دەکەن، ئاشکرا دەکەن. تا ئەو کاتەش کە ڕێز لە بیری سیاسیی بەربڵاو، گرنگ و ڕۆژانەی کۆمەڵگە دەگرین، ناتوانین وەکو پێویست سروشتی سیاسی روون بکەینەوە. شتێکی گشتی قەت ناتوانێت هەموو ئەوە بگرێتەخۆ کە پێویستە بیزانین، نە دەشبێت لەگەڵ شتێکی باودا تێکەڵی بکەین یان ڕێگەی بدەین ببێتە ناوازە، بەڵکو بناغەیەکی جەوهەری دابین دەکات بۆ گرتنی فشاری سیاسیی کۆمەڵگە.

دووەم، ئایدۆلۆژیاکان جۆری کاریگەری بیری سیاسین. زەمینەی بڕیاردان دەرەخسێنن کە بەبێ ئەمە کرداری سیاسی روونادات. ئێمە وەهای دادەنێین، بەبێ پاساو نا، کە ئایدۆلۆژیاکان ئامرازی دەسەڵاتن لە روانگەی فەرمانڕەوایانەوە و ئامرازی بەهێزکردنی هەڵبژاردنن لە روانگەی ئەندامانی کۆمەڵگەی کراوەوە. دواجار ئایدۆلۆژیاکان بۆئەوە دیزاینکراون کە موماسەرەی کاریگەری بکەن بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا یان لانی کەم بەسەر گروپبەندییە سیاسییە سەرەکییەکاندا لە هەوڵی ئەو کۆمەڵ و گروپانەدا بۆ گرتنەدەستی جڵەوی سیاسەت دارِشتن. ئاشکرایە کە ناتوانرێ کاریگەری سنووردار بکرێت بە پرسیاری ئەمەی کە کێ شەڕی سیمانتیکیی لەناکۆکی داماڵینی بردووەتەوە. بە هەمان شێوە پێویستە گرتنەبەری

واقیعیی بەڵگاندنێکی ئایدۆلۆژیی لە کۆمەڵگەدا لەبەرچاو بگرین. ئەمە بە واتای هەڵبژاردنی وریایانەی پنتێکە، لە کاتدا هەندێك جار ئایدۆلۆژیاکان چەند دەیەیەك و بگرە زیاتریان پێدەچێت تا وەکو هێزێك سەرهەڵدەدەن. بۆ نموونە ژانری سەدەی بیستی نیۆ-لیبرالێزم لە ١٩٤٠ەکاندا چەکەرەی کرد و لە ١٩٨٠کاندا پشکوت. وا دادەنرێ کە ئایدۆلۆژیاکان کاریگەرییان هەبێت، چونکە قورسایی پراکتیکییان هەیە، چونکە لەلایەن ژمارەیەکی گرنگی لایەنگیرانەوە پەیڕەوییان لێ دەکرێت و چونکە ئایدیاکانیان خاڵێکی هەستیاریان لە ئاگاییە نەتەوەیی و نیمچە نەتەوەییەکاندا پێکاوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارانە هەندێك کەس وەکو بونیادەکانی دەسەلات ترس و بێزارییان لەبەرانبەردا دەربڕیووە وەك بڵێی ئایدیاکان لەوە بێگەردترن کە بە پیسیی هەلپەرستی، ساختەکاری و چاوچنۆکی کە تایبەتمەندیی جیهانی سیاسەتن، خەوشدار بن.

سێیەم، ئایدۆلۆژیاکان نموونەی ئەفرێنەریی وێنایین و لەم رۆڵەدا دەرفەت و سەرچاوەی بیرۆکەیی دابین دەکەن، کە سیستەمە سیاسییەکان پشتی پێ دەبەستن. ئاشکرایە کە ئایدۆلۆژیاکان پێویستیان بە رادەیەك لە هەماهەنگیی و جێگیری هەیە و لەوانەیە کاراییەکی بەرچاو بەدەست بهێنن، ئەگەر هێزی ئەخلاقی لە ئەستۆ بگرن. بەڵام کەم و کورتییەکانیان لە هەموو ئەو لایەنانەدا، لەکاتێکدا کە لۆژیکناسەکان و فەیلەسوفە ئەخلاقییەکان نیگەران دەکەن، نابێتەهۆی ئەوەی کە لە کرچ و کاڵیی، وێنایی، تاقیکاری و ناوبەناو مەترسیداریی ئایدۆلۆژیاکان وەکو بەرهەمەکانی ئەقڵی مرۆڤ کەم بکاتەوە. ئایدۆلۆژیاکان نموونەگەلی ئەو زیندوویەتییەن کە لە رێگەی ئاوێتەکردنی حوکمی فیکری، رەزامەندیی هەستی و تەنانەت پرسی جوانناسییەوە بەدیهاتوون و جۆرەها بژارەی ئەگەری و هیوای کۆمەڵایەتی دەخەنەڕوو کە کۆمەڵگە دەتوانێ لێیان هەڵبژێرێت. وێڕای ئەمەش، توانای رێکخستنی مۆرفۆلۆژییان سوودێکی زۆر بە هێزی وێنا دەگەیەنێت تا بێ وچان ئەزموون و تێگەیشتن لە شێوە نوێکاندا ئاوێتە بکاتەوە.

چوارەم، ئایدۆلۆژیاکان پێویستیان بە ئاڵوویر هەیە. پێویستە بە شێوەیەکی ئاسان و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پێشوازییان لێ بکرێت. پێویستە لە زاراوەی ناپسپۆڕانەدا بگەیەنرێن و پێویستە لە سیستەمی کراوە و بەشداریگەرایانەدا هاوبەشی بکەن لەگفتوگۆ گشتییەکان لەبارەی ئامانجە سیاسییەکانەوە. بەهەمان شێوە پێویستە بیرمان بێت کە لە فۆرمی بینراو و تێکستیی جیاوازدا بەدی بکرێن. بۆ توێژەرێکی ئایدۆلۆژیا، تەحەدییەکە بریتییە لە رازیکردنی توێژەرانی تر لەمەڕ ئەوەی کە گوتاری نائاڵۆز شیکردنەوەی ئاڵۆز لانابات و بیرهێنانەوەیان لەبارەی ئەمەی، کە تەنانەت دەبێ کتێبە گەورەکانی فەلسەفەی سیاسیش چاوەڕێی "وەرگێڕان"ی باو بن ئەگەر بیانەوێ توانای ئایدۆلۆییان ئاسان بکەن.

تیۆرە کۆنەکانی چەقبەستوویی و دۆگماتیزمی ئایدۆلۆژیی ئێستا رێگە بۆ رێبازی تری کشۆکیی ئایدۆلۆژی خۆش دەکەن. نەك تەنیا ئەم تایبەتمەندییە یەکلاییکەرەوەیەی ئایدۆلۆژیاکان جیهانی سیاسیی هەنووکەیی پێکدەهێنێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر ئایندەکەی دادەنێت. بەرەوپێشچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دواتر، تەنانەت بە هەندوەرگرتنی ئەو شیمانە چاوەڕواننەکراوە حەتمیيانەی کە بەم ئاراستەیە نەك بەو ئاراستەیەدا پاڵیان دەنێن، بە شێوەیەکی کاریگەر بەرهەمی ئەو ئامرازە فیکری و تەکنیکییە هەنووکەییانەن کە لە بەردەستی کۆمەڵگەدان. ئەگەر ئایندەی گەشمان بوێت، پێویستە ئیش لەسەر ئەو ئەگەرانە بکەین و بەر بەو مەترسییانە بگرین کە لە ئایدۆلۆژیاکانی ئێستادا هەن.

# سەرچاوە

**Michael Freeden**

**Ideology**
**A very Short Introduction**

**Oxford University Press 2003**